رۆمانی

# ئەو دیوی مانگ تاریکستانە
(سێ رۆژ لە مێژووي شارێك)

نووسینی:
جەلیل محەمەد شەریف

ناوی کتێب: ئەو دیوی مانگ تاریکستانە (سێ رۆژ لە مێژووي شارێك)
ناوی نووسەر: جەلیل محەمەد شەریف
بابەت: رۆمان
تایپ : ئومێد عبدالرحمان جاف

کەرکووك: 2007

(ئەحمەدی لوڕ) 65 ساڵە هەگبەیەکی بەشانەوەیە، هەگبەکە دوو چاوی هەیە، چاوێکیان هەندێ گوڵە نیسان و گوڵە خاتوونە و حاجیلەی وشکەوەبووی تێدایە، گوڵەکان ژمارە و مێژوویان بەسەرەوەیە، هەندێکیان مێژووەکانی سەردەمی هەرزەکاري بەیاد دێننەوە، مێژوویەکی تر لە چوارچێوەیەکدا نووسراوە (1958)، یەکێکی تر (1961)، ئەوی تر (1970)...ـ گوڵەکان زۆربەیان بۆ ماوەیەکی زۆر بوو تیشکی هەتاویان بە خۆوە نەدیبوو، چۆرێ ئاویان نەنۆشتبوو، هەر هەموو سیس و کزو بێ خوڵك بووبوون، بەسەریەکا ملیان خوار بوو بۆوە. رەنگەکانیان کاڵبووبوونەوە لە ناچاریدا دەستیان کردبووە ملي یەکتري سەبووریان بەیەك دەهاتەوە. ناوبەناو بە گێرانەوەی رۆژانی دڵخۆشي فەرامۆشیان بەیەکتر دەبەخشي، چۆرێ ئاوی ئومێد و نەمریان بە دەمارەکانی یەکتري دەدا. پەیوەندییەکی رۆمانسي سەردەمی هەرزەکاری ئەم گوڵانە دەبەستێتەوە بە ئیمرۆي (ئەحمەدی لوڕ) بەتایبەتی بەم گوڵانە قەدپاڵي هێلي شەمەنەفەرەکەی (کەرکووك - هەولێر)ی بەیاد دێتەوە کە لە گەرەکی تەپەوە بەرەو هەولێر دەردەچوو لە شار. ئەو سەر هێڵە رێچکەی دوورکردنەوەی خۆي و چەندین قوتابي بوو لە رۆژانێکدا کۆڵکەزێرینەی هیواکانیان و ئاوازی سەرەتای سۆزی دڵداري و خەمەکانی نیشتمان پێکەوە بەستابوویانەوە. هەگبەکەی سەرشانی (ئەحمەدی لوڕ) لەلایەك بارگرانی بوو، لەلایەك واتای بەردەوامبوونی ژیانی پێدەبەخشي. هەگبەکە دوو چاو بوو، چاوەکان تەواوکەري یەکتري بوون. چاوی گوڵزاوەکە دەنگی دەوڵ و زورناو شمشاڵ و ئاگربارانەي (مەلا کەریم)و ئاوازی (گەنج خەلیل)ی کاوێس ئاغا و مەریەم خان لێوە دەبوون بە هەڵم و دەچوونە گژ لووت و گوێچك و مێشکی (ئەحمەدی لوڕ)دا. ئەگەر هەر ساتێ بیویستایە لەژێر باري خەمێکی قووڵدا دەرپەرێ، دەستی دەبردە کتێبە زەردەکەی ناو چاوی گوڵزارەکە، پەرە بۆن خۆڵاوییەکەی پاش باران ئاودیوی دەکردەوە بەرەو چل ساڵ و پەنجا ساڵي پێش ئێستای. پەرەکان لە

هەڵدانەوەدا قرچەیان لێوە دەهات، بەدەستییەوە دەیان ناڵاند، توانای دووبارە بوونەوە و ئەنجامدانی هیچ فەرمانێکی تازە نەبوون، دەهاتنە قسە: ئەرێ ئەحمەدی لوڕ ئێمە بەچی دەزانین هەرچەند حەزی مێ بازییەکەت بووژێتەوە، دەمانبەیتەوە ژوورەکەی عومەري حەمە قوت و ئایشەی خێزانی، کە بەرێکەوت (55) ساڵ لەمەوبەر بەچاوی خۆت وێنەی جووت بوونیانت دیبوو. هەرچەندەیش دڵت بۆ شایلۆغانێك لێبدا، شاییەکەی پێش (50) ساڵي جێ خەرمانەکانی گوندەکەت دەوردەکەیتەوە، ئەم کارەیش بە ئێمە رادەسپێري. خۆ ئەگەر خۆشەویستیت بەرامبەر بە دایکت سەرلەنوێ چووزەرە بداتەوە قسەی لەشکري بووك گوازتنەوەکەی ئەوسات بەسەردەکەیەوە کە دەیان گوت: پاخەسوو لە بووکەکە جوانترە. دڵت بەم قسەیە خۆش بوو، شانازیت پێوە دەکرد لەبەر ئەوەی پاخەسووەکە دایکت بوو. تخوا ئەحمەدی لوڕ بەسە وازمان لێ بێنە با لەژێر خەوی نەماندا لە دونیا غەیب بین.
ئەوا شایي و زەماوەندی بووك گواستنەوەی جاران بوو بە کەلتوورێکی لە مێشك سراوە. نە بووك لەسەر پشتی ماینێکی شێیەوە نە بەمدیوو بەو دیوێوە دوو پیاوی کامڵ پێیان گرتووە، نەوەك بەدەم رێگەوە ماینەکە ساتمە بداو بووکە بکەوێ، نەتاراو تورمەی سەر شەدەی سەري باوی ماو نە رێگە ئاسنینەکەی شەمەنەفەرەکەی لە تەپەوە دەردەچوو بەرەو هەولێر ئاسەواري ما، نە قەوان و گرامەفۆنەکەی چاخانەکەی (سەید عەلي) دەگاتە گوێچکت و لە مۆزەخانەیش نایان بینیتەوە، نە بەزمي شایلۆغاني ئیجازە وەرگرتني مەلایەکي گەنج لە مزگەوتێکا جارێکي کە بەرپا دەکرێ و ئاوازي (هەي نابێ نابێ...)ي سەید عەلي ئەسغەر و هەڵبەستي (ئەلفییەي ئیبن مالیك) جارێکي کە دەگاتەوە گوێچکت. هەگبەکەي سەرشاني کە هەڵیدەتەکێني، بۆني گۆرستانەکەي تەپەي لێدێ کە ئێوارانی پێش رۆژي جەژن قورئانێکت بەدەستەوە بوو، سوورەتي (یس)نت لەسەر ئەم گۆر و ئەوگۆر دەخوێندەوە ژناني خاوەن مردووەکان چەند پوول و پارەیان دەخستە

ناو چنگت. ئەوەندەت پێ خۆش بوو بەقەد هەموو ئەو جەژنانە، چونکە ئەم کارەت دەبووە مایەي زۆر بە تێري پارە لە سەیرانەکاني چەژندا خەرج بکەي و تێر سوار جۆلانە بي و تێر خواردني سەرپێیي لەو شوێنانەدا عافێتکەي.
لەو رۆژەوەي لە سەرچاوەیەکدا بەرچاوي کەوت کە خێڵەکەي خۆي یەکێکە لە خێڵەکاني (لوڕ)، ئەم وشەي (لوڕ)ە کارێکي سیحري لە دەروونیدا خووڵقاند، لەو رۆژەوە لەنێو چیني هاوتەمەني خۆیدا جاریدا کە ئیتر بە (ئەحمەدي لوڕ) ناوي بەرن. سنوورێکي ئەستوور کەوتە نێوان (ئەحمەد)ي مناڵ و هەرزەکار و لاو و نێوان (ئەحمەد)ي لوڕەوە.
چاوەکەي تري هەگبەکەي لەبەر ئەوەي چەندین لاپەرەي تەم و مژ و هەواڵي شەهیدبوواني سەر دیوارەکان و دەست برین و چاو هەڵکۆڵین و قەنارەي تێدا ئاخنراو بوو، بووەبووە بارێکي گران، بۆیە ئەم چاوەي هەگبەکە ناو بەناو بەلاي خۆیدا چاوەکەي تري پەلەکێش دەکرد و بەرەو خوار دەخزا، ناچار بە حەلوەلایەکي پر ئازارەوە سەرلەنوێ هەوڵي دەدا هەردوو چاوەکەي وەکو دوو چاوي تەرازوو هاوکێش بکا، بەڵام بێ سوود بوو.
دەڵێن مرۆڤ یەکجار لەدایك دەبێ، یەکجاریش دەمرێ، بەڵام وا دیارە ئەم یاسایە لە وڵاتي ئێمەدا هەڵوەشاوەتەوە و هەر مرۆڤێك چەندین جار مردووە و چەندین جاریش لەدایك بۆتەوە. رادیۆیەك و کتێبێك و دەفتەر و پێنووسێك لە زۆربەي قۆناغەکاني مردن و ژیانەوەي هاورێ بوون.
ئەگەر دەفتەرەکەي ون بوایە یان لێي قەدەغە بکرایە، ئەوە مێشکي خۆي دەکردە دیوارێك و رووداوەکان و ئازارەکان و سۆزەکاني لەسەر هەڵدەکۆڵي. خۆ ئەگەر رادیۆکەي سەقەت بوایە یان لێي قەدەغە بکرایە، مێشکي دەبوو بە ترانسستۆر و بە ئەندێشەي خۆي هەواڵ و دەنگ و باسەکاني وەردەگرت و لە ئەرشیفي شانەکاني مێشکي دەیپاراست. پەراسووەکانیشي دەبوون بە ژێي سینگی و

ئاوەزە نەمرەکانی پێ دەژەنی و گەرووە ناسکەکەی دەبوو بە سەرچاوەی پەخشکردنەوەی ئەو ئاوازانە.
لێتان ناشارمەوە هەندێ جاریش دیواري زیندانی تێ ئاخنی بوو نینۆکەکانی بە قەدەوە بوو کە ناوی مرۆڤە خۆشەویستەکانی لەسەر هەڵدەکۆڵی، بەڵام کردبووی بە پیشەی کە لەسەر هەرچەند ناوێکدا دەینووسي کوردستان. لەسەر ئەمەیش چەند جارێ باري ئازارەکانی گرانتر کردبوو.
یاسایەکی دەروونی لە شێوەی دێرە شیعرێکی شاعیرێکدا زۆر جار دەکردە بیانوو بۆ ئەوەی لە بیرەوەري گێرانەوەدا ئەوەندەی باسي رۆژە تاڵ و رەشەکان بکا، ئەوەندە باسي سەیرانی بەهار و دیمەنی دەوڵ و زورنا و ساتە خۆشەکان نەکاتەوە. ئەو یاسایەش لەم دێرەدا بە نموونەی رستەکانی سەر بەردەکەی حەمورابي نووسرابووەوە: (خەم دەوامی زۆرە، زوو دەروا لە دڵ سەیر و سەفا...).
خەم زۆربوون وەکو زۆري گژوگیا و بەرووبوومی رەزەکان، بەڵام بەرەکەی گوژاڵك و ژەهربوو. زۆرجار خەمەکانی دەژمارد، وا دیاربوو هیچ دەفتەرێك بەشي ئەوەی نەدەکرد هەموو خەمەکان لەخۆ بگرێ. ساتە خۆشەکانیش هەروەك بڵاچەبوون، هەندێ دونیای شەوە زەنگیان رووناك دەکردەوە، بەڵام تەمەن کورت بوون، هەر زوو نەیاران و جنۆکە و شەوەی رەزاگران دەستیان دەخستە بەر بینیان، هەناسەیان لێ دەبرین.
(ئەحمەدی لور) پێي سەیر بوو کە وڵات و نیشتمانێك هەبێ بە درێژایي ساڵ لەسەر یەك بار رەوت بکاو کۆسپ و ئاستەم نەیەتە رێي.
باوەری وابوو ئەمە تەنها لەناو مەتەڵەکانی خورافاتدا هەیە: (چۆن دەبێ خەڵك هەر لە خۆشیدا بن، ئەمە مەحاڵە. ئەی گیسکەکەی هەیاس بۆ خراوەتە نێو مەتەڵی کوردەواري، هەر لەبەر ئەوە نییە کوتومت رۆژگارەکانی خۆیان دەنوێنێ...؟).

زۆرجار لەگەڵ یەك دوو هاورێي خۆي ئەم بیرۆکانەی تاوتوێ دەکرد، بۆ ئەم پرسیارە زۆرجار وەڵامی جیاجیای لەم و لەو دەبیست:
- کورە کاکە ئەمەی تۆ دەیڵێي لە زۆر شوێن و وڵاتدا هەیە و دووبارە دەبێتەوە، برۆ ئەفریقیا و وڵاتە دواکەوتووەکان، هەموو لەژێر باري دەسەڵاتي تاکرەوی و رەگەزپەرستی ساڵەهای ساڵە دەناڵێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێمەوە دوورن هەست بە باري ژیانی پر ئازار و ناڵەباریان ناکەین.
- بەڵێ ئەم قسەیە راستە، لەوانەیە ئەوانیش هەستیان بە رۆژگارە رەشەکانی ئێمە نەکردبێ و ناکەن.
ئەحمەدی لوڕ خەمی ئەوەی هەبوو کە لەوانەیە باري سەرشانی خەڵکی شارەکەی خۆي زۆر گرانتربێ لەو بارەی بەسەرشانی شارەکانی تري گەلەکەیەوە هەبێ.
- من وای بۆ دەچم دەردی ئێمە زۆر گرانترە لە دەردی ناوچەکانی تري ئەم لاوو ئەولامان.
- دەسەڵات چییە...؟ دەبێ خۆمان فەرامۆشي بە خۆمان بدەین، رۆژ بەرۆژ ژانەکان لە دەفتەري یادەوەرییەکانماندا تۆمار بکەین، بۆیە ناوی شارەکەیان نابوو(شاري ژانەکان)، بە ئاوازێکی کە دەیبیستین هەندێ بیانرەوێنینەوە...
ئەحمەدی لوڕ هەر لەوساوەی کە هێشتا (ئەحمەد) بوو، گلۆڵەیەك لە دەروونیدا هاتووچۆي دەکرد، بووبوو بە گرێیەك جارێ سەرەو خوار، جارێ بەرەو ژوور دەبووەوە، چاوەرێي ئەو رۆژەی بوو سەر و سیمای ئەو گرێیە بۆ خەڵکان وەدەرخا. بە ئاشکرا لەسەر گردێکەوە پر بەدەم جاري بداو تەنها لەناو کودیدا دەرینەبرێ. بەڵام ئەم کردەوەیە زاتی دەوێ، ئەگەر بیکا دەورووبەرەکەی پەنجەی نارەزایي هەڵدەبرن و چاویان لێ ئەنجن ئەنجن دەکەنەوە، ئەمیش بە شەرمەوە و لە ترسا پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێ: (من مەبەستم ئەوە نەبوو). خەم و ژانی گلۆڵەکە وەکو دومەڵي شێرپەنجە لە گەورەبووندا بوو، رۆژ بەرۆژ ئامانی لێ دەبري، هەر دەبوایە لە کۆڵي خۆي بکاتەوە سا چی دەبێ بابێ....

(کوره خۆ ئێستا زۆربەی خەڵکان رۆشنبیرن...وەك جاران نەماون، شانازی بە ستەمکردن لە کەسانی تر ناکەن...پرنسیپي- یارمەتی برات بدە ئەگەر ستەمکاربێ یان ستەم لێکراو-ی عەرەب لە مۆزەخانەیش ژەنگی گرتووە و بە پولێك کەس نایکرێ....)۔
راستە ئەحمەدی لوڕ لەوەتی مێشکی بە سۆزی نەتەوایەتی زاخاو داوە و دەمی لە سیاسەت کوتاوە، لەسەر یەکەمین هێڵي دونیای سیاسەت نەماوە و هەر دوای ماوەیەکی کورت دەسبەرداري بووە و هێڵێکی تر ختووکەی شانەکانی مێشکی داوە. سەر مەشقەکانی دووەم هێڵ وەکو راستییەکی نەگۆڕ و نەمر لە دەروونیدا بنیات نابووەوە. هەموو جارێ کە لەگەڵ قوبادی یاساناسء ئەحمەدی شێخ و سەدرەدینی چیرۆکنووس بەیەکەوە تاوتوێي گرێکانی سیاسەتی ئەو سەردەمەیان دەکرد، ئەحمەدی لوڕ ئەم قەناعەتەی دووبارە دەکردەوە(هەموو شتێ لەم گەردوونەدا لە گۆراندایە، لە دۆخێکەوە دەچێتە دۆخێکی تر، بەڵام یەك شت شیاوی گۆران نییە، ئەویش ئەم بیرو باوەرەی ئێمەیە کە لەم دواییە کردمانە رێچکەی ژیانمان). ئەم سێ کوچکەیە لەنێو رێژەی قوتابیان و لاوان و تازە سیاسەت مەداران بە زەقي دیاربوون، هۆیەکەیشي ئەوەبوو کە بەم دواییە هێڵەکەیان گۆري بوو لە رێچکەیەکی لەوەوە پێشیان لایان دابوو. پێکەوە پاش نیوەروان پیاسەیان دەکرد و هاتووچۆي چاخانە و شوێنی رێکخراوە سیاسییەکانیان دەکرد. زۆرجار تووشي گفتوگۆ و مشتومر دەبوون لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەسەر رێچکەی هێڵە کۆنەکە مابوون، بەڵام ئەمان رۆژ بەرۆژ باوەریان بە خۆیان فرەتر دەبوو، ئەو کتێب و نامیلکە و رۆژنامەی دەیانخوێندنەوە وەکو هەسانێك بوون رۆژ بەرۆژ چەقۆي ئەو بیر و باوەرەیانی تیژتر دەکرد.
ئەحمەدی لوڕ لە کاتێکدا درێژی تەمەن پەنگی پێ هەڵچنیوە، چەند راستییەك بوونەتە سەرەنجام و کاکڵەی هەڵوێستەکانی ئەمرۆي. هەرچەندە لە کاتی هەرزەکاري و کەم ئەزموونی خۆیدا زۆر دڵي خۆش بوو بەوەی ئەو رێگە

تازەیەی گرتبوویە بەر. هەرچەند بیري لێ دەکردەوە وای دەزانی گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوە و لە ناوەراستی گۆلی حەقیقەتدا مەلە دەکا، بەڵام بەوە لە هەمان کاتدا خۆشەویستی و روح سووکی خۆي لەلای زۆربەی کەسوکار و دەوروبەري خۆي لەدەست دابوو.
ئەوەی لە بیر ناچێ کە هەر بۆچوونەکانی ئەم رێگە دووەمینەی وایکردووە خەم و ژانەکەی نێو چاوەی دووەمی هەگبەکەی سەرشانی ببێتە بارێك هەموو رۆژێ خوا خوای ئەوەی بێ دەست بەرداري بێ ئەم خەمە گەورەیە لە دایکبووی رۆژانی (14) و (15) و(16)ی تەمموزی ( 1959) یە، کە ئەوسا لەژێر دڵخۆشي هەستکردن بە سەرکەوتندا دیار نەبوو و زەقیش نەبوو، بەڵام لەوە دوا رۆژ بە رۆژ نشونمای دەکرد.
* * *
یەکەم رۆژ تازە تاریکی شارەکەی داپۆشیبوو، زۆر نەبوو هەتاو خۆي لەو رەوشە نائاساییەی ئەو شارە دوور خستبووەوە. دیاربوو رەوشەکە ترسناك و ئەنجامی رووداوەکانی سەر شەقامەکان شاراوە و نەزاندراو بوو. بۆیە هەتاوەکە بە نیگەرانییەوە چاوی خۆي لە دیمەنی ئەو رووداوانە شاردەوە.
ناوجەرگەی شار گرمەی پێکدادان و هات و هاوار و راکە راکە و دەستەو یەخە بوونەوە بوو. سەرەتای رووداوەکان پێش بە ئاوابوونی رۆژ بە کاتژمێرێك بوو، شەقامی (ئەتلەس ) قوتبي دەستاري ئەو رووداوانە بوو کە چەخماغەی داگیرسانی لێوە هەڵسا.
خەڵکانێکی زۆر بەوپەری سەرگەرمییەوە بەگژ یەکا چووبوون، نەیاندەویست گورەپانەکە بەجێ بهێڵن، بەڵام وا دیاربوو بەرە بەرە شەپۆلي ئامادەبوون و پەلاماردانەکە لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە بوو کە زۆربەیان کورد بوون و زۆربەشیان جلي کوردیان پۆشیبوو.
بەڵام ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە وایان بە باش زانی خۆیان بخەنە پەراوێزی رووداوەکان، بۆیە ئەو شەقام و کۆڵانانەیان گرتەبەر کە لەو شوێنە دووریان دەخاتەوە.

ئەوسا ئەحمەد لاوێکی حەفدە ساڵي بوو، دوو دڵ بوو کە لە کام پارچەی نەخشەی ڕووداوەکە خۆي بگرێتەوە، بەڵام وا دیاربوو لافاوي کشانەوە ئەمیشي ڕاپێچاو کە بەرەبەرە ڕووە و گەرەکي (تەپە) دەبووەوە، لقێکي تري ئاپۆرەکە لە پردي (خەبات) دەپەرییەوە بەرەو (ئاخور حوسێن) و (ئیمام قاسم).

جەماوەرەکە لە سوپاییەکي بێ سەرکردە دەچوو، لەبەر هەر کەسێ بە کەیفي خۆي بڕیاري لەسەر هەڵوێستي خۆي دەدا بە تایبەتي ڕووداوەکە لەناکاو بوو، توند و تیژي بوو، بۆیە ساتێ دەماري ئازایەتي و نەتەوایەتي شێتگیر دەبوو، ساتێکیش ترس و دوودڵي ڕێگەي هەڵاتني پێ دەگرتە بەر.

ئەحمەد و ئەو کۆمەڵە خەڵکەي کە لە شوێن ڕووداوەکەي شەقامي (ئەتڵەس) کشابوونەوە کە زۆربەیان کوردي هەرزەکار بوون، لەبیري ناچێ کە لەبەري ڕۆژئاواي پردەکە بیني سێ پیاوي کەواو چاکەتي دەستووري تورکماني لەبەر، بە لێوار خاسەوە بەرەو ناو شار دەبوونەوە دیاربوو لە ترسي جەماوەرەکە جەمەدانییەکانیان خستبووە باخەڵیانەوە بە ترسەوە دەیان پرسي: ئەوە چییە؟ چي ڕوویداوە؟. ئەحمەد بە سرنجي خۆي تێگەیشت ئەو سێ کەسە تورکمانن و ئەو پاش نیوەڕۆیە بۆ سەرگەرمکردني خۆیان و دوورکەوتنەوە لە هەر ڕووداوێکي توند و تیژي کە ئەو ڕۆژە سەرلەبەیاني پێشبیني دەکرا، شووشەکانیان هەڵگرتبوو دوور لە چاوي خەڵك چووبوونە لێوار چەمي خاسەدا بخۆنەوە، ساتێ هەست بە سەربەستي بکەن، نەیانزاني لەناو شار قەوماوە و شەرە بەرد و شەرە دارە. بەڵام بەپێي بارودۆخي ئەوساي شارەکە لە گەرانەوەیاندا هەستیان کرد نا ئارامییەك ڕوویداوە، خواخوایان بوو ئەو کۆمەڵە هەرزەکارەي تووشیان بوون نەزانن تورکمانن، ئەگەر نا تووشي ئازاردانێکي گەورە دەبوون بەتایبەتي لەو ساتەدا کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە تازە لە شوێني پێکدادانێکي گەرمي نێوان کورد و تورکمان کشابوونەوە، ڕوویان لە گەرەکەکاني خۆیان دەکرد.

ئەحمەد لەبەر هەر هۆیەك بێ حەزي بە پێكدادان و خوێن رشتن و ستەم كردن نەبوو، لە كاتي وادا ترسي لێ دەنیشت. بۆیە لە كانگاي دڵییەوە لەو كاتەدا حەزي بەوە دەكرد كە ئەو سێ پیاوە بە سەلامەتي بەرەو گەرەكي خۆیان شۆر ببنەوە.
لە هەمان ساتدا دیمەنێكي دیكە لە ناخەوە هەژاندي، بیني ئۆتۆمۆبیلێك بەرەو پردەكە پێچي كردەوە رووەو ئیمام قاسم، لەژێر فشاري هەستي هەڵچووني ئەو كۆمەڵە خەڵكە درایە بەر بەرد و چەندین پەلاریان تێگرد. كابراي شۆفێر لە تاوا خێرا لەبن هێرشەكەیان ئۆتۆمبیلەكەي دەرپەراند، ئەحمەد چاوي پێوە بوو كە ئۆتۆمۆبیلەكە گەیشتە ئەوپەري پردەكە، بەڵام وا دیاربوو جەماوەرێكي زۆري تر لەوبەرەوە رووي هاتن بەبێ ئەوەي بزانن كێیەو كێ نییە پەلاماریان دا. شۆفێرەكە برێكي كرد و پشتاو پشت گێري گۆري بە خێراییەكي تیژرەوەوە هەر بەسەر پردەكەدا بەرەو دوا گەرایەوە، خەڵكەكەي ئەمبەر كە بینیان ئۆتۆمۆبیلەكە بەرەو دوا هاتەوە ویستیان نەهێڵن بە سەلامەتي دەرچێ، بەڵام كابراي شۆفێر لە ترسي گیاني خۆي خێراییەكەي فرەتر كرد و ویستي هەرچي چۆنێك بێ ئەو كۆمەڵە خەڵكە لە ترسا رێي بۆ خۆشكەن، خەڵكەكە ناچار خۆیان لێ لادا، بوونە دوو بر. ئۆتۆمۆبیلەكە بەوپەري شپرزەییەوە تواني خۆي رزگار بكا، لە دواوە قیرەو هاوار جوێندان ئاراستەي كرا، بەڵام بێ سوود.
هەستە مرۆڤییەكەي ئەحمەد واي لە مێشكیدا چەسپاندووە كاڵبوون و لەبیرچوونەوەي ئەو دیمەنە مەحاڵە. ئەحمەد بەچرپە بە یەكێكي تەك خۆیەوە وت: دەزاني ئەمەي ئێمە دەیكەین ستەمەو كارێكي پیاوانە نییە؟!. بەڵام ئەو كەسە تێیگەیاند لەو ساتەدا ئەم قسەیە لەوانەیە ببێتە هۆي كوشتني، دەنگ نەكردن باشترە ئەمیش سەري بۆ لەقاند و دەمي داخست. لەوانەیشە چەندین كەسي تر هەمان هەڵوێستیان بووبێ بەڵام لە ترسي ئەوەي نەوەك لافاوەكە رایان پێچێ، خۆیان گێل و بێ دەنگ كرد.

ئەم ڕووداوە بچووکانە لە پەراوێزي ڕووداوە گەورەکەدا دەهاتە کایەوە. هەرچەندە بچووکیش بوون، بەڵام کاریگەرییەکي دەروونی قووڵي لاي ئەحمەد هەبوو. لەم دوو وێنەیە کاریگەرتر وێنەي هێرش کردني ئەو حەشاماتە بوو بۆ سەر ئۆتۆمۆبیلێکي بچووکي تر کە دیار بوو سەرنشینەکاني بە مەبەستي دوورکەوتنەوە لە ئاژاوە و پێکدادانەکاني ناو شار هەڵاتبن، بەرەو ماڵي خۆیان بە خێرایي دەچوون. هۆي ئەوەي کە ئەم وێنەي سێیەمە کاریگەتر بوو، ئەوە بوو کە سەرنشینەکان جگە لە شۆفێرەکە ئەوانی تر ژن و منالً بوون، کاتێ پێشیان لێگرت ناچار ڕاوەستا، چەند کەسێکی ئەو خەڵکە لە هەموو لاوە میناکانی ئۆتۆمۆبیلەکەیان دایە بەر دار، دەنگی شکانی جامەکان تێکەڵ بوو بە قیژە و هاواري ژن و منالًەکان. ئەو دەنگ و هاوارە لە ناخەوە ئەحمەدی هەژاند، بە دەنگێکی بڵند ویستی بەشداري ڕاگرتنی ئەو هێرشە بکات، هاواري کرد: (کورە منالً و ژنی تیایە...مەکەن..گوناهە..عەیبە..) هەرچی چۆنێك بێ شۆفێرەکە بە هێواشي و بەرە بەرە توانی ئۆتۆمۆبیلەکە لە نێو ئەو لافاوەدا بجولێنێ و کە گیشتە تەنکایي پای پێدا هێنا. هۆیەکی تري کارتێکردنی ئەم وێنەیە ئەوەبوو ئەحمەد زانی خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکە کێیە...
کاتێ ئەحمەد و چەند کەسانێك گەیشتنە کۆڵانەکەی خۆیان، بینی خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگاکانیان کۆمەڵ کۆمەڵ ڕاوەستاون، هەرکەسێك لەناو شار بگەرایەوە دەیان پرسیاریان ئاراستە دەکرد(ئەرێ کاکە چی ڕوویداوە؟ دەڵێن ناو بازار شەرە...چیتان دی؟ کوژراو هەیە؟ مەسەلەکە چۆن بوو...؟...هەر بەردەوامە...؟).
ئەحمەد هەرچەندە وەڵامی هەندێ لە پرسیارەکانی بە تەواوی نەدەزانی، بەڵام کەم و زۆر هەندێکی بە کورتی وەڵام دەدایەوە...
هەرچەندە ئەو ڕۆژە ڕۆژی یەکەمی پێکدادانی هەردوو لایەنی سەرەکی خەڵکی ئەم شارە بوو، لە ڕاستیدا ململانێکە هەر لە ڕۆژی یەکەمی شۆرشەکەی تەمووزەوە

دەستی پێکردبووء رۆژ بە رۆژ توندترو بەربەڵاوتر دەبووەوە.
هەر لایەنەو دەیوست شوێن پێي خۆي قایم بکاو ئەوە بسەلمێنێ کە خۆي خاوەني شارەکەیەو هەر خۆي مافي ئەوەی هەیە خاوەن دەسەڵات بێ و کاروباري سیاسيء کارگێري خۆي نەخشەی بۆ بکێشێ و بە کەیف و بەرژەوەندی خۆي ئاراستەی بکا. کاتێ رۆژانی ئاهەنگی یادەوەري ساڵانەی یەکەمی شۆرشەکە نێزیك دەبووەوە، هەر لایەنەو دەیویست جەماوەري خۆي ئامادە بکا بۆ گێرانی ئاهەنگەکان و رەنگ کردنی شەقام و گۆرەپانەکان بەو رەنگ و ئاوازەی کە کەسایەتی خۆي دەردەخاو دەیکاتە جلەوگیري مەراسیمەکانی ئەو بۆنەیە.
ئەم خۆئامادەکردنە بە دروستکردنی چەندین تاقء کەوانەی سەرکەوتن لەسەر شەقامەکان دەستی پێکردو بە رازاندنەوەی دەرگاو دەروازەی ماڵ و کۆڵان و دامەزراوەکانی رەسمی و نارەسمی بە ئاڵاو قوماشي رەنگاو رەنگ و نووسینی دروشمی سیاسي و بە وێنەی(عبدالکریم قاسم) و شتی سەرنج راکێشەرو نائاسایي.
رۆژی پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکان، شاري کەرکووك دەریایەکی نائارام بوو، شەپۆلەکانی لە جموجۆڵ نەدەکەوتن، خەڵکی شار بە زۆري رژابوونە ناو بازارو شەقامەکان. کورد و تورکمان ئەو رۆژە هەوڵیان دەدا بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیان شەقامەکان برازێننەوە، تورکمانەکان رۆڵیان لەناو رێکخراوە جەماوەرییەکان و حیزبەکان کەمتر بوو لە رۆڵي کوردەکان. بۆیە تورکمانەکان باش دەیانزانی بەشداربوونیان لە رێپێوانەکەی رۆژی دوایي کەم دەبێء بەرچاوی نابێ و رێپێوانەکە پروپانگەندەیەکی باش دەبێ بۆ نەیارەکانیان.
هەر لەبەر ئەوە ویستیان دەست پێشخەري بکەن، شێوە رێپێوانێکی پچرپچر لە شەقامەکاندا لە رۆژی (13) ی مانگ و تاقي بەیانی (14)ی مانگ بە ئەنجام بگەیێنن، بەڵام هەڵچوون و گرژی پێیانەوە دیاربوو، وەك بڵێي لە بیانوویەك

بگەرێن دا ئەوە نیشان بدەن کە ئەوانیش کەمترنین لە لایەنەکانی تر لە ژمارەو تواناو زاڵبوون بەسەر شەقامی سیاسیدا. ئەمە جگە لە جیاوازی هەڵوێستی سیاسیان لە بنەرەت و نائاشکرادا.
سەرلەبەیاني ئەو رۆژە ئەحمەد و سێ هاورێي گەرەکەکەیان بەرەو ناو بازار لێژبووبوونەوە. هەر چواریان جلي کوردي لە بابەتي رانك و چۆغەیان لەبەر کردبوو. ئەم جۆرە جل و بەرگە بەتایبەتي لە دواي شۆرشي تەمووزەوە بڵاوبووەوە، ئەوەي لە هەموو ژیانیدا جلي کوردي لەبەر نەکردبوو، لەم ماوەیەدا ئەم جلەي لەبەرکرد بەتایبەتي لە ئاهەنگەکان و شایي و جەژنەکانا. باوکي ئەحمەد لەو کەسانە نەبوو هەر لە خۆرا ئەم جۆرە جلە بۆ کورەکاني بکرێ، بەڵکو دایکي لە ئاست پارانەوەیدا دڵي نەرم بوو، سێ دیناري دایێ بۆ ئەوەي دەستێ جلي کوردي بکرێ، ئەمە پاش چەن و چوونێکي زۆر....
- کورم بەخوا هەرچەندە دڵت ناشکێنم، بەڵام حەزیش ناکەم بەزەقي لەناو کۆمەڵدا دیاربي خۆت دەزاني ناحەزمان زۆرن.
- دایە بۆچي هەر من جلي کوردي لەبەر دەکەم...؟ برۆ بازار یەك پارچە جلي کوردییە، ئا ئێستا شارەکەمان وەکو شاري خۆمان بەرچاو دەکەوێ.
باوکی هەڵي داێي:-
- خوا بکا تا سەر بێ...من ئەوەندە دەزانم بازرگانەکان بەسایي ئەو رۆژەوە دەوڵەمەند بوون، وای لێ هاتووە جلي کوردی لە شارەکانی ترەوە دەهێنن و بە کەیفي خۆیان نرخی لەسەر دادەنێن..
- باوە ئەم دیاردەیە هەر لای ئێمە نییە، بەڵکو کاردانەوەیەکی ئاشکرای هەیە لەلای تورکمانەکانیش لەو رۆژەوەی بەرە بەرە جلي کوردی لەناو شاردا بۆتە باو کە جاران تەنها لە لادێکاندا بەرچاو دەکەوت، تورکمانەکانیش گەران بۆ ئەوەی بابەتێك جل بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن ئەویش کەواو چاکەتە. بەڵام جیاوازی لە جۆري کەواو

چاكەتەكەی كورد لەبەر دەكەن، پشدێنەكەو شێوەی بەستانی جەمەدانییەكەیە.
- بەخوا كورم خۆ هەرچەندە ئەوان بە جلي خۆیان دایبنێن، لە بنەرەتا ئەو كەواو چاكەتەش جلێكی كوردییە و هەر كەواو سەڵتەكەیە، بەڵام گۆرانكاري بەسەرداهاتووە.
- گرنگ ئەوەیە ئەمرۆ گەورەو گچەكەیان وەك جلێكی نەتەوەيي لەبەري دەكەن.
ئەحمەد و هاورێكانی چێشتەنگاو لەناو بازار و شەقامەكان بوون.
هەزارانی وەكو ئەوان رژابوونە نێو شار، لەبەر ئەوەی جار درابوو كە بۆ رۆژی دوايي رێپێوانێكی گەورە لە شارەكەدا دەكرێ، خەڵكان بە پێویستیان نەدەوانی رۆژی (13)ی مانگ هیچ چالاكییەكی ئاهەنگ ئامێز بخەنە روو، ئەمە بە پێچەوانەی توركمانەكان بوو لەبەر ئەوەی نیازیان نەبوو لەو رێپێوانەدا بەشداربن. ئەمرۆ بە هەموو جۆرێك بە شێوەی كۆمەڵ كۆمەڵ لە شەقامەكاندا بە چەپڵەو رێزان و دەنگی بەرزو بە زمانی خۆیان گۆرانیان دەوت و هاواریان بە ژیاني (عبدالكریم قاسم) دەكرد، هەرچی كوردەكان بوو خۆیان لێ گێل دەكردن و ئەو جموجۆڵەیان رەنگدانەوەی لای ئەوان نەبوو.
- چاوتان لێیە چۆن بەدەم هاواركردنەوە مشتەكۆڵە بەرز دەكەنەوە كە پریە لە واتای هەرەشە....؟.
- گۆیان مەدەنێ هیچ نییە...بڵقي سەر ئاون بە فویەك تەفروتونا دەبن.
- داوای تەمەن درێژی دەكەن بۆ (پێشەوا) ، بەڵام هەموو كەسێ باش دەزانێ درۆ دەكەن، ئەگەر دەستیان بروا لە ناوی دەبەن، ئەوەیش لە رقي ئێمە.
- نەیخۆن تاڵە، ئەو قلە خورمایەي دەیخۆن، ناوكەكەی لە گیرفانی ئێمەدایە...
لەو كاتانەدا بنكەي هەردوو حیزبي شیوعي و پارتي بەوپەري ئامادە باشییەوە ئەندامەكانیان لە هاتن و چووندا بوون، بە بەردەوامي خەریكي نەخشەداناني ئەوە بوون چۆن رێپێوانەكەي سبەینێ ئامادە بكەن و جەماوەر و

رێكخراوەكان هانبدەن بۆ بەشداريكردنيان تێيدا. جلەوي سەرەكي بەدەست حيزبي شيوعييەوە بوو، بەڵام ئەو جەماوەري پەيوەند بوو بە هەستي كورداية‌تييەوە زۆرتر گوێ رايەڵي دروشم و ئاراستەكردنەكاني پارتي بوون.
هەرچەندە سەركردايەتي هەردوو لا كۆك بوون لەسەر ئەوەي رێپێوانەكە يەك پارچە بێ و بە هاوكاري هەمووان بێ، بەڵام لە راستيدا ئەندامان و لايەنگران و هەوادارانی ئەو دوو هێزە سياسييە سەرەكييەي ئەو رۆژە لە كاتي ئەنجامداني رێپێوانەكەدا تێكەڵاو نەبوون، سەركردايەتي و كاديرەكاني هەر لايەكيان پێشرەوي جەماوەرەكەي خۆيان بوون. ئەو رستەو دروشمانەي بەدەنگي بەرز دەيانگوتەوە هەندێ جياوازي هەبوو، دروشمەكاني شيوعييەكان زۆربەي بە عەرەبي نووسرا بوون، كەمێكيش بە كوردي.
بەپێچەوانەوە دروشمەكاني جەماوەري پارتي هەڵيان گرتبوو، زۆربەيان بە كوردي نووسرابوون، كەمێكيان بە عەرەبي.
نيوەرۆي (13)ي تەمووز ئەحمەد و براكاني لە ماڵي خۆيان يەكتري گيربوونەوە، هەريەكەوە بەجۆرێك ئەو ديمەنانەي كە ئەو رۆژە ديبوويانن لەناو شار دەيانگێرايەوە و لێكيان دەدايەوە. لە زۆر خاڵدا كۆك بوون، لە هەندێ خاڵي ديكە هەڵوێستيان جياواز بوو...
- بەو خوايە ئەمرۆ بازار و شەقامەكاني ئەوقاف و مەجيدييە و ئەتڵەس بۆني خوێنيان لێدەهات.
- وا ديارە تۆرانييەكان نيازيان خراپە... وابزانم ئاهەنگەكەي سبەينێمان لێ تێكدەدەن.
- نا ماقووڵييان كردووە، هێز نييە بەرامبەر بە هێزي گەل بكۆكێ.
- ئەي ئەوانيش بەشێك نيين لەم گەلە...؟.
- نەوەڵڵا ئەوان خۆيان فرۆشتووە بەدوژمناني دەرەوەي سنوور، بە رێنماييەكاني ئيستعمار دەجووڵێنەوە، خەريكن لەگەڵ نياز خراپانا پيلان بگێرن دژ بە پێشەوا و شۆرشەكەي (14)ي تەمموز.
باوكيان ماوەيەك هەستي راگرت.. ئەوجا هاتە قسە:-

- کورەکانم هەرچییەك دەڵێن بیڵێن... بەڵام خۆتان لە قەرەي توند و تیژي مەدەن... وا بکەن نەشیش بسووتێ نە کەباب... زۆر سینگي خۆتان مەبەنە پێشەوە با زۆر بەرچاوي نەبن... ئێمە چیمان لە چیدایە...
- ئەي ئەگەر ئێمە نەبینە پارێزەري وڵات و شۆرش، کێ بیکا؟!
- بەخوا بابە ئێمە ناتوانین خۆمان لە ئاست ئەم ململانێەدا گێل بکەین...
- ئەوەي لە حیزبێکدایە ناتوانێ بێ لایەن بێ، بەڵام من لە خوا بەزیادبێ پەیوەندیم بەهیچ حیزبێکەوە نییە و یەکێکم لە جەماوەري ئەم شارە و لە پەراوێزەوە بۆ خۆم دەژیم، بەڵام ئەوەندە هەیە کوردایەتییەکەم لەبیر ناکەم.
دیار بوو ئەم قسەیەي ئەحمەد قسەي ئەو رۆژەي بوو و راستیش نەبوو، لەبەر ئەوەي لە رێکخراوي پارتي بوو، ئەندامي لاوان و قوتابیانیش بوو، چالاکییەکي زۆریشي لەو رێکخراوانەدا دەکرد و رێنماییاني پیادە دەکرد.
هەرچەندە چەند مانگێك لەوە دوا کاري سیاسي چالاکییەکاني خۆي گواستەوە بۆ ناو ریزەکاني حیزبي شیوعي. ئەویش وەکو زۆربەي خەڵك قولابي حیزبایەتي راوي کردبوو و لەگەڵ گێژنەکەیدا دەسوورایەوە. ئەم وتووێژانەي ئەو رۆژە بەدەم نیوە رۆژەکردنەوە ئاڵوگۆریان دەکرد، کاردانەوەي بارودۆخي ئەو رۆژەي شارەکە بوو.
هەرچەندە ئەم کاردانەوەیە لە هەر گەرەکێك و توێژێکی کۆمەڵي کەرکووکدا بە جۆرێکی جیاواز بوو لەوی تر.
لەگەڵ ئەوەیشدا کە گەرەکی (تەپە) کە (شامل یەعقووبي) بەرێوەبەري شارەوانی دوا دوایي سەردەمی پاشایەتی ناوی گۆريء کردی بە (ئەڵماس) زۆربەی خەڵکەکەی کورد بوون، بەڵام تاك و تەرا تورکمان و مەسیحی تێدابوو.
هەروەها هەندێ لەو عەرەبانەی کە بە تایبەتی لە (شەرقاگ)ەوە هاتوون و لە کۆمپانیای نەوت دامەزرابوون، لەم گەرەکەدا جێگیر بووبوون. عەرەبەکان رۆڵێکی

ئەوتۆیان نەبوو لەو زۆران بازییەی لە نێوان کورد و تورکماندا لەو رۆژانەدا لە ئارادابوو.
ماڵێکی تورکمان بەرامبەر بە ماڵی ئەحمەد بوو کە کەوتبووە خانووەکانی کرێکارانی نەوت لەم گەرەکەدا، کە بە ماڵي کەمال و جەمال ناسراوبوو، بەهەڵسوکەوتی ئەو ماڵە وا دیاربوو کە گیانی تورکچێتیان بەرزبوو، ئەمەیش لەو شەرو ئاڵۆزییەی لە نێوان ئەوان و ماڵێکی هاوسێي ماڵی ئەحمەددا لە سەردەمی پاشایەتی روویدەدا، هەموو جارێ لە مشتومر و هێرش بردنە سەریەکدا زەلامی ماڵە تورکمانەکە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە (کوردەکان کەرن و دواکەوتوون....شایستەی ئەوە نین بە بەشەر ناوبرێن...خوا تەنیا بۆ حەماڵي و پێڵاو بۆیاغکردن دروستیانی کردووە....).
ئەم جۆرە قسانە کاري لە دەماري ئەحمەد دەکرد، تۆي رق لێبوونی تورکمانی لە گیانیدا چاند.
نموونەیەکی جیاواز لە جۆري وت و وێژەکەی ماڵي ئەحمەد نموونەی ئەم ماڵە تورکمانە بوو. ئەمرۆ کە (کەمال) لەناوشار گەرایەوە لەگەڵ (جەمال)ی برایدا، کەوتنە باس و خواسی ناو شار گێرانەوەیە...
- ئەمرۆ جەماعەتی ئێمە شەقامەکانیان داگیر کردبوو...دروشمی سیاسي بە تورکمانی لە کەشکەلانی ئاسمانی دەنگی دەدایەوە...گەنجە تورکمانەکان بە کەواو چاکەت و جەمادانی سەرشانیان رەونەقي دونیایەکی تورکمانی تەواویان بە شارەکەدا دەدا.
- جا ئەگەر راستیت دەوێ ئەم شارەمان هەر وابووە، ئێستا وا ئەم کوردە دواکەوتووە لادێیانە خەریکن دەیشێوێنن و رووکەشەکەی دەگۆرن.
بەڵام دادیان ناخوا، کەرکووك هەر تورکمانی بووە و بە تورکمانی دەمێنێتەوە...مێژوو بە چەند شەرواڵ لە پێیەك و شیوعیەك ناگۆرێ...
- دەبێ شتێکی وا بکەین ئەم ساڵرۆژی تەمموزەیان لێ بکەین بە ژەهرو کون و قوژبن نەمێنێ خۆیان تێدا بشارنەوە...

لەوكاتەی بنكەی حیزبەكان لەوپەري ئامادە باشین بوون، توركمانەكان بەهەمان شێوە لە ئامادەباشیدا بوون، جموجۆڵیان نیوە ئاشكرابوو. ئەگەر جیاوازییەك هەبوو لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا ئەوەبوو، توركمانەكان نەیاندەوێرا بە ئاشكرا بنكەو بارەگاو مەڵبەند دابمەزرێنن، بەڵكە تەنیا چەند چاخانەیەكی گەورەیان كردبووە شوێنی كۆمەڵ بوون و بیرورا گۆرینەوە و خۆ ئامادەكردن بۆ رووداوەكان بەتایبەتی رۆژی (14)ی تەمووز. لەو چایخانانە دوانیان سەرەكی بوون، یەكێكیان بەنێوی (ئەصڵان ئیواسي) واتا مۆڵگەي شێران، كە دەكەوتە گەرەكی نێوان (چای و موسەڵڵا).
دووەمیان چاخانەی (یۆڵدز) بوو كە لە سەرەتای لای رۆژهەڵاتی شەقامی ئەتڵەس بوو.
لەم رۆژەدا ئەوەی ئەحمەد بیستبووی دوو رووداو بوو، یەكەم كۆمەڵێك خەڵك(سەرباز و مەدەنی) بە چەند لۆرییەكی عەسكەرییەوە چوونە بەردەم (ئەصڵان ئیواسي) و لە لۆرییەكان دابەزین و دەستیان كرد بە هاواري (ژیان بۆ پێشەوا و گەل... مردن بۆ كۆنە پەرستان و كلكي ئیستعمار پەیماني بەغدا...)ـ لە كاتي گوتنەوەي ئەم بانگ و هاوارەدا دەستیان بەرەو ئامادەبوواني ناو چایخانەكە درێژ دەكرد. ئەوانیش لە ترسا بێدەنگ بوون و هەندێكیان بە شێنەیي خۆیان دوورخستەوە. ماوەیەك ئەمە بەردەوام بوو، بەڵام هێرش بەرەكان كە بینیان خەڵكي ناو چایخانەكە بێ دەنگن، هیچ بیانوویەكیان بەدەستەوە نەماو سوار لۆرییەكان بوونەوە و بە غەڵبە و هەرایەكي پر بە دەمەوە شوێنەكەیان بەجێهێشت. دووەم رووداو كە لەو ژوورەدا دەنگي دایەوە پشكنیني ئوتێلەكەي شێخ رەشید بوو كە لە گەرەكي (چاي) دادەنیشت. هەندێ توركمان ئەوەیان گەیاندبووە بنكەي پۆلیس كە گوایە كوردەكان چەكي گەورەیان لەم ئوتێلەدا شاردۆتەوە، خۆیان ئامادە دەكەن بۆ دەست درێژیكردن. دیار بوو كەساني وا هەبوو لە بنكەي پۆلیس بەدواي دەمي ئەو كەسانەوە بچێ بۆیە دەستەیەكي پۆلیسي تایبەت لە ناكاودا دایانە سەر ئەو ئوتێلەدا، هەموو شتوومەكي ناویان

سەروبن کرد، ئەوەي بەر دەستیان کەوت تەنها سێ دەمانچە بوو ئەویش یەکێکیان هیني شێخ رەشید خۆي بوو، مۆڵەتي هەڵگرتنیشي هەبوو، دوانەکەي تر دەمانچەي کەسانێك بوون کە هاتووچۆي ئەم ئوتێلەیان دەکرد.
دەرکەوت ئەم ئوتێلە نە چەکی گەورە و نە هیچ نیازێکی خراپي تێدا بووبێ، تەنیا ئەوەندە بوو شێخ رەشید کەساتییەکی کوردی ناسراو بوو، تورکمانەکان حەزیان لێ نەدەکرد، دەیانویست توومەتێك بخەنە پاڵي و گرفتێکی بۆ دروست بکەن. بەم شێوەیە ئەو کەسانەی ئەو هەواڵە درۆیەیان بە بنکەی پۆلیس راگەیاندبوو، مایە پووچ بوونەوە.
هەرچەندە هۆیە بنەرەتییەکانی ئەم ئاڵۆزییەی ناو شارەکە زۆر بوون و زۆر بابەتی بوون، هیچ هێزێك نەبوو بتوانێ نەهێڵێ ئەم دەریایە بشەڵقێ و یان مەندی بکاتەوە، بەڵام پیاوانی بەساڵاچوو دونیا دیتە دەیانزانی کە سۆزی نەتەوایەتی شێوە هەرزەکار لەو رۆژەدا کرابووە داردەستی هەردوولا دژ بە یەکیانا, چاخانە کۆنەکان و دیوەخانەکانی خانەقاو تەکییەوماڵە بەگەکان تا رادەیەك لە دوای شۆرشي تەمموزەوە چۆڵ بووبوون، بەڵام تاك و تەرایەکیش هاتووچۆی ئەو شوێنانەیان دەکرد بۆ ئەوەی چەند ساتێ بە یادی جاران بژین و هاوتەمەن و هاوچین و هاو بەرژەوەندییەکانی خۆیان ببیننەوە و بەدەم فرکردنی چای و قاوەوە خەمەکانی خۆیان بە بابدەن.
خەمەکان لەوە گەورەتر بەەن کە بە چوار رستەی ئامۆژگاري کردن و لێکدانەوە فەرامۆش بکرێن، یان بارودۆخەکە سەرلەنوێ جڵەوی بگیرێ و سەري بەرەو دوا وەرچەرخێندرێ. شۆرشي تەمموز بیرو باوەر و بەرژەوەندییەکان و یاساکانی ناو کۆمەڵی سەروبن کرد، لە پێش هەموویانەوە یاسای چاکردنی کشتوکاڵی و برگە سێي دەستوور کە یەکەمجار بوو لە دوای پەیماننامەی (سیڤەر)ەوە ئاورێك لە کورد بدرێتەوە و بایەخێکی پێ بدرێ. ئەمانەو زۆري تریش بوومەلەرزەیەك بوون نهۆمەکانی تەلاري کۆمەڵەکەیان لەیەك ترازاند، گیرسانەوە و ئارام بوونەوەی بە ماوەیەکی کورت نەدەهاتە

دی....وادیاربوو گۆرەپانەکەی کەرکووك هەوڵي دوو قوتبي موغناتیسێك بوو هەر یەکەو بە جۆرێك دەیویست هێڵەکەی ئاراستە بکا:
یەکێکیان بۆ گەرانەوە بەرەو دوا، ئەوی تریشیان ملنان بەرەو پێش. بەهیچ جۆرێك قوتبەکان یەکتریان نەدەگردتەوە و چارەسەرێکی مامناوەندیش نەدەکراو شك نەدەبرا....
- ئەگەر کار وا بروا دەکەوینە سەر ساجی عەلي...
- هەموومان دەردەکەمان یەکە، ئەو سامانای پێکمانەوە نابوو، وا بەرە بەرە دەیخۆین و لەوانەیە دەست بە قەرت و فەرت بکەین...
- لەم قسانە گرنگ تر ئەوەیە دەترسین شخاتەیەك لەم بەرمیلە بەنزینە بدرێ و ئێمەیش پێوەی بسووتێین...
قاسم بەگ ئەم قسانەی بۆ میوانەکانی دەکرد کە لە دیوەخانەکەی خۆیدا لە گەرەکی (بەگلەر)دا یەکتري گیر بووبوون. میوانەکانی زۆربەیان پیاو ماقووڵي چینی خاوەن زەوی و زار و مەر و ماڵات بوون، هەریەکەی لە سەردەمی پاشایەتیدا چەند گوندێکی هەبوو لە سەردەمی عوسمانییەوە بۆیان مابووەوە، بە هەموو جۆرێك سوودیان لێ دەبینی. بەسایي ئەو موڵکانەوە بووبوون بە کەسایەتی شارەکە و نوێنەري جەماوەرەکەی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا. بنەماڵەی ئەم بەگە خاوەن ئەو چاڵە نەوتانە بوون کە لە باوەگورگور بەرهەمیان دەهێناو ساڵانە بەکرێیان دەدا، ئەمە هەر لە پێش پەیدابوونی کۆمپانیای نەوتەوە تا ئەم رۆژانەی باسي لێوە دەکەین سوودمەند بوون لەو بەرهەمە سرووشتییە، بۆیە بە بنەماڵەی (نەوتچی) بەناوبانگ بوون. هاوچینی ئەمانە هەندێکی تورکمان و هەندێکی کورد بوون. هەرچەندە هەر هەموو جوتیارانیان لێ راست بوو بوونەوە، بۆیە گرفت و دەردەکەیان یەك بوو.بەڵام خاوەن موڵکە کوردەکان بەپێي سۆزی نەتەوایەتی خۆیان، کەمتر بێزاریان لە بارودۆخەکە دەردەبري. لەبەر ئەوەی کوردەکانی کەرکووك لەو رۆژانەدا دەست باڵاتربوون لە تورکمانەکان. ئەم خاوەن

موڵكانە كەمتر ترسیان لە ئەنجامەكانی شەرو پێكدادانی ناو شارەكە لێ نیشتبوو. ئەو شەرو پێكدادانەی كە تا ( 13)ی تەمموز فتیلەكەی دانەگیرسابوو، هەتا ئەو رۆژە هەردوولا لە قۆناغی خۆئامادەكردندا بوون بۆ هەر قەومان و رووداوێك كە پێشبینی دەكرا بەو زووانە رووبدات.
ئیبراهیم بەگ بە دەنگێكی نزمەوە كە پربوو لە غەمگینی و ترسان لە رۆژانی داهاتوو، روویكردە قاسم بەگی برای...
- برام بە قسەم دەكەی لە ئیمرۆ زووتر نییە با لە شار دەرچین پەرەو تۆبزاوە و تركەڵان برۆین. لەخوا بەزیادبێ لەوێ موڵكی خۆمان و خانوو بەرەو دیوەخانەمان هەیە لێي ئۆقرە دەگرین هەتا بزانین ئەم دونیایە چی بەسەر دێ...
- برام ئێمە نە شەركەرین، نە پەیوەندیمان بەئاژاوەوە هەیە...لە ماڵي خۆمان دانیشتووین، باوەر ناكەم كەس دەستدرێژی بكاتە سەرمان.
ئیبراهیم بەگ راستەوەبوو، بە دەنگێكی بڵندتر رووی قسەی كردە هەموو ئامادەبووانی میوان و ئەندامەكانی خێزانەكانی خۆیان....
- ئەی كاكە ئێمە بۆ خۆمان گێل بكەین...؟!..ئەی نابینین یەك دوو رۆژە لەوەخت و ناوەختدا كۆمەڵ كۆمەڵ كوردەكان و شیوعیەكان لە كۆڵانەكەی ئێمەدا پەنا پەنایانە، چاوە چاوی ئەوەن كەی بقەومێ و پەلامارمان بدەن، خۆ من خوێن لە لووتی منداڵێكم بێ پێی دەمرم. تۆ كەیفي خۆتە من ئێستا هەندێ شتومەك لە ئۆتۆمۆبیلەكانم باردەكەم و خۆم و مناڵەكانم و خزمەكانم و خزمەتكارەكانم لەشار دەردەچین. دوایي گلەیي خۆت لەسەر خۆت.
- قاسم بەگ هیچ قسەیەكی نەخستە سەر قسەكانی ئیبراهیم بەگی برای، تەنیا ئەوەندەی وت: "بەخوا نازمی برامان، تۆ لە ئێمە ئاقڵتر بووی...بیست ساڵە بۆخۆي عێراقت بەجێهێشت و لە توركیا بێ خەم پاڵت لێداوەتەوە...".
ماڵەكانی قاسم بەگ و ئیبراهیم بەگی برای خانوویەكی گەورە و بڵند و كۆن بوو، پانتاییەكی گەورەی گرتبووەوە،

هەركەسێ بە بەردەميا رەت بوايە تێدەگەيشت ئەمە ماڵە گەورە و دەست رۆ و خاوەن سەروەت و سامانە, خانووەكە بەرامبەر بە ديوەخانەكەيان بوو كە ئەويش خانوويەكی گەورە و دەروازە هەميشە كراوە بوو. هەردەم سێ چوار ئۆتۆمۆبيلي جۆري (قەمەرە)ي تێدا بوو. ئەگەر ميوانيشيان هەبوايە، ژمارەي ئۆتۆمۆبيلەكان پيتر دەبوو. شەقامێكي مامناوەندي دەكەوتە نێوان هەردوو خانووەكەوە. زۆر كات هەندێ جوتيار يان خزمەتكار و كارەكەر لەبەردەم دەرگاي هەردوو خانووەكە دەبيندران، بەڵام رۆژي (13)ي تەمموز ژمارەي ئەو كەسانە كەمتر دەبينرا. ديار بوو هەر كەسە و لە ترسي پێشبينيكردني خۆيان كە رۆژەكە ئاسايي نييە، ترسي ئەوەي هەيە بقەومێ، گەرابوونەوە ماڵەكاني خۆيان. بەگەكان و خێزانەكانيان ئەو رۆژە دەوريان نيو چۆڵ بوو، تەنيا هەندێ كەسايەتي خەمخواري خۆيان نەبێ كە ئەوانيش هەمان ترس و نيگەراني تارمايي بەسەر دەروونياندا كێشابوو. ئەو گەرەكە بە (شاترلو) ناوبانگي دەركردبوو. هەر لەبەر ئەوەي زۆري ماڵە بەگەكان لە چەند كۆڵانێكي نێزيك بەيەك بوون لەوێدا، بۆيە لە تاپۆ بە گەرەكەكە دەوترا (بەگلەر شاترلو).
خۆ ئامادەكردن بۆ ئاهەنگگێران و رێپێوان، رۆژي (13) وەك رۆژەكاني پێشوو بەردەوام بوو، هەموو خۆ ئامادە كردنەكە بۆ (14) تەمموز بوو. شار بە تەواوي رازابووەوە، لە هەمان كاتا جۆرە نيگەرانييەك زۆربەي خەڵكي شارەكەي كرتبووەوە بە تايبەتي پياواني بەساڵاچوو و دونياديتە و ئەو ژنانەي كە دەيانزاني رۆڵەكانيان دەم لە سياسەت دەكوتن و سەر بە حيزبێكن يان سەر بە هێزێكێ چەكداري وەك (بەرگري ميللي)ن...
باوكي ئەحمەد ئەو ئێوارەيە سەري لە ديوەخانە بچووكەكەي (شێخ جەلال)دا لە تەپە، چەند كەسێكي هاوتەمەني خۆي لێ بوو، بەدەم ناوبەناو فركردني قاوەوە، كەوتنە وتووێژي جياجيا... ئەمەيش وەكو رۆژاني پێشوو، بەڵام بەپێي بارودۆخەكە باسەكان زۆربەيان لەمەر يادي

ساڵرۆژي یەکەمي (14)ي تەمموزەوە بوو، خۆ ئامادەکردني حکوومەت و حیزبەکان و جەماوەري گەل بۆ ئەو رۆژە.
شێخ جەلال پیاوێکي بەساڵاچووي رەقەڵەي درێژ بوو، دەستي خوێندەواري و مەلایەتي هەبوو. لەبەر ئەوەي جۆرە ناخۆشییەك کەوتبووە نێوان ئەو و خاوەن زەوییەکاني گوندەکەي، ماڵەکەي پێچایەوە و لە یارمجەوە هاتبووە شار... هەرچي چۆنێك بێ تواني بۆ خۆي و مناڵەکاني خانوویەك بکاو هەندێ پارەیشي هەبوو داي بە لۆرییەك کورە گەورەکەي نایە سەري...
- یاشێخ... تۆ لەم بارەیەوە چي دەڵێي...؟
- بەخوا لەوە ناچێ بە سەلامەتي ئەم بۆنەیە رەت بێ...
- تورکمانەکان وا دیارە حەزیان لەم رۆژە نییە، ئەگەر دەستیان بروا خراپمان پێدەکەن...
- باوەر مەکە چونکە پیاواني سەردەمي پاشایەتي بەتایبەتي دەرەبەگەکان زۆریان پێکردین... تازە مێژوو بەرەو دوا ناگەرێتەوە.
یەکێکي کە هەڵي دایێ... (ساخۆ راستە دەرەبەگەکان زۆر جوتیار و خەڵکاني تریان چەوساندەوە، بەڵام ئێمەیش ئەوە ساڵێکە کە دەستمان دەروا حەشرمان پێکردن... بە چەپڵەرێزان لە گوندەکاني خۆیان دەربەدەرکران... لە زۆر ناوچەدا دەستدرێژیشیان کرایە سەر...)
- دونیا هەر وا هاتووە و هەر وا دەروا... کێ دەستي بروا رەحم بەوەکەي تر ناکا... راستە ئێمە سەردەمێ ستەم لێکراو بووین، بەڵام لەوەدوا خۆمانیش ستەممان کرد.
- بەخوا ئیتر ئەم شارەي ئێمە بارودۆخي ناسکە، بەتایبەتي مەسەلەي جیاوازي نەتەوایەتییەکە رۆڵي هەیە لەم بارەیەوە... هەر حیزبەو هەوڵدەدا ئەم سۆزي نەتەوایەتییە بە شێوەیەك لە شێوەکان بکاتە هاندەرێك بۆ دژایەتیکردني لایەکەي تر...
- هەندێ دەڵێن هیچ ترسي پێ ناوێ و گەل لەوە گەورەترە پیلاني بۆ بهۆندرێتەوە...

- بەڵام (گەل) كێیە...؟... هەر كەسەو دەڵێ من گەلم... ئەواني تر دوژمني گەلن...
ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكاني پارتي و شیوعي لەم قۆناغەدا یەك خرابوو، واتا ڕێكخراوەكاني قوتابیان و كرێكاران و لاوان جێگە و مەڵبەندي هاوبەشیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا كەساني سەر بە هەردوو لا ڕێكخراوي حیزبي تایبەتي خۆیان هەبوو لەناو ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییە هاوبەشەكان.
هەرچەندە لە سەرەتاي پەیدابووني ئەم ڕێكخراوانە لەدواي (14)ي تەمووزي (1958)دا جیاواز بوون و سەربەخۆ، بەڵام پەیدابووني دروشمي بەرەي نیشتیماني و بارودۆخي پێویست وایكرد كە ئەو ڕێكخراوانە یەكخرێن. بۆیە خۆئامادەكردن بۆ ئاهەنگەكاني تەمووزي (1959) خۆئامادەكردنێكي هاوبەش بوو. ئەمە زۆرتر جەماوەري كوردي ئەم شارەي دەگرتەوە، لەگەڵ هەندێ كەمایەتي وەكو عەرەب و ئاشوورییەكان. هەرچي توركمانەكان بوو هەرچەندە هەندێكیان یان لە ترسا یان لەبەر بەرژەوەندي كەسایەتي، خۆیان خستبووە ناو ئەو ڕێكخراوانە، بەڵام زۆربەیان چەكەرەي ئەوەیان نەدەكرد خۆیان بلكێننە لایەنێكەوە كە نە باوەریان پێیەو نە لەگەڵ هەستي نەتەوایەتیان دەگونجێ. ڕێژەیەكي زۆرەكەم لە ڕۆشنبیراني توركمان هەبوون بیروباوەري كۆمەنیزم كاري تێیان كردبوو، بەڵام بارستاییەكي ئەوەندەیان نەبوو كاربكەنە تەوژمي جەماوەري توركمان. یان ڕێگە بە ڕووباري گشتي هەڵوێستیان بگۆڕن.
ئەحمەد لەلایەن حیزبایەتییەوە سەر بە پارتي بوو، بەڵام لەو كەسانە بوو هەندێ سەرچاوە و ئەدەبیاتي ماركسییەتي خوێندبووەوە، خۆي و چەند هاورێیەكي بووبوونە دیاردەیەكي زەق و ناساز لەنێو ئەو حیزبەدا كە زۆرتر دروشمەكاني نەتەوایەتي بوون. بۆیە ئەحمەد هەندێ جار لە مەسەلە گشتییەكان دەكەوتە مشتومر و نارازي بوون لە هەندێ بریار و بۆچووندا.

با هەندێ بگەڕێنەوە دواوە... ئەحمەد بەپێي کەسایەتي هەست ناسکي خۆي و کەم ئەزمووني لە بواري توند و تیژیدا، زۆر لە کاتي ئەو وێنانەي پاش نیوەڕۆي (14)ي تەمووز بیني، شپرزە و غەمباربوو. بە جۆرێکي وا نەیزاني ئەو کەسەي کە پێي گوت (بێ دەنگبە دوایي دەتکوژن) (سەلام)ي هاوسێ و هاورێي بوو. کە گەیشتنەوە کۆڵانەکەي خۆیان، ئەوسا سرنجي دایەو زاني ئەوە. زۆر سەیري پێماو بەخۆي پێکەني...
- ئافەرم زەلام... بەو خوایە تا ئێستا نەمزاني تۆ بە تەنیشتمەوە بووي...!!
- دیارە دیمەني ڕووداوەکان خراپ شپرزەي کردوویت... بەخوا بابە زەلامي تەنگانە و لێقەوماني...!! (هەردووکیان دایان لە قاقاي پێکەنین).
ڕووداوەکاني ناو شار ئێوارەي یەکەم ڕۆژیان لە هەموو قوژبنێکي شارەکەدا دەنگي دابۆوە و، بۆیە هەر خێزانێك زەلامي لەناو ئاژاوەکە بووبێ، نیگەران بووە و زۆریانیش زەلامیان ناردبوو بەرەو بازار بۆ ئەوەي لە سەلامەتي ئەو کەسانەیان دڵنیابن. ئەمەیش قەرەباڵغییەکەي فرەتر کرد و کۆڵان و شەقامەکان دیمەني ڕێپێواني لەخۆ گرتبوون.
بەڵام جوداییەکەي لە دیمەني ڕێپێواني ئاساني ئەوە بوو، هەندێك بەرەو گەرەکەکان دەریشتن، هەندێکیش لە گەرەکەکانەوە بەرەو سەنتەری شار.
ئەو شەوە خەوی ئەحمەد نائارام و هەڵبزرکاو بوو، چەندین خەونی ناخۆش و ترسناکی بینی، جارجارە لە دەنگی قیژەو زیرەی ژن و مناڵ بەئاگا دەهات.
لەناو جێگاکەی دادەنیشت، خەمێکی قووڵ قەناعەت و بیرو باوەڕەکانی دەلەقاند و دەتواندەوە، بۆیە ئەمە مایەی پێداچوونەوە بوو لەو پرنسیپ و قەناعەتانەی.
ڕاستە ئەحمەد هەرزەکار بوو، بەڵام هەرزەکارێکی هەست ناسك بوو. پێ دەچێ خوێندنەوەی چەندین شیعر و ڕۆمانی خۆماڵی و جیهانی، کاري لە دروستکردنی بابەتی دەروونی کردبێ. هەرچەندە لە قۆناغی قوتابخانەی ناوەندی بوو، بەڵام ڕۆمانەکانی (شۆلۆخۆف) و (هەمنگوای) و (دیکنز) و

(گۆرگی) کاري له رۆشنبيري کردبوو، به تايبەتی ئەو رۆمانانەی که باس له جەنگی ناوخۆ و پێکدادانی مەدەنی دەکرد. دیمەنی رووداوەکانی ئەو ئێوارەیە هەرچەندە بچووك و لاوەکی بوون، ناوەرۆکی ئەو رۆمانانەی هێنایەوە یادی.
بۆ سبەینێ که له خەو هەڵسا، چووە کۆڵان و گوێرایەڵي ئەم و ئەو بوو بزانێ ئەنجامی لێکدانه سەرەکییەکەی ناو شار ئەو شەوە گەیشته چی.
ئایه شار دامرکاوەتەوە یان هەر له هەڵچووندایه. لەبەر ئەوەی راگەیاندنی رادیۆ هیچی لەو بارەوە باس نەکرد، لەبەر ئەوەیش که گوایه شەو به میکرۆفۆن قەدەغەکردنی هاتووچۆ بەشێوەی بانگەواز ئاشکرا کرابوو، خەڵکانیش زۆربەیان نەیاندەویست له قەرەی رووداوەکان بدەن، بۆیه دەرچوونیان له ماڵانەوە کەم بوو، ئەگەر بشبوایه هەتا سەر کۆڵانەکان بوو.
رۆژی (15)ی تەمووز سەلام و ئەحمەد لەسەر کۆڵانەکەیان راوەستابوون، ئەو دیمەنانەی دوێنێ ئێوارەیان بۆ خەڵکان وێنه دەکێشا و دەگێرایەوە.
لەبەر ئەوەی زۆربەی جەماوەر هێشتا سەرگەرمی ئەو خۆشییه بوون که له رۆژێکی وا دا و لەگەڵ ساتی یەکەمی بڵاوبوونەوەی هەواڵی رووخانی رژێمی پاشایەتیدا پشکۆت، پاش ساڵێکیش ئەو سەرگەرمییه هێشتا خەڵکی بەرنەدابوو. بۆیه زۆر به سینگ فراوانییەوە ئامادەيي خۆیان پیشاندا که له ئاهەنگ و رێپێوانەکانی ئەو رۆژانەدا بەشداربن که بەرپابوون.
هەرچەندە رۆژی دوای سەرەتای پێکدادانەکه پشووی رەسمی نەبوو، بەڵام کرێکاران و فەرمانبەران کەس بەرەو شوێنی کارەکانیان دەرنەچوون. دەرگای دامەزراوە رەسمییەکان داخرابوون، هۆیەکەیشي دیاربوو که نەوەك له ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییه که ئەو رۆژەیشي گرتەوە و بەردەوام بوو تووشي گرفت و کارێکی توندوتیژی ببن.
سات به سات بارودۆخەکه روونتر دەبووەوە، رووداوەکانی ئاشکراتر دەبوون، ئەمەیش له ئەنجامی سەردانی

هاتووچۆکەرانی خەڵکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ناو شار و پابەندنەبوونی خەڵك بە فەرمانی قەدەغەکردنی هاتوچۆ، بە تایبەتی جەماوەري کورد.
ئاشکرایە ئەو سەردەمەی باسي لێوەدەکەین شاري کەرکووك دوو رەگەزی سەرەکی لەخۆگرتبوو، کورد و تورکمان. پەیوەندی نێوان ئەم دوو رەگەزە لە رووکەشدا ئاسایي بوو تا رۆژانی رووخانی پاشایەتی، ئەگەر ناکۆکی و ناحەزییەکی کەمیش لە نێواندا هەبووبێ، زۆر زەق و توندوتیژ نەبوو. خەڵکانی شارەکە بەگشتی گەرەك و بازار و شوێنی کارو چاخانە و سەیران و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان هاوبەش بوو، سنوورێکی ئەوتۆ نەبوو زۆر لێکیان جودا بکاتەوە. هەتا زۆربەیان جلوبەرگیشیان لە یەك دەچوو، تەنیا ئەو کەسانە نەبێ کە لە لادێوە گواستبیانەتەوە ناو شار، چەن ساڵێك بە جلوبەرگە کوردییەکانیانەوە دیاربوون. ئەوەی لێکیانی جودا دەکردەوە مەسەلەی زمانەکە بوو کە زۆربەی شار بە تورکی دەدوان، بە پلەی دووەمیش بە کوردی. هەرچەندە زۆربەی خەڵك لەو باوەرەدا بوون کە رێژەیەك لە تورکمانەکان بەرەگەز کورد بوون، بەڵام بە پێي بارودۆخی شارەکە کە ماوەیەکی زۆریان لە ژیانی ئەو شارەدا بەسەر دەبرد، مناڵەکانیان فێري تورکمانی دەبوون، هەندێ لە نەوەی دووەمیش کە دەهاتنە دونیاوە خۆیان بە تورکمان لە قەڵەم دەدا.
هەرچەندە لای هەندێ لەو خێزانانە ئاشکرا بوو کە کوردن، بەڵام خۆیان لەو راستییە گێل دەکرد، وایان بە بەرژەوەندی دەزانی کە کوردایەتی خۆیان فەرامۆش بکەن، ئەمەش لە گەرەکێکەوە بۆ گەرەکێ جیاوازی هەبوو.
ئەگەر سەیري نەخشەی شاري کەرکووکی ئەوسا بکەین، دەبینین گەرەکەکانی ناوەراست شار بە زۆري تورکمان بوون، گەرەکەکانی پەرەوە زۆربەیان کورد بوون، هەندێ گەرەکیش تێکەڵاوبوون.
ئەحمەد ئەو رۆژە سەرەتای داگیرسانی فتیلی ئاژاوەکەی چەند جارێ بۆ ماڵی خۆیان و هاوسێکان و کەسانی تر گێرایەوە کە بە چاوی خۆي بینیبووی.

ئەوەبوو پاش نیوەرۆی (14)ی تەمووز جەماوەر بەتایبەتی لە گەرەکە کوردییەکانەوە رووە و گۆرەپانێك بوونەوە کە دەکەوتە نێوان بەرێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیای نەوت و ئەو رێگایەی بەرەو سەربازگەی کەرکووك دەچوو. ئەو شوێنە شوێنی لقێك بوو لەو کۆبوونەوەیە و خۆئامادەکردنە. دیاربوو لە شوێنانی تریشەوە وەك بەري ئیمام قاسم و ئاخور حوسێن و شۆریجە، خۆئامادەکردن و کۆبوونەوە هەبوو، نیازیش وابوو هەموو ئەو بەشانە لەو رێپێوانەدا یەکتري بگرنەوە، لەناو شار ببنە یەك رووباري سەرەکي بەرەو شوێني کۆتایي هێنان بەو چالاکییە.
رێپێوانەکان دارستانێ بوو لە ئاڵا و واڵا و دروشمي نووسراو بۆ پیرۆزبایي کردن بەو بۆنەیەوە. هەزاران وێنەي (عبدالکریم قاسم) بەدەست خەڵکانەوە بوون، تاکو تەرا وێنەي (مەلا مستەفا)یشي تێدا بوو. هاواري (بژي گەل... رۆڵەي گەل... عبدالکریم قاسم) دەگەیشتە کەشکەلاني ئاسمان، لەم لاو لەو لاي شەقامەکانیشەوە جەماوەر بۆ بینیني ئەو رێپێوانە لەسەر شۆستەکان کۆمەڵە و ریزیان بەستبوو، بە چەپڵەلێدان پێشوازیان دەکردن.
بەشێوەیەکي گشتي بەشداربوواني رێپێوانەکە کورد بوون، تورکمانەکاني شارەکە کەمتر لەم چالاکییانەدا بەشداریان دەکرد، ئەمەیش دەگەرایەوە سەر هەڵوێستي سیاسي زۆربەیان بەرامبەر بە شۆرشي تەمووز و بەرامبەر بە کوردي ئەم شارە. هەرچي عەرەب و ئاشوورییەکان بوون، زۆر کەم بوون، بەزۆري لە جەماوەري حیزبي شیوعي دادەنران.
رۆژي (15)ي مشتومر و هەڵوێستي دژ بە یەکي خەڵکان لە هەموو پێچ و پەنا و شوێنە گشتییەکان بەرامبەر بە رووداوەکاني دوێنێ بەردەوام بوو، ئەحمەد و سەلام بە گەرمي بەشداري ئەو قسانە بوون، گەرمییەکەیشي لەوەوە هاتبوو کە دوێنێ بە چاوي خۆیان بینیان رووداوەکان چۆن داگیرسان.

(دوێنێ کە ڕێپێوانەکە لە خاڵي دەرپەرینەوە کەوتە ڕێ، چەندین شەقامي بري، ئەوەندە دوور و درێژ بوو، ئەم سەر و ئەوسەري لەیەکەوە دیار نەبوون. لەبەري ڕۆژئاواي شارەوە ڕوویکردە پردي خەبات و لێوەي پەڕییەوە بۆ بن قەڵا، ئەمجا بە پردەکەي خوارترا پەڕینەوە ڕووە و شەقامي ئەتڵەس).
ئەحمەد مەسەلەکەي ئاوا دەگێڕایەوە بۆ ئەو خەڵکەي کە بە دەوریدا کۆمەڵەیان بەستبوو، گوێ ڕایەڵي بوون.
هەرچەندە بە تەمەن هەرزەکار بوو، بەڵام لە قسەکردنا کارامە بوو، ئەوەي هاني دەدا لەسەر قسەکاني بڕوا ئەوە بوو خەڵکەکە زۆربەیان باوەڕ پێکردني خۆیان بە گەرمییەوە دەردەبري.
مام ئەمیني هاوسێیان یەك دووجار قسەي پێ دەبري و دیگوت:
(ئەشهەدو وابوو... دەم خۆش).
(کاتێ لە پردەکە پەڕینەوە، ڕوومان کردە شەقامە درێژەکەي ئەتڵەسدا، دیمەنێکي سەیرم بەرچاو کەوت، بینیم لەسەر چاخانەکەي دەسە چەپ بەسەدان ژني عەبا بەسەرەوە دانیشتبوون، بە سەدان پیاوانیش کە زۆربەیان دیاربوو تورکمان بوون لەبەردەم چاخانەکە کەڵەکەیان بەستبوو. بەرەبەرە بەرەو ناوەڕاست شەقامەکە دەخزان، وەك بڵێي بیانەوێ ڕێگە لە ڕێپێوانەکە بگرن و هێڵەکەي بپچڕێنن و دوو کەرتي بکەن... ڕاستي من لە دڵەوە ترسێکم لێ نیشت، دیاربوو ئەو ترسەم لە جێگەي خۆیدا بوو، چونکە چوار هەنگاو لە ئاست چاخانەکە ڕەت نەبووبووین، لە ناکاودا ڕێپێوانەکە بەردەباران کرا. وا دەرکەوت ئەو ژنانەي سەر چاخانەکە بە بەردەوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابن، بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا پیاوەکان پەلاماري بەشداربووانی ڕێپێوانەکە بدەن.
زەلامێك لە تەنیشتمەوە ئاخێکی لێ هەڵسا، دەستی بە شانەوەی گرت، ئاماژەی بۆ زەوییەکە کرد کە بەردێکی پڕ بە چنگێك کەوتبوو، مەبەستی تێگەیشتم کە دەڵێ ئەو بەردە بەرشانم کەوت...)۔

مەسەلەکە لەو چرکەوە گەورە بووەوە، ئەم لاو ئەولا تێك هەڵقژان.
بە دار و بەرد و پشتوێنی قایش هێرش کرایە سەر ڕێپێوانەکە.
لە سەرەتادا بەشداربووانی ڕێپێوانەکە لای هەڵاتنیان گرتەبەر، زۆربەیان کە لەو ئاستەدا بووان بەرەو خوار و بەرەو ژوور کشانەوە، ئەوەی ڕاستی بێ من یەکێك بووم لەوانەی بەرەو خواري شەقامەکە، بەڵام وا دیاربوو ئەمە سەرەتای ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆیە خەڵکەکە شپرزە بوون و شڵەژان.
هەندێ لە پیاوانی کامڵ و بەئەزموون هاواریان بەسەر خەڵکەکەدا کرد:
(کورە رامەکەن...کورە عەیبە...وەرنەوە...بگەڕێنەوە...)، هەتا جوێن و قسەی ناشیرینیشیان بە دەمدا هات، دیاربوو ئەو قسەنەیان تا ڕادەیەك کاریگەر بوون. بۆیە هەندێ خەڵك بەرە بەرە گەرانەوە بەرەو گۆرەپانی پێکدادانەکە، بەڵام زۆرێکیش کە یەکێکیان من بووم خۆمان کرد بە کۆڵانێکی لاوەکیدا بەرەو گەرەکی خۆمان کشاینەوە.
ئەو خەڵکەی گوێرایەڵی قسەکانی ئەم و سەلام و چەند قسەکەرێکی تربوون، ناو بەناو ڕستەیان دەخستە کەلێنی قسەکانیانەوە:-
- ئەرێ وەڵڵا وابوو...
- چەند کەسم دی خوێن بەباڵایدا هاتە خوارەوە...
- ئەمانە دوژمنن...دوژمنی کورد و (14)ی تەمموزن..
- خوا دەستمان بدا دەبێ بنبریان بکەین...
کلکی ئیستعمارن...
- پیاوانی تورکیا و کۆمپانیای نەوت لە پشت پەردەوە دەستیان لە نانەوەی ئەم ئاژاوەیەدا هەیە...
دیار بوو لایەنە سیاسییەکان ئەو پێکدادانەی ئەو ئێوارەیەیان بە هەل زانی کە بە توندوتیژی و قۆڵبەستکردنی نەیارەکانی خۆیان تەمێ بکەن.
بەڵام دەبێ باش بزانین لە یەکەم ساتەوە دژ بە ڕێپێوانەکە شکستی هێناو هێرش بەرەکان هەر ئەوەندەیان پێکرا

بەرەو ماڵەکانیان بە پرتاو بۆي دەرچن، شەقامی ئەتڵەس بەجێ بهێڵن. ئیتر سەعات بە سەعات کوردەکان فرەتر بوونە تاکە پاڵەوانی گۆرەپانەکە.
ئەحمەد رۆژی دوايي سەرێکی لە بنکەی لاوان دا، کۆمەڵێ خەڵکی چەکدار و بێ چەکی لێبوو. چەکەکان دەمانچەی کەسایەتی هەندێ کەس بوو، ناو بە ناویش ئۆتۆمۆبیلي چەکدارەکانی (بەرگري میللی) سەریان لێ دەدان و تازەترین هەواڵی سەنتەري شاریان پێ رادەگەیاندن.
خەڵکانی بەرەڵڵا و نەبەستراوە ئێوارەی رووداوەکە و رۆژی (15)ی تەمموز بە هەلیان زانی دەس بکەن بە تاڵانکردنی کۆگاو دوکان و شوێنی تر، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە موڵکی تورکمانەکانن. بزربوونی رۆڵي یاساو هێزێکی چەکداری رەسمی لەناو شاردا بارودۆخێکی نا ئاسايي وای خوڵقاند کە کەس بەرگري نەکا لەو کارە نایاساییانە.
- تۆ دەزانی دەسبردن بۆ ماڵی خەڵك شوورەییە..ناگونجێ لەگەڵ رەوشتی بەرزدا...؟!
- گوێ مەدەرێ ئەو شتانەی بە تاڵانی دەبرێن، موڵکی کۆنە پەرستان و کلکی ئیستعمارە...
- من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم...ماڵی کەس بۆ کەس حەڵاڵ نییە...
ئەم جۆرە مشتومرە لە زۆر شوێن دەبیسترا...
ئاشکرایە زۆربەي شوێنە بازرگانییەکان خاوەنەکانیان تورکمان بوون، بازار و پارە و پایەي بڵند زۆربەي بەدەستي ئەوانەوە بوو، هەرچي کورد بوو، بەشیان لەم لایەنە کەمبوو، زۆرتر لە بواري کرێکاري و رەنجبەري ناو شار و دەرەوەي شار رۆڵیان هەبوو.
ئەگەر مەسەلەکە لە تاڵانکردن خۆي بگردایەتەوە، لەوانە بوو ئەوەندە کاریگەر نەبووایە، لایەنێکي کاریگەرتر و ترسناکتر ئەوەبوو پۆل پۆل خەڵکان بە تایبەتي کوردەکان لەناو شاردا دەچوونە سەر هەندێ ماڵ و کەسایەتي ناسراوي تورکمان، سووکایەتییەکان پێ دەکردن و چەندین کەسیشیان لەو رۆژە و رۆژي دوايي دەکوشت.

لەم توند و تیژییەدا کەم وا هەبوو چەك بە کاربێ، بۆیە لە دوورا شارەکە کپ و بێ دەنگ دیاربوو، راستییەکەیشي ئەوەبوو دەسدرێژي کردن و تاڵانکردنەکە بەردەوام بوو.
وا رێککەوت پاش نیوەرۆي رۆژي (15) دوو شایەت حاڵ لەگەڵ چەند کەسێکي تردا بە وشە و بە قسە کەوتنە وێنە و دیمەن پیشانداني جۆري کوشتنی چەند کەسێك لە تورکمانەکان، بەناوبانگترینیان قاسم بەگ و سەلاحەدین و مەحەمەدی برای و عەتا خێرالله بوو کە بەم شێوەیەك یەك لە شاهێدحاڵەکان بۆ ئەوانی تر گێرایەوە...
شوێنەکە دوکانی ناسیاوێکی ماڵی ئەحمەد بوو..
- ئەرێ ئەم هەرایە کەینێ کۆتایي دێ...بە جارێ بازارمان راوەستاوە...
- ئەوە تۆ چی دەڵێي..بەخوا وا پێي دەچێ ئەمە سەرەتابێ...بەم زووانەیش نەبرێتەوە...
- بەڵام خۆ هەراکە بە شێوەی جەنگێکی نێو دوو لایەن نییە..هێرشبەر ئەمرۆ هەر جەماعەتی خۆمانن..یەك کەس لەوانی تر لە شەقام و کۆڵانەکان نابینین..دەبوایە هیچ نەبێ ئەمرۆ کۆتایي بهاتایە.
- لێیان گەرێن با بە تەواوی سەرکوتیان بکەن، پێش ئەمرۆ و دوێنێ گاڵتایان بە حیزبەکانمان دەهات...پێیان وابوو ناتوانین ببینە پاڵەوانی شەقامەکانی شار.
- کاکە با بۆتان وێنەیەك بگوازمەوە کە بە شانازییەوە خۆم تێدا بەشداربووم....
ئامادەبووان هەموو سەریان قیتکردەوە و گوێرایەڵي ئەو کابرایەیان کرد.
- چۆن...؟!..ـ تخوا بۆمان بگێرەوە.....ـ
چێشتەنگاو لە شاترلو بووم... کە گەیشتمە نێزیك ماڵي بەگەکان، بینیم زیاتر لە (50) کەس لە بەردەم دەروازەي دیوەخانەکەیان بەیەکدا دێن و دەچن و هاوار و قیرەقیریانە. هەندێکیان دار بەدەست و هەندێکیان گوریس بەدەس بوو... کە لێیان نیزیك بوومەوە ئاشکرا بوو کە بانگي بەگەکان دەکەن بێنە دەرەوە. لەم کاتەدا قاسم بەگ بەرەو دەرەوە هات و بەدەست ئاماژەي بۆ ئەوە دەکرد... (چیتان

دەویٚ؟.. من چیم كردووە... خراپەم چییە... تكاتان لێدەكەم لەسەر هیچ ئەزییەتم مەدەن...)ـ
- بەخوا دیمەنێكي سامناكە... كابراپەك بەزۆر لە ماڵي خۆي دەركەنە دەرەوە، زۆربەي خەڵكەكەیش نەزانیٚ مەبەستي ئەم كردەوەیە چییە و كیٚ لەپشت پەردەوە نەخشەي بۆ كێشاوە.
- جا با لەوە سامناكترتان بۆ باسكەم، ئەمە جاریٚ سەرەتا بوو. بە چاوي خۆم دیم پێنج شەشێك لێي چوونە پێشەوە و بەدەست و بەدار كەوتنە لێداني ئەو پیاوە بەسەر و سیمایە... نەخێر دایان بە عەردا... یەكێك گوریسێكي هێنا، بەستایە هەردوو پایەوە، چەند لەقە فرتێي كرد سوودي نەبوو، لەنێو قیرە و هاواري (بروخیٚ دەرەبەگ...) بە گوریسەكە رایانكێشایە سەر شەقامەكە، ئۆتۆمۆبیلێك لەو كاتەدا ئامادە بوو، لایەكەي تري گوریسەكەیان بەستایە پاشكۆي ئۆتۆمۆبیلەكە، ئەوجا هاواریان لە شۆفێرەكە كرد (لێخورە... لێخورە...). ئەمە ئەنجامي پیلان گێرانە. كاتیٚ ئۆتۆمۆبیلەكە كەوتە ریٚ، چەند جاریٚ قاسم بەگ هەولیٚ هەڵسانەو و سەر بڵندكردنەوەي دەدا. لەم لاو لەو لاوە بەدار و بەشەق دەیاندا بەسەریا... ئۆتۆمۆبیلەكە هەر دەرۆیي و خەڵكەكەیش هەر بە دواوەي بوون هەتا لەبەر چاوم بزر بوو...
- دیارە بەنێو شەقامەكاندا گێراویانە تا گیاني دەرچووە...
- لە دواي گیان دەرچوونیشي لەوانەیە وازیان لە راكێشانەكەي نەهێنابیٚ.
- بەخوا ستەمە....
- ستەمي چي...؟ بۆ ئەوان دەسیان بروا پیلانمان لیٚ ناگێرن...؟!ـ
هەندیٚ ئامادەبووان بیٚ دەنگ بوون وەك بڵێي لە مێشكي خۆیاندا شریتي ئەو گێرانەوەیان دووبارە دەكردەوەـ
هەرچي ئەحمەد بوو لەبەر ئەوەي لە تەمەندا لەوان بچووكتربوو، بە هیچ قسەیەك خۆي تێكەڵاوي وتووێژەكە نەكرد. بەڵام لە ناخەو هەڵوێستێك چووزەرەي دا و نەیوێرا بیخاتە سەرمێزي ئەو دانیشتنە.

مەلاي عەسر بانگيدا... دانيشتنەكە بەڵاوەي لێكرد...
- خوا بمانپارێزێ...
- گوێ مەدەرێ ئەمرۆ رۆژي سەركەوتنە...
رۆژي (15)ي مانگ ئەحمەد و هاورێكاني هاوتەمەني خۆي بڕياریاندا بچنە سەنتەري شار و بەچاوي خۆيان ئاسەواري رووداوەكان ببينن. حەزي شت پێزانين هانيدان كە ئەو جوولەيە بكەن. كاتێ گەيشتنە ئەو رێگا سەرەكييەي كە كەركووك و باكووري كەركووك دەبەستێتە يەكەوە، چەند پيكابێكي (GMC) و شۆفرلێتي خەڵكي دەشتي بيني بەرەو ناو كەركووك دەهاتن، خەڵكەكە هەموو پياو بوون، زۆربەيشيان تفەنگي بابەتي كۆنيان بەدەستەوە بوو.
بەدەنگي هاواري (بژي گەل...) ئەو ناوەيان پڕ هەراكردبوو، لە شوێنێك بيني ئەوا هەندێ لە چەكدارەكاني بەرگري ميللي و ئەندامەكاني حيزبەكان رێگەيان لێگرتبوون، ئەمەش لە ترسي ئەوەي نەوەك شەرەكەش ناو شار گەورە ببێتەوە و فرەتر خوێن برێژرێ، رێگەيان نەدانێ بچنە ناو شارەوە. هەندێ لە زەلامەكان لەبري چەك دار و شەنەيان بەدەستەوە بوو. ئەحمەد ويستي گوێ لە بگرە و بەردەي جووتيارەكان و ئەماني تر بگرێ، هەندێ لێيان چووە پێشەوە.
- باوكم ئاخر ئێمە لە گوندەكەمان هەواڵەكانمان وا پێگەيشت كە تۆرانييەكان دەستيان بە كوشتني كوردەكان كردبێ.
- باوكم...براكانم...ئەم هەواڵانە هەمووی درۆن، هيچ راستییەكیان تێدا نییە. تكاتان لێدەكەم بەرەو ماڵی خۆتان بگەرێنەوە... ئێمە هەتا سەركردەیەكی وەك (عبدالكريم قاسم)مان هەبێ وسوپایەكی دلێرمان هەبێ، گەلەكەمان رێگە نادا بەو كۆنە پەرستانەی پاش ماوەی پەیمانی بەغدا دەسیان برواو پیلان بگێرن...برۆنەوە دڵنیابن. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ لەو پێكابانە لە رێگەی لاوەكییەوە دزەیان كردبووە نێو گەرەكەكان بەتایبەتی گەرەكەكانی پەري شار.
كاتێ ئەحمەد و هاورێكانی گەیشتنە شەقامە سەرەكییەكان، شەر و پێكدادان نەمابوو، بەڵام ئاسەواري

ڕووداوەکانی دوێنێ ئێوارە و شەو و بەیانی رۆژی دووەم بە ئاشکرا لەو شەقامانەدا دەبیندرا. ئەم دیمەنانەی کە بینیان ئەو ئێوارەیە بە درێژی بۆ ئەندامانی خێزانەکەیان دەگێرایەوە، هەرچەندە ئەو دیمەنانەي کە ئەم باسي لێوە دەکردن بەگوێرەی براکاني هەندێ دڵخۆشکەر بوون، بەڵام دایك و باوکی چونکە بەساڵاچوو بوون بە جۆرێکی تر سەیري مەسەلەکەیان دەکرد، ترسي ئەوەیان هەبوو کە ئەم کارانە بشکێنەوە سەر کوردەکان، بەتایبەتی کردەوەی توندوتیژی و ئێسك شکاندن.
ئەو ئێوارەیە هەندێ میوانیشیان هەبوو، یەکێ لەوانە مەلایەکی ڕۆشنبیر بوو، هەستی نەتەوایەتی بە بیرو باوەری ئایین تێکەڵ کردبوو.
مێژووی کورد و ڕووداوەکانی دەیان ساڵی پێش ئەمرۆژەی لەبەر بوو، هەندێ جار بەپێي پێویست چەند ڕستەیەکی دەخستە کەلێنی قسەکانییەوە کە دوور و نێزیك پەیوەندیان بە ڕووداوەکانی ئەم چەرخەوە هەبێ.
- جەماعەت...ڕووداوی ناخۆش لە مێژووی هەموو گەلێکدا هەیە و دووبارە دەبێتەوە، سا چ گەورە یان بچووك. لەبەر ئەوەی ئەم ڕووداوانە لە یادەکانی مێشکی خەڵکان بن دەنێنەوە...ئەگەر تا ڕادەیەك لەوەدوا لە بیریش بچنەوە، بەڵام ناو بەناو بەبۆنەی ڕووداوی لەوە دواترەوە گۆمی یادەکان دەشڵەقێ و سەرلەنوێ لە دڵ و دەروونی خەڵکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و کاریگەري خۆیان دەبێ، لەوانەیە کاریگەرییەکە بە جۆري شانازي بێ، یان مایەي پەشیماني و گەزیني ویژدان بێ. بۆیە من وا بە چاك دەزانم کردەوەیەکي وا نەکەین بگاتە ڕادەي تاوان، دواییش هەتا هەتا ببێتە خاڵێکي ڕەش لە دیرۆکماندا ئەوسا پەشیمانیش هیچ دادێك نادا.
برایەکي ئەحمەد هەڵیدایێ:-
- مامۆستا لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بیروبۆچوونەکەت، من دەڵێم ئەمانە بە هیچ جۆرێك نایەنە سەر ڕێ... نیازیشیان خەراپە و ئەگەر دەستیان بروا ڕەحممان پێناکەن. مەسەلەکە لەوە گەورەترە کە بە ئاسایي سەیري بکەین.

باوكي ئەحمەد ويستي قسەيەكي مامناوەندي وا بكا كە هەم مەلا ميوانەكە و هەم كورە خوێن گەرمەكەي خۆي بە باشي بزانن:-
- ئەگەر دەسەڵاتي ميري بەهێزبێ، رێگە نەدا بەهيچ لايەك خەراپە بكا ئەمە باشترە ميري لەەي خەڵكي (باش بۆزخ) بچنە گژ يەكا و دۆ و دۆشاو تێكەڵاوبن، ببێتە كارەساتێك خوا دەزانێ لە چ پلەيەك دەوەستێتەوە.
براكەي ئەحمەد ويستي قسەيەك بخاتە سەر قسەكەي باوكي، بەڵام باوكي رێي لێگرت و وتي:
- كورم تۆ راوەستە.. بابزانين مامۆستا راي چپيە...؟
- بەخوا حاجي قسەكەت لە جێي خۆيەتي.. بەڵام تێگەياندني هەرزەكار و خەڵكي كەم ئەزموون كارێكي زەحمەتە و كەس ناتوانێ جڵەويان بگرێتەوە، بۆيە كارەساتي ناخۆش و نابەجێ ئەنجام دەدەن.
ئەحمەد هەرچەندە ئەو رووداوانەي كە بە چاوي خۆي بينيبووني، زۆر گەورە و سەرنج راكێشە نەبوون، بەڵام ئەو رووداوانەي دەما و دەم لەناو خەڵكاندا باسيان دەكراو بەشێوەي دووبارە بووەوە ئەو رۆژە بيستبووي زۆر كاريان تێكردبوو، لە هەموو شوێنێكيش نەيدەتواني و نەيدەوێرا بە ئاشكرا نارەزايي بەرامبەرپان دەربرێ.
لەم دانيشتنەدا ويستي هەڵوێستي ئامادەبووان هەڵسەنگێنێ و تاقي بكاتەوە، بۆيە چەند نموونەيەكي لەو رووداوە گەورانە خستە بەردەميان.
وەكو لەناو هەمووواندا وا باوبوو كە ئەم جۆرە كردارە لە چەندين گەرەكدا دووبارە كراوەتەوە و نموونەي هەبووە، بەتايبەتي بە كەسايەتييە توركمانەكان و سياسيپە چالاكييەكانيان. وەكو مەسەلەي كوشتني (سەڵاحەدين ئاوچي) و (مەحەمەد)ي براي بوو. ئەم دوو برايە لە خێزانێكي توركمان بوون، خاوەني سينەما (عەلەمێن) بوون. پاش نيوەرۆي (14)ي تەمموز وەك هەموو رۆژێ دەرگاي سينەماكەيان كردەوە و دەستيان كرد بە فرۆشتني پليتي چوونە ژوورەوە. خەڵكێكي زۆر چوونە ژوورەوە، هەتا نيوەي فليمەكەيش بارودۆخي ناو سينەماكە ئاسايي

بوو، بەڵام وا دیاربوو دەنگ و باسي ڕووداوەکاني شەقامي ئەتڵەس و دەوروبەري دزەي کردە ناو سینەماکە، بۆیە ئامادەبووان کەوتنە مقۆمقۆ، بەرەبەرە لە سینەماکە هاتنە دەرەوە، هەردوو خاوەنەکاني سینەماکە لە سەرەتاوە ویستیان ئەوانیش دەرگاکە داخەن و دوورکەونەوە لە گرفت و تووش بووني گێچەڵي ناهەموار. بەڵام دوایي کە تێگەیشتن بارەکە زۆر ئاڵۆزە و بیستیان کە ئاپۆري پر توندوتیژي لەو شەقامەنەدا زۆرە، کە رووەو ماڵي ئەمان دەبێتەوە کە دەکەوتە ژووروووي گەرەکي تەپە و نێزیك بە هێڵي شەمەنەفەرەکەي ڕێگاي هەولێر. بۆیە بریاریاندا بە تەلەفۆن پەیوەندي بە ماڵەوەیان بکەن بڵێن ئەم شەو ئێمە نایەینەوە، لەناو سینەماکەدا دەنوین.
بەڵام دوایي بیروڕایان گۆڕي.. یەکێکیان بەم شێوەیە وتووێژێکي دەست پێکرد:-
- ئەرێ برا ئێمە بۆ سەرێ نەدەین لە کۆمەڵەی جەنگاوەرە کۆنەکان...خۆ ئێمە چەندین لە ئەفسەرەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەناسین...بزانین ئەوان چی دەڵێن...
- بەڵام ئەگەر هەتا دەگەینە ئەوێ تووشي کارێکی خراپ و دەستدرێژییەك بووین...؟
- خوا کەریمە...ئێمە هیچمان لە هیچدا نییە، ئەوەندە نەبێ کە تورکمانین...
خۆ تەنیا لەسەر ئەمە نامانکوژن...!!
کاتێ گەیشتنە ناو کۆمەڵەکە هەندێ لە ئەندامەکانی بەگەرمییەوە پێشوازییان لێکردن، تاوێك لەوێ مانەوە، هەر لەوێ شامیان کرد. پاش ئەوە یەکێ لە ئەفسەرە کۆنەکان شۆفێرێکی بانگکرد، رایسپارد کە ئەم دوو کەسە بگەیێنێتە ماڵی خۆیان. هەر ئەوەندەی لە سەنتەری شار دەرچوون تووشیان بوو بە کۆمەڵێ خەڵکەوە سەر شەقامەکانیان بري بوو، ناچار ئۆتۆمۆبیلەکە راوەستا.
- ئەمانە کێن...؟
- هیچ نییە دوو برادەرن دەیانگەیێنمەوە ماڵي خۆیان.
- ئەهۆ...ئەمە سەڵاحەدینە خاوەن سینەمای عەلەمێن!!
ئەوەکەی تریش براکەیەتی...!

دایانگرتنە زەوی، هەندێ قسەیان لەگەڵ کردن. ئەمانیش هەندێ پارانەوە، لە ناکاو یەکێك دەمانچەیەکی نێزیك خستەوە لە سەڵاحەدین و دوو فیشەکی پێوەنا. محەمەدی برای کەوتە هاوار و برارۆ (بۆچی کوشتان؟ چی کردووە؟ مادام وایە منیش بکوژن...)ـ محەمەد خۆي دایە سەر لاشەی براکەیدا.

- تۆیش بکوژین...؟! دەفەرموو.

دوو گوللەیان ئاراستەی ئەویش کرد، یەکسەر گیانی دەرچوو.

ئەم رووداوە بەم شێوە گێرانەوەیە لە کاتی خۆیدا لە چەند کەسێکەوە بیستبووی، لە سەردەمی بوونی ئەحمەد بە ئەحمەدی لوڕیش، بە هەمان شێوە ئەم گێرانەوەیەی لە دەم(عبدالوهاب ئاوچی)ەوە بیست کە رۆشنبیرێکی تورکمانی کەرکووکە، بە بنەماڵە دەگاتەوە ئەو دوو کوژراوە.

شارەکە هەرچەندە لەو دوو سێ رۆژەدا پر رووداو و دەستدرێژي کردن و توندوتیژي و تاڵانیکردني بوو، بەڵام ئەوەي لە دەرەوە بەرەو ناو شار بهاتایە، لە دوورەوە هەستي پێ نەدەکرد، تەنیا هەستپێکردنەکە بە گەیشتني دەنگ و باسەکان بوو لە شارەوە بۆ دەرەوەي یان بەو دوکەڵانەي لە هەندێ شوێني شارەکە بڵند بووبۆوە، لە دوورەوە دیار بوون. ئەم هەست پێ نەکردنە لەوەوە هاتبوو کە لەم رووداوانەدا چەك بەکار نەدەهێندرا، واتا رووداوەکان لەنێوان دوو لایەني چەکدار نەبوو.

باس هاتە سەر باسي سووتاندني دارتاشخانەکەي گەرەکەیان، مێردمناڵێك هەڵیدابێ: (من دیتم کێ ئاگري تێبەردا، پیکابێك هەندێ خەڵکي دەشتي تێدابوو لەبەردەم دارتاشخانەکەي تەپە راوەستا، زەلامەکان دابەزین چوونە بەر دەرگاکەي. مناڵي گەرەك لێیان کۆبوونەوە دا بزانن خەریکي چین، لەگەڵیاندا کەوتنە قسە:-

- ئەم کارگەیە خاوەنەکەي کێیە...؟

- خاوەنەکەي دەوڵەمەندێکي تورکمانە... بە نازناوي (قەڵەمچي) بەناوبانگن.

- با دەرگاكەي بشكێنین... دا بزانین چي تێدایە.
بەگوێرەي ئەوساو قەوارەي شارەكە كارگەیەكي تازە بابەت و گەورە بوو، چەندین ئامێري گەورەي تێدا بوو كە بەكارەبا كاریان دەكرد، زیاتر لە بیست كرێكاري لەخۆگرتبوو.
- كورینە كامتان دەچن لە ماڵي خۆتان شووشەیەك نەوت بێنن...
- بۆ چیتانە...؟
- مادام هیني ئەوانە دەبێ بیسووتێنین...
هەندێ لە مناڵەكان كارەكەیان بە شتێكي گەورە و نابەجێ زاني:-
- جا كارگەكە چ گوناهێكي كردووە..؟ مامەم تیادا كار دەكا.. تخوا مەیسووتێنن.
- هەتیو دەم و فلْقت لادە... دیارە تۆیش خزمي خاوەنەكەییت...؟
مناڵەكە ترسي نیشت.. دەمي داخست.
زۆري پێ نەچوو مناڵێك لە یەكێ لە ماڵەكاني نێزیك لە كارگەكەوە شووشەیەك نەوتي هێنا. یەكێ لە زەلامەكان شووشەكەي بردە ژوورەوە، پاش ماوەیەك دووكەڵێكي باریك لە سەرباني كارگەكەوە هەڵسا، بەربەرە لە رەنگي سپییەوە رەش هەڵگەرا، بارستایي ئەستوورتر بوو، ئەوەندە بڵند بووەوە لە زۆربەي گەرەكەكاني شارەوە دیار بوو. ئەو دووكەڵە زیاتر لە هەفتەیەك بەردەوام بوو، كەسیش لەو رۆژانەدا نەیوێرا خۆي لێ نێزیك بكاتەوە یان زات بكا بچێتە ناو كارگەكەوە.
كە دووكەڵەكە بڵند بووەوە، بەرەبەرە خەڵكان لەو شوێنەدا كۆمەڵەیان كرد. دیار بوو هەڵوێستي خەڵكەكە لەو بارەیەوە دوو جۆري دژ بە یەك بوو. هەندێكیان نارەزاییان دەردەبري، بە كارێكي نارەوایان دەزاني، هەندێكي تر بە پێچەوانەوە هەڵوێستي خۆیان دەردەبري. پیكابي لادێیەكان شوێنەكەي بەجێهێشت، كەس نەیدەتواني لە خۆرا هەوڵێك بدا بۆ كوژانەوەي ئاگرەكە، سا لەبەر گەورەیي ئاگرەكە بێ یان لە ترسي ئەوانە بێ كە ئەم كارەیان پێ باش بوو.

ماڵي ئەحمەد خێزانێكي گەورە و ناسراو بوون لە گەڕەكەكە، چەندین براي زەلام و خاوەن ژن و مناڵ بووبوونە چەند لقێك لەم خێزانە. سات بە سات ئەو ئێوارەیە میوان و دراوسێكان لە ماڵیاندا ژمارەي زیادي دەكرد. مەلا كەریم كە لە سەرووي مەجلیسەكەوە دانیشتبوو كە ئەم گێرانەوەیەي بیست، دیار بوو زۆر كاري تێكرد:-
- بەراستي ئەم كردەوەیە كارێكي زیان بەخشە لە دوو لاوە، یەكەم ئاییني ئێمە كرداري وا كە زیان ببەخشێ بە كەساني تر قەبووڵ ناكا، لەلایەكي ترەوە بۆ ناوبانگي نەتەوەي ئێمە خراپە، چونكە دەبێتە هۆي ئەوەي بە وێرانكار و ستەمكار لە قەڵەممان بدەن۔ ئەوسا هەر داواكارییەكي ڕەوایشمان هەبێ، بایەخي پێ نادرێ و پشتگوێ دەخرێ. جگە لەمە چەندین كرێكار لەم كارگەیەدا مووچەیان وەردەگرت و چەندین خێزان پێي دەژیان.
- ئاخر مامۆستا..۔
- ئاخر مۆخري پێ ناوێ... كورت و بێ كلك كردەوەیەكي خراپ و زیان بەخشە هیچ پاساوێكي بۆ نادرێ.
بێ دەنگییەك بەسەر مەجلیسەكەدا هات و هەستكردن بە گوناهكاري ناخي هەندێكیاني گەزي. بەڵام هەندێكیان هیچ كاري تێنەكردن.
یەكێ لە براكاني ئەحمەد چەكدارێكي ڕێكخراوي (بەرگري میللي) بوو، لە ناكاودا هاتە ژوورەوە، چەكەكەي داناو پاش سڵاو و بەخێرهاتني هەموویان ئەوانیش بەخێرهاتنەوەي و ماندوونەبوونیان لێكرد۔ ئەم چەكدارە دوو شەو بوو لە پاسەوانیدا بوو، ئەمشەو مۆڵەتي وەرگرتبوو. كەسوكار و خێزانەكەي هەموو بە پەرۆشەوە بوون بۆ زانیني سەلامەتي و دەنگوباسي. خەڵكەكەیش زۆر بە پەرۆشەوە پرسیاریان باراندە سەریا.
هەندێ بەكورتي و هەندێ بە درێژي ئەوەندەي بینیبووي و بیستبووي دەیگێرایەوە بۆیان: (راستي خاڵي پاسەوانییەكەم هەندێ لە شوێني توندو تیژییەكانەو دوور بوو بەڵام دەمبیني زۆر كەسان بە ئۆتۆمۆبیل و بە كۆڵ

تاڵانیان دەگواستەوە. ئۆتۆمۆبیلي (بەرگري میللي) و سەربازیشم بیني ناوبەناو خەڵكي دەسگیركراویان بە بەردەممانا بەرەو بنكەي پۆلیس و بنكەي هەندێ رێكخراو دەبرد... ئەوەش بڵێم هەندێ لە دەسگیركراوەكان خوێن بەسەرو باڵایاندا وشكەوە بووبوو... هەندێكیان بە پشتوێن و سەرپێچەكانیان قۆڵ بەستكرابوون، چەكداراني سەربازي و بەرگري میللي و رێكخراوە حیزبییەكان بەم كارە هەڵدەسان... لە رێگەي هاتنەوەمدا چەندین كۆگام دیت دووكەڵیان لێ هەڵدەسا، هەندێكیشیان دەرگاكانیان واڵابوون دیاربوو زۆر شتوومەكیان لێ دەركرا بوو... كتێبخانەكەي (عەباس حلمي)م دي زۆربەي كتێبەكاني ناوي لەسەر شەقامەكە و شۆستەكاني دەورووبەري پەرەي كاغەزو كتێب و رۆژنامەیان تەفر و تونا بووبوو، هەندێكیان بەدەم باوە گەیشتبوونە شەقامێكی تر).
(دیاربوو هۆكارەكانی ئاڵۆزی و رووداوەكان زۆر بوون، هەندێكیان لە پشت پەردەوە بوون، هەندێكیشیان زەق و ئاشكرا بوون. ئەگەر بگەرێینەوە مێژووی نوێي ئەم شارە، تێدەگەین كە لە سەردەمی عوسمانییەكاندا شارێكی بازرگانی گەورەبووە، شار و ناوچەكانی ویلایەتی بەغدای بە ویلایەتی مووسڵەوە بەستبوو، هەروەها بنكەیەكی سەربازی گەورە بوو بۆ سەركووت كردنی چەتە و رێگر و هەر بزووتنەوەیەك كە پەیوەندی بە ناوخۆوە هەبووبێ، هەروەها بۆ هێرش بردنە سەر ئەو میرنشینانە كوردانەی كە لە هێڵي سیاسەتی دەوڵەت دەرچوونایە یان لە دانی (وێرگی) و(باج) ی ساڵانە كەمتەرخەمیان بكردایە.
كەركووك شارێكی سەرەكی بوو لەو ریزە شار و شارۆچكانەی ئەستەنبووڵی دەستایەوە بەغدا و خوارتر. لە هەموو ئەو شوێنانەشدا بەرپرسیارەكان تورك بوون، ئەو كەسانەیش كە لە كار و فەرمانا یارمەتیان دەدان یان (لەوان) بوون، یان خەڵكی ناوچەكان بوون كە زۆربەیان فێري توركی بوو بوون.
لەبەر بەرژەوەندی تایبەتیش خەڵكێكی زۆر لە زماندا لاساییان دەكردنەوە.

ئەمیش بووە هۆي ئەوەی بەرە بەرە شارەکان بەرگێکی تورکی یان تورکمانی لەبەرکەن و شانازی بەوەوە بکەن کە بەشێکن لە نەتەوەی دەسەڵاتدار و حکومران.
پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، زۆربەی ئەوانەی بە تورکمانی دەدوان بارودۆخە تازەکەیان پێ ناخۆش بوو، هەستیان بە شکستی و نەهامەتی کرد. بۆیە هەروەك کاردانەوەیەك رقیان لە هەموو گەل و کۆمەڵێك بوو کە بە زمانی دیکە دەدوان، ئەمەش بنەمایەك بوو کە هەتا ماوەیەکی درێژ لە مێژووی تازەدا لە نەتەوەکانی نا تورك بوو، بەتایبەتی کورد کە بە چاوێکی سووك سەیریان دەکردن، پێیان وابوو ئەم کوردە هەر شایستەی ئەوەن پاڵاو سەپان و خزمەتکاري دیوەخانەکاني بەگ و ئاغا و ئەفسەرە تورکەکان بن و بارهەڵگر و رێگە ماڵی ناو بازاربن. ئەوەی قوراوەکەی سەختتر کردەوە بەگوێرەی ئەوان، رووداني شۆرشي (14)ی تەممووزی (1958)بوو کە بووە هۆي ئەوەی کەسایەتی کورد هەندێ بەرزبکاتەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا کوردان وایان دەردەبری کە ئەو رۆژە نەك هەر رۆژی سەرفرازی عێراقییەکانە، بەڵکو پەرینەوەیە بەرەو قۆناغێکی گرنگ لە دەسکەوتەکانی مافي نەتەوایەتی کورد. بۆیە هەر لە ساتەکانی یەکەمی ئەو رۆژەوە کوردەکان هاتنە سەر شەقامەکان و بە هاوار و چەپڵە لێدان و کۆبوونەوەی هەموو جۆرێ، ئەم پێخۆشحاڵبوونەی خۆیان دەردەبري. بەتایبەتی پاش ئەوەی لە ماوەیەکی کورتی تەمەنی شۆرشەکەدا، دەستوورێکی تازە بۆ عێراق نووسرا و بەڵاوکرایەوە، برگەی سێیەمی دەستوورەکە دەڵێ: (کوردەکان و عەرەبەکان لەم نیشتمانەدا هاوبەشن)، ئەمەیش زیاتر کورد و تورکمانی لە یەك دوور خستەوە بەوەی یەکەم ناوی کورد بەئاشکرا لە دەستووردا ئاماژەی پێکرا، دووەم ناوی تورکمانی تێدا نەبوو)...
ناوەرۆکی ئەم یەك دوو لاپەرەیەی سەرەوە پووختەی وتارێکە کە بەرپرسیارێکی پارتی لە کۆرێکدا بە قوتابیان و لاوانی پێشکەش کرد لە بارەگای (خەبات) ، ئەم کۆرە ئەحمەد تێدا ئامادە بوو بۆ ماوەیەکی زۆر وا چووبووە

دڵییەوە کە پێکهاتووە لە چەند راستییەکی مێژوویی حاشا لێنەکراو. بۆیە زۆر جار لای خۆي دووبارەی دەکردەوە.
بەڵام کە چەند سەرچاوەیەکی خوێندەوە، هەندێ راستی تري بەرچاو کەوت بەتایبەتی لە کتێبي مێژوویی خوێندنی قوتابخانە، بە پێویستی زانی بیخاتە سەر بابەتی وتارەکە بۆ ئەوەی راستییەکان نا تەواو نەبن و هەستی نەتەوەپەرستی ئەو بەرپرسە نەیان شێوێنێ. ئەو راستییەی لەوەدوا بۆي دەرکەوت ئەوەبوو کە تورکمان تەنها لە سەردەمی عوسمانییەوە لەم ناوچەیەدا پەیدا نەبوونە، بەڵکە زیاتر لە ( 500) ساڵ پێش عوسمانی لە سەردەمی داگیرکردنی بەغدا و رۆژئاوای ئێرانەوە پەیدابوونە، چونکە سەلجوقییەکان تورکمان بوون و بۆ ماوەی (200) ساڵ فەرمانرەوای ئەم ناوچەیە بوون. کە رۆڵیان نەما بەشێکیان لەم وڵاتەدا مانەوە و بوونە بەشێك لە کۆمەڵەکەی. لەوە پێشتریش مەغوولەکان لەم ناوچانەدا دەوڵەتیان پێکهێنا پاش رووخاندنی دەوڵەتی عەباسي. دیارە مەغوولەکانیش بەشێك بوون لە تورك.
*    *    *    *
لەنێوان ئەو سەرەتا شیرین و خۆشەی رۆژانی یەکەمی شۆرشەکە و ئەمرۆی لێکدانەوەکانی ئەحمەدی لوڕ، گەلێ تاڵی و توورشي و بەرزی و نشێوی لە ژیانی کەسایەتیي ئەحمەد و لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا، بەتایبەتی کوردەواري روویدا.
بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ژانانەدا ژانێك بووە مایەی لێکدانەوەی ئەحمەد و لەگەڵ تەمەنی ئەو ساڵە درێژانەدا هات و لە کۆڵي نەدەبووەوە، وا ئەمرۆ بۆتە مەسەلەیەکی گرنگ حەز دەکا خەڵکانی تري لێ هاوبەش بکاو پێیان بسەلمێنێ کە مەسەلەیەکی گرنگە و دەبێ گرێکەی بکرێتەوە.
بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە ئەحمەدی لوڕ بیري لە رێگە چارەیەك کردەوە بۆ ئەوەی ئەو ژانە هێور بکاتەوە، رێگە چارەکە هیچي تێ ناچێ، بە پارە و پوول ناکررێ، ماندووبوون و سەفەري دوور و درێژی ناوێ، رێگە

چارەیەکە لەوانەیە بەرامبەر هەندێ کەس شەرمەزاري بکاو بەرهەڵستی بکەن و رەت بکرێتەوە، بەڵام ئەمە زۆر ئاسانترە لە بەردەوام بوونی ئەو تۆپەڵە خەمەی کە وەك نەشتەرە کەوتۆتە گیان دەمارەکانی، خەریکە بیکا بە مرۆڤێکی نێو دۆزەخی تاوانباران.
نەتەوەکەی ئەحمەدی لوڕ لە دێر زەمانەوە چەندین نەهامەتی و قات و قری و ستەمکاري بەسەردا هاتووە، وڵاتەکەی دابەشکراوەتە سەر چەندین لایەنی جیاجیا، ئەو لایەنانە هەرچەندە جیاوازبن لە رەگەزدا، هەرچەندە جیاوازبن لە بیروباوەردا، بەڵام بەرامبەر بە نەتەوەکەی ئەم کۆڵن و یەك دەنگن و هەموو گرفتێکی خۆیان دەخەنە لاوە لە کاتی بەرەنگار بوونەوەیاندا بە رووی هەر یاخی بوون و جموجۆڵێکی ئەم نەتەوەیە بۆ وەدیهێنانی هەندێ لە مافەکانی یان لابردنی هەندێ لەو ستەم و وێرانکاري و کوشتن و برینەی دژی بەرپاکرابێ. سەدان ساڵە نیشتمانەکەی ئەم بۆتە مانگایەك لە سێ چوار لاوە بیدۆشن و بەرهەمی بخۆن بەبێ ئەوەی خۆي سوود و قازانجێك لەو بەرهەمە وەربگرێ.
ئەمانە راستی مێژوویین، لە ناوەرۆکی کتێبەکان و لە لاپەرەی یادگارەکانی مرۆڤانی کورد و بیانی زەق و ئاشکران، بەڵام راستییەکی لەوە ئاڵتر هەیە کە بۆتە خەم و ژانێك لە هەستی ئەحمەدی لوڕدا. بەکورتی خەمەکە لە چەند پرسیارێکدا خۆي دەبینێتەوە، ئایا کەسانێك لەو گەلانەی دەورووبەري نەتەوەکەی ئەم نییە هاوبەشي هۆش و هەستی بن؟ ئایە کەسێك نەبوو نارەزایي خۆي لەو ستەمانە دەربرێ کە هەمیشە خۆراکی رۆژانەی گەلەکەی ئەم بووە؟ ئایە بۆچی ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن پیاو چاك و عەدالەت پەرست و لە خواترس چوار لاپەرەیان نەنووسیەوە تێیدا بڵێن ئێمە ستەمکارین، دان بەوەدا دەنێین کە ئێمە ستەممان کردووە بەرامبەر بەم نەتەوەیەی هاوسێمان و وڵاتەکەیمان دابەش کردووە؟!.
ئەحمەد لە رۆژانی (14) و (15) و(16)ی تەمموزی ( 1959)وە خەمێك دایگرتووە، مەبەستێك هانی دەدا کە

دەبێ مرۆڤێکی بە زات بێ دان بنێ بەو ستەمانە و دەستدرێژییانەی کرایە سەر جەماوەر و کەسانێك کە تەنیا زمان لە نەتەوەکەی ئەم لێکیان دەکاتەوە.
لەو رۆژەوە تا ئەمرۆ هەر لەگەڵ ئەم مەبەستەدا دەژی و تووشي چەندین گێچەڵ و مشتومر بووە لە کاتی تاوتوێکردنی رووداوەکانی تەمووزی ئەو ساڵە. بەتایبەتی کە گەیشتە قۆناغی ناوبانگ گۆرینی لە ئەحمەدەوە بۆ ئەحمەدی لوڕ بەهۆي فرەتر رامان لەو رووداوانە مەبەست و ژانەکەی فرەتر بێ ئارامی کردووە، نایەوێ بکەوێتە هەمان هەڵە و هەڵوێستی ئەو لایەنانەی کە چاوپۆشییان لە ستەمەکانی نەتەوەکانیان دەکرد و دەیکەن بەرامبەر بە نەتەوەکەی ئەم، دەبێ راستییەکان وەك خۆي بخاتە سەر بەرە. بۆیە وا ئەمرۆ دەستی داوەتە قەڵەم و دەیەوێ بە نووسینێك ئەو ژانە لە کۆڵ خۆي بکاتەوە، بە ناوی گەلەکەیەوە بڵێ: راستە ئێمە بە درێژایي مێژوو ستەم لێکراو بووین، بەڵام ئێمەیش هەندێ جار ستەممان لە خەڵکی تر و لە خۆمانیش کردووە. دەیەوێ لەباتی کۆمەڵگایەکەی بدوێ، دان بە راستییەکاندا بهێنێ، لەبري کۆمەڵەکەی ببێتە گۆیەرێك و قسەکەرێك و پارێزەرێك ، بەڵکو بەم کردارە گوناهی ئەو کۆمەڵگایە پاك بکاتەوە و بیسرێتەوە. دەیەوێ ئەم سنوورە داخراوە بشکێنێ، قفڵي نهێنییەکان بکاتەوە. ئەگەر ستەم زۆربێ یا کەم لە تای تەرازوودا وەك یەکن، ئەگەر ستەم لە یەك کەس بکەی وەك ئەوە وایە ستەمت لە گەلێك کردبێ، ئەگەر ئامادەبي دیلێکی بەر دەستت بکوژی و لاشەکەی کەرت و پەرت بکەی، ناوی خۆت بگۆرە بیکە بە (مۆسۆلینی) و (هیتلەر) و (ئەتاتورك) و (سەدام) ، چونکە ئەوانیش هەر کارگەلێکی وایان کردووە کە بۆتە مایەی نەفرەتی مرۆڤایەتی و روورەشییان بەرامبەر بە  مێژووی مرۆڤ. ئەحمەدی لوڕ ئەمرۆ دەستی داوەتە قەڵەمێك، قەڵەمەکەی رم و شمشێر و گەرانەوە بەرەو دوا نییە، دەست لەم پرۆژەیە هەڵناگرێ، جارێکی کە سێ و دوو ناکات، بریارێکە و دەبێ بەجێي بهێنێ دەبێ بڵێ خەڵکینە من ئەمەم دی و ئەوەم دی،

ئەمەم بیست و ئەوەم بیست. من لە گێژەنەکەی تەمموزی (1959) دا کە لە شارەکەمدا روویدا ژیام و لە نێزیکەوە هەستم بە بارودۆخەکە کرد. خەڵکینە من دەمەوێ بڵێم لە هەموو مێژوودا ستەم لێکراو بووین، بەڵام لەم مێژووەدا دەستێکی باڵامان هەبوو لەو ستەمانەی لە شەقامەکان و کۆڵانەکانی شارەکەمدا بەرپاکرا. بیانووەکان لاوازن، بەر پەرچدانەوەی پارێزەرەکان نایاسیین، خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین، بە دوو قسە دەمانەوێ لەم بەرسیارێتییە خۆ بشارینەوە، گوناهەکان و تاوانەکان بخەینە سەر هەندێ لایەنی سیاسي بەبێ ئەوەی ئەوەمان لە بیربێ کە خۆمان بەشێکی سەرەکیي بووین لە جەماوەري ئەو لایەنانە.

ئەحمەدی لوڕ ئەمرۆ لە پایزی تەمەنیا رەوت دەکا، دەیەوێ پێش ئەوەی بچێتە وەرزی زستانییەوە یان ئەم دونیایەی لەبەر چاو بزربێ، چي پێیە لە یادگارەکانی رووداوەکانی ئەو سێ چوار رۆژە بیخاتە سەر تەبەق، پێش ئەوەی بسوێن و بگاتە کات و ساتێ رەنگەکان لەلای تێکەڵ بن و رەش و سپي بە تەواوی لێك نەکاتەوە، راست و چەپي خۆي بە ئاسانی دەستنیشان نەکا. بریاري دانشان بە تاوان و گوناهەکردنی ئەو کۆمەڵگایەی کە خۆي تاکێکە لێي، لە سەرەتادا تەنها پرۆژە بوو، پێشنیارێکی کرچوکاڵ بوو. پرۆژەکە لەرزۆك و ترسنۆك بوو، هەموو شتێکی نەدەدایە دەستەوە، دەیویست رووداوە تاڵەکان بگێرێتەوە، بەڵام پەراوێزی روونکردنەوە و رێزکردنی راستییەکان بخاتە لاوە، چاویان لێ بپۆشێ. نەیدەویست خۆي بخاتە نێو تێلبەندی توومەتەوە، حەزی لێ بوو هەموو شتێ بڵێ، بەڵام حەزی لێ نەبوو هاوزمانەکانی خۆي بە ستەمکار ناو ببرێن، لە مێژووی ئایندەدا سەرکۆنە بکرێن.

پێش ئەوەی یەك بیرۆکە و یەك رووداوی ئەو مێژووەی مەبەستییە باسي لێوە بکا، یەك دێریان بەرجەستە بکا، وای بە بیردا هات پرس بە چەند هاورێیەکی هاوتەمەنی خۆي بکات، بە شەرتێ ئەو کەسانە لە رێژەی جیا جیابن لە بارەی رۆشنبیري و هەڵوێستی سیاسي و میزاجی کەسایەتی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستە پاش هەوڵێکی زۆر

توانی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆنگرەیەکی بچووك پێکەوە بنێ بۆ ئەوەی پرۆژەکە بخاتە بەردەستیان، هەریەکە و بە کەماڵي ئیسراحەتەوە و بەوپەري سەربەستییەوە راوبۆچوونی خۆي بکاتە چەند خاڵێك و لەسەر پێشەکی پرۆژەکە دایرێژێ. ئەحمەدی لوڕ لە یەکەم رۆژی ئەو کۆرەی لە پێشنیارەوە بوو بەراستی کەوتە پێشکەشکردنی پێشەکییەك لەبارەی ناوەرۆکی پرۆژەکەی.

ئەو شەوەی کە بۆ بەیانی رۆژی سەرەتای تەقاندنەوەی بیرۆکەی کۆنگرەکەی ماڵەکەی خۆي بوو، شەوێکی نا ئاسایي بوو، شەوێك بوو لە شەوانی تر نەدەچوو.

ئەحمەدی لوڕ ئەو شەوە هەتا بەیانی لەسەر درك ئەم دی و ئەوی کرد، چەند جارێ بەگژ چنۆکە و دەعبای ترسناکدا چوو، مێردزمە چەند جارێ سوار سینگی بوو، دەیگرت لە بینی، بەدەم هاوارێکەوە خۆي لە چنگی رادەپسکاند. کەسانی تري هاتە خەو، یەکێك دەیگوت:(ئەمە نەکەی باشە...خۆت ریسوا مەکە... گوناهی خۆت ئاشکرا مەکە...هەروەك بە پیاو باشي ناسراوی با هەروا بمێنیتەوە...رەزای خۆت گران مەکە...دەورو بەرەکەت لەم جۆرە بیرۆکەیەی تۆ تێناگەن، ئەوەندە دەزانن(ئێمە لەسەر حەقین نەیارەکانمان لەسەر ناحەق)

(خراپەکارییەکە لەوانەوە دەستی پێکرد جێگەی مشت پێ لەقەیە، چیان پێکرا لە جێي خۆي بوو...با تۆبە بکەن...).

بەرە بەرە خاوەن ئەم قسانە لەبەر مینای چاوی کاڵ دەبووەوە، بزر دەبوو، لەسەر هەمان شاشە یەکێکی تر پەیدا دەبوو بە بزەیەکەوە لێي دەهاتە پێش، دەستەکانی دەگوشي: (ئافەرم بۆ خۆت...لەسەر پرۆژەکەت برۆ...با ببیت بە دەستپێشخەر، ناوت لە لاپەرە رۆمانەکانی مێژوودا بدرەوشێتەوە...شتێك بڵێ کەم کەس گوتوبێتی ... ئەوەی لەگەڵ ڕووباري رێرەی گشتیدا دەروا، لە کەسەوە دیار نییە...ئەوەی رێچەکەیەکی تایبەتمەند بگرێتە بەر، هەر هەموو لای لێ دەکەنەوە و هزریان دەهەژێت وتوێژی لەسەر دەکەن...بە مرۆڤێکی بەزات دەیژمێرن...).

ئەگەر مەسەلەکە هەر لەم سنوورەدا بووەستایەوە هەندە کاري نەدەکردە سەر دڵ و دەروونی و مێشکی نەدەهەژاند، ترسي نەدەخستە بەر.
بەڵام (ئەوانگەلەکان) جار بەجار بە قەفي سمێڵی ئەستوور و شەرواڵی پان و پۆر و خەنجەري بەر پشدێنەوە دەکەوتنە هەرەشە...(ئەم قسانە بخەینە سەر کاغەز زمانت دەبرین، ئێمە لە مێژوودا ستەممان لە کەس نەکردووە، بە درێژایي سەدەکان هەر ستەم لێکراو بووین. هەر نیشتمانی ئێمە بووە و پۆستاڵي داگیرکەران، هەر ملي ئێمە بووە و شمشێري دەوی تاڵانکەران، هەر سینگی ئێمە بووە و فیشەکی زۆرداران هەڵي دریوە. نەکەی ئەمە بکەی قایل نابین بە ناوی ئێمەوە بدوێي، هەر بەڵگە و کاغەزێك پەیوەندی بە پرۆژەکەتەوە هەبێ ئێمە مۆري ناکەین، بەڵکە دوو هێڵي راست و چەپي لەسەر دەکێشین و رووخسارتي پێ دادەپۆشین.
ئێمە نموونەی پاکی و راست و رەوانی گەلانین، کەس بۆي نییە بە خراپە ناومان بێنێ...).
ئەم دۆزەخە بووە مایەی بێ ئۆقرەیي چەند ساڵ و مانگ، هەرچەندە لە رۆژی بە جێهێنانی پرۆژەکەی دەبووەوە، دۆزەخەکە وەکو گۆرێکی تەسك گۆرەشاري دەکرد و ئامانی لەبەر دەبري.
پاش ئەوەی بیرۆکەی پرۆژەکەی بۆ چەند هاورێیەکی شیکردەوە کە بە تەنیایي یان بە جووتە دەیانی بینی، لەنێو دوودڵي و نیگەرانی رۆژی دەبردە سەر، بەڵام بیروراي هەمووانی خستە نێو هاوکێشەیەکەوە کە لە سەرجەمەکەی و ئەنجامەکەی راما، گەیشتە ئەوەی بڵێ: (بەردەوام بوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا چاکترین رێگایە کە لەم بارەگرانەی بەسەر شانییەوەیە رزگاري ببێ..) هەندێ جار قسەی ئەوان کاري تێ دەکرد: (چیت داوە لەم گرفتەی بۆ خۆتی دەخولقێنی..بۆچی هەر تۆ لەم شارەدا کوردی..؟..بۆچی هەر تۆ دارت راوەشاندووە داوتە بە تەپڵي سەري زیندوو مردوودا...؟...وەرە لەم کارە دەسهەڵگرە، زمان بووەستێ سەر سەلامەتە...). کەچی

هەندێ سات کە تۆماري نێوی کەلێنەکانی مێشکی دەخستەوە سەر شاشە، سەرلەنوێ لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەکەی سوور دەبووەوە...(ئا ئەوە ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی بەرەو لام هات، شۆفێرەکەی دەناسم خەڵکی گەرەکی خۆمانە، گوێم لە هاوار و ژاوە ژاوێك هەیە. کە هەرچەند ئۆتۆمۆبیلەکە نێزیك دەبێتەوە، هەراو هوریاکە بڵندتر و روونتر دەبێ، ئەوە منم لەسەر کۆڵانێك لە (شاترلو) بە تەنیشت مزگەوتەکەی (مەلا ئەحمەدی فرعەون)ەوە راوەستاوم. سێ و چوار گەنج لەولامەوە راوەستاون ئەوە ئۆتۆمۆبیلەکە گەیشتە ئاستمان، ئەوەی چاوەروانمان نەدەکرد دیمەنی لاشەی مرۆڤێك بوو کە بەدووی ئۆتۆمۆبیلەکەوە بەسترابوو بەسەر عەردا رادەکێشرا، گیانی دەرچوو بوو. کە گەیشتە ئاستمان دوان لە گەنجەکان کەوتنە جوولە، یەکێکیان دارێکی بە دەستەوە بوو رایوەشاند، دای بە تەپڵي سەر کابرای راکێشراودا، ئەوەکەی تر بەردێکی هەڵگرد و پێیاکێشا. کە بیست هەنگاوێك دیمەنەکە دوور کەوتەوە گوێم لە خۆمە دەڵێم: (ئەرێ ئێوە ئەم کەسەتان ناسي بەم حاڵە گەیەندراوە...؟!) هەردوو گەنجەکە بە یەك دەنگ گوتیان(نا بەخوا..!!)ـ کابرایەك لەولاترەوە راوەستاوە گوێم لێیە دەڵێ(ئەوە زوهێر چایچییە...نازانی...؟!)ـ تۆمارەکە لەبەر چاوم چرکە بەچرکە لێڵ دەبوو، لەگەڵ گەورەبوونەوەیا خەریك بوو ببوورێتەوە. کە هاتەوە خۆي پەنجەی راوەشاند و کەوتە قسە: (بە هەموو شتێکی پیرۆز سوێند بێ دەبێ تا دوا هەنگاوی پرۆژەکەم کۆڵ نەدەم)ـ
مامۆستا عەباس و شێخ ئەحمەد و قوبادی یاساناس و سەدرەی چیرۆکنووس و عەبد ئەلسەلامی شاعیر و شێرزادی سیاسەتمەدار، ئەندامی کۆنگرەکە بوون کە لە ماڵی ئەحمەدی لوڕ گرێ درا. ئەم ئەندامانەیش هەر هەموو کۆنە ناسیاوی یەکتري بوون.
(براینە با پەنجە بنەمە سەر بربرە پشتی مەسەلەکە، دەڵێن ئەرمەنەکان داواکارییەکیان خستۆتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی ئەو قەسابخانە و قرکردنەی

سەرەتای بیست تورکەکان دەرحەقیان کردوون، مەحکووم بکرێ و داوای ئەوە دەکەن دەبێ تورکیا ئەمرۆ دان بەو جینۆسایدەی ئەوسا بنێت و داوای لێبوردن بکا لە ئەرمەنەکان. کوردیش ئەوسا بەشێك لەو هەڵمەتی قرکردنە کەوت، هەوڵدانی رژێمی دیکتاتۆري عێراقیش لە هەشتاکاندا بۆ قرکردنی گەلي کورد کە بە ئەنفال ناودارە، نموونەیەکی گەورەیە لەو تراژیدییانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدەس رەگەزپەرستان ئەنجام دراوە. درێژە بە قسەکانم نادەم، یەکسەر دەچمە ئەو مەبەستەی کە ئەمرۆ ئێوەم بۆي بانگهێشت کردووە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ئێمەیش دان بنێین بەوەی رۆژێك لە رۆژان ستەمکار بووینە، با ئەو ستەمەش لە سنوورێکی تەسکدا بووبێ و ناوبانگی لە جیهاندا نەبێ و بەدەگمەن لاپەرەکانی مێژوو بەسەریان کردبێتەوە. ئەگەر ئێمە دان بەو تاوانە بنێین، خۆمان لێیان پاك دەکەینەوە، هەر مرۆڤێکی بە ویژای ئێمە پاش ئەوە دەحەسێتەوە، چونکە داننان بە تاوان تاوانەکە تا رادەیەکی زۆر دەسرێتەوە. من بە تەمام پرۆژەیەکی وا بنووسمەوە، ئێوەش ئەگەر راتان لەسەر بێ لە پەراوێزی پرۆژەکە پەنجە مۆري خۆتان بکەن).
مامۆستا عەباس لە ئەحمەدی لوڕ راما، دوايي چاوێکی گێرا بە رووخساري ئەندامەکانی تري کۆنگرە بچکۆلەکەدا...
- ئەم جۆرە قسەیە یەکەمجار ئاوا بە ئاشکرا لە کوردێکی خۆمانەوە ببیستم..ـ ئا ئێستا هەر گوتراوە ئەوان دوژمنی ئێمەن و پیاوی دەوڵەتێکی ترن و لە رووداوەکانیشا دەسدریژکەر بوونە و هیچ کاتێ خۆشیان بە چارەی کورددا نەهاتووە....
شێخ ئەحمەد قسەکەی بە مامۆستا عەباس بري و بە هەندێ دەنگ بەرزییەوە کەوتە قسە...
من باوەر ناکەم لە هیچ مێژوویەکدا ئێمەی ستەممان لە کەس کردبێ، ئەم قسانەی کاك ئەحمەدی لوڕ ناچنە عەقڵەوە و شێواندنی راستییەکانی رووداوەکانە دان پیانانی چی و شتی چی...بەخوا من سەد بەڵگەنامەی وا بخەنە

بەردەسم پەنجەیەکی لێ نانێم. دەزانی ئەوان هەمیشە چەن خراپ بوونە لەگەڵ ئێمەدا؟. ئێمەیان هەر بە ئینسانیش نەزانیوە و بە چاوێکی سووکەوە سەیرمانیان کردووە.
ئەحمەدی لوڕ لە سەرەادا نیازی وابوو گوێ لە هەموو بگرێ ئەوسا بێتە قسە، بەڵام بەم قسانەی شێخ ئەحمەد ئارامی لێ براو قیتەوە بوو و رووی کردە هەموویان:
- براینە ئێمە هەر هەموو رۆشنبیرین، دەبێ لە ئاستی رۆشنبیراندا بدوێین نەك وەك کابرایەکی بازاري و سادە، ئێمە دەبێ هەموو دیوێکی مەسەلەکە بخوێنینەوە۔
شێخ ئەحمەد رەنگی سوور هەڵگەرا، پێي وابوو ئەم قسانە بەرپەرچدانەوەیەکی تایبەت بوو بۆ قسەکانی ئەو، بۆیە دەرفەتی نەدا ئەحمەدی لوڕ زیاتر لەسەري بروا.
- تۆ دەتەوێ دەسدرێژییەکانی ئەمرۆمان لە بیرچێتەوە؟ ئەی خۆي زۆرجار نەتگوتووە دووا نیوەرۆی (14)ی تەمموزی (1959) کاتێ رێپێوانەکە گەیشتە ئاست چاخانەی (یولدز)ی تورکمانەکان، لە ناو و لە سەربانی چاخانەکەوە بەردە بارانی رێپێوانەکەیان کرد کە زۆربەي زۆري ئێمەی کورد بووین؟!
ئەحمەدی لوڕ نەیویست زیاتر شێخ ئەحمەد دەمار بیگرێ، بۆیە رووی دەمی کردە ئەوانی ترو چاوەروانی بەشدار بوونیانی لەم گفتوگۆیەدا کرد.
سەدرەی چیرۆکنووس کە پیاوێکی رەقەڵە و هەمیشە کەمدوو و هێمن بوو، بە نەرمییەوە تێکەڵاوی قسەکانی کرد...
براینە ئێمە نەهاتووینە تازە بە تازە گرفت و رووداوێکی تاڵي کۆن چارەسەر بکەین. تەنیا ئەوە نەبێ هەندێ بیرورا دەگۆرینەوە لە بارەی ئەم پێشنیارەی کاك ئەحمەد خستییە بەر دەسمان، دیاریشە پێشنیارەکە لە زووەوە لە مێشك و دەروونیدا کاري کردووە و گەییوە، لە وانەیشە لەو یادگارانەوە هەڵقووڵاوە کە لە کاتی لاویدا بە چاوی خۆي بینیویە و لە دەیان کەس بیستوویەتی کە ئەو دوو سێ رۆژە

لەم شارەدا چی کراوە. هەرچەندە ئێمەیش هەر هەمووومان چمکێك یان زیاتر لە مەسەلەکە ئاگادارین. (عبدالسلام)ی شاعیر کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ ئەحمەدی لوڕدا لە یەك شانەدا بوون لە شانەکانی پارتی، ویستی رایەکەی خۆي لە رێگەی نواندنێکەوە روونکاتەوە...

- ئەرێ جەماعەت ئەگەر لە هەر یەکێکتان بپرسم کە بەرێگەیەکدا دەرۆیشتی یەکێك لە دواوە بەردێکی بە شانتا دا چی دەکەی؟. دیارە ئەگەر بتوانی دەچی سەرزەنشتی دەکەی و بتوانی هەندێکیشي لێ دەدەی، ئایە ئەمە شتێکی ئاسایي نییە؟!

زۆربەیان قسەکەیان بە ماقووڵ زانی، بەڵام چاوەرێي تەواوکردنی وێنەکە بوون...

- ئەی ئەگەر دەسەڵاتت هەبوو بچي کابرا بگري و گوریسێ بکەیتە پای و ئۆتۆمۆبیلێ بێنی پێوەی ببەستی و هەر بە زیندوێتی بیدەیتە عەردا و بە ئۆتۆمۆبیلەکە رایکێشي هەتا مردن، ئەم کۆڵان و ئەو شەقامەی پێ بکەی، ئەمەیان راستە؟

ئامادەبووان سەریان بادا، تەنیا شێخ ئەحمەد نەبێ هەندێ سەري داگرت و بێدەنگ بوو.

ئەم کۆنگرە بچووکە هەرچەندە لە دایکبووی ئەمرۆیە، بەڵام بنەمای بیرۆکەکەی و حەزی بەستنی زۆر کۆنە. کاکڵەی بیرکردنەوەیەکی چل ساڵییە، لە دەفتەري یادگارەکانی ناو هەگبەکەی سەرشانی ئەحمەدی لوڕ جێگیر بووە، خەریکە زەرد هەڵدەگرێ. هەوێنەکەی ئەو ئازارەی گەزی لە ویژدانی ئەحمەد دا کە هێشتا کەسێکی کەم ئەزموون بوو لە ژیاندا، تەمەنی لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بوو. زۆرجار کە دەچوو بنوێ یان لە کاتێکا کتێبێکی دەخوێندەوە بۆنی خوێنی لێ بهاتایە، یەکسەر ویژدانی دەکوولایەوە، سەر لەنوێ بیرەوەرییەکانی بەرەو ساڵی (1959) پەلەکێشیان دەکردەوە.

هەرچەندە چەندین ساڵ لەو رووداوە بە دواوە گەلەکەی ستەمێکی زۆري لێکرا، نیشتمانەکەی وێران کرا، کەللە سەري منداڵي کورد بەدەم سەگەوە بینرا، هەتکی نامووسي

سەدان ئافرەتی کورد کرا، چەندین کیژی کورد فرۆشرا بە خەڵکی وڵاتان، ئەمە هەمووی کارەسات بوون، هەستی هیچ مرۆڤێك چەند دڵ رەق بێ هەڵیناگرێ. بەڵام ئەوەی کە ئەحمەدی لوڕي هاندا بەرەو هەندێ هەڵوێست و پێشنیارکردنی ئەم کۆنگرەیەی لە ماڵەکەیدا بەستوویەتی، هەوڵدان بوو بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارێکی زەق ئەویش ئەوەیە، ئایە ئەگەر ستەم لە گەلي ئێمە بکرێ، پاساوێکی ماقووولە بۆ ستەم کردنی ئێمە لە گرووپ و کۆمەڵێکی تر؟. زۆرجار بە دزی و بە ئاشکرا هەندێ جار هەڵوێستەکەی دەخستە بەردەم کەسانی نێزیك بە خۆي، بەتایبەتی لە کاتی رووداوەکانی ئەوساو دواتر، بۆیە بەر تیر و توانج و نارەزایي دەکەوت. ناچار دەبوو وەك لەشکرێکیی شکاو رێگەی کشانەوەی دەگرتە بەر، بەڵام باوەرەکەی بزمارێکی پۆڵايي بوو لە کۆنکریتدا چەقي بوو، لەق نەدەبوو، جووڵەی نەدەکرد.
هەرچەندە ئەندامانی کۆنگرەکە لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی تر بازیان دەدا یان پرسیارێکیان بۆ پرسیارێکی تر هەڵاو دیوە دەکرد، ئەحمەدی لوڕ یەکسەر وەکو هەڵۆ بە چاو تروکانێك دەگەیشتە گۆرەپان و شەقام و کۆڵانەکانی شارەکەی پێش چل ساڵ زیاتري، رووناکییەکی بروسکە ئاسا وێنەکانی هەندێ رووی رووداوەکانی روون دەکردنەوە، لەوێوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی هەڵدەقووڵاند، یەکسەر دەبوونە هێز و توانایەك بۆ سوور بوون لەسەر هەڵوێستەکەی و توانی پشکۆتنی وەڵامی بەجێ و بە هێز بۆ پرسیارەکانی هاورێکانی، بە جۆرێك کە بوو بوو بە شاسواري مەیانی جریت بازی لیچهاتوو سەرنج راکێشەر... قوبادی یاساناس لە زیندە خەونەکەی بە ئاگای هێنایەوە...
- مامۆستا ئەحمەد، ئەم بابەتەی تۆ ئەمرۆ خستە سەر بەرە، بابەتێکی مردوو و ژەنگاوییە، کای کۆنە و بە بای دەکەی، رەنجێکیی بێ بەرە، چیت داوە لە رووداوێك نێزیکەی پەنجا ساڵی بەسەردا تێپەریوە...؟!ـ
ئێمە لەلایەن یاساییەوە تازە چۆن کەسێك گوناهبار بێ یان گوناهبار نەبێ و توومەت بار بێ بیخەینە تێل بەندەوە و

دادگايي بکەين؟ دوايي ئێمە هيچمان بەرپرسيار نين لەو تاوانانەی لەو رۆژەدا کرا بن. ئێمە ئێستا دەتوانين چی لە مەسەلەکە بگۆڕين؟ مەرج ئەمرۆيە چی روو دەدا...لە دوای چووان مەچۆ..ئەم گفتوگۆيەی ئێمە ئاسنی سارد کووتانە، بە خۆرايي دەمی خۆمان تاڵ دەکەين.
ئەحمەدی لوڕ هيچ قسەيەکی نەخستە سەر قسەکانی قوباد تا گوێ لە بە دواداچوونی چەند کەسێکی تر نەبێ...
- برام قسەکانت لە جێي خۆين و من بەش بە حاڵي خۆم بەرپرسيار نيم لە هەر بريارێك لەم کۆنگرەيەدا دەربچێ...
- جا ئێمە لە باتی ئەوەی بەرگري لە کردەوەی نەوەی پێش خۆمان بکەين، بچين ناشيرينی بکەين و بيخەينە لاپەرەيەکی رەشەوە تا دوژمنانمان پێمان خۆش بن؟!
- من باش لە بەمەستی مامۆستا ئەحمەدی لوڕ تێدەگەم، مەبەستەکەی لەوە قووڵترە کە ئێمە بە ساکاري سەيري بکەين، ئەمە مێژووە...مێژوو...دەمانەوەێ ئەو گوناهانەی کەسانيچك لە نەوەی پێش ئێمە کردوويانە بسرينەوە، مامۆستا ئەحمەد لێرەدا خۆي دەچووێنێ بە (مەسيح) ی گەلەکەی و دەيەوێ پاکيان بکاتەوە لە گوناهێکی گەورە، سرينەوەکەيشي بەوە دەبێ دانی پێدا بنێين و داوای بەخشين لە نەوەی ستەم لێ کراوەکان بکەين.
- ئەگەر مەسەلە ستەم و دەسدرێژي کردن بێت بۆ سەر خەڵکان، ئەوە هەر هيچ نييە لە چاو ئەو هەموو دەريا ستەمەی بە درێژايي مێژوو ئابلۆقەی کوردی داوە، دەريايەکی وا کە زۆرجار نێزيك بووە لە هۆي خنگاندن و فەوتان و لە ناوچوونی هەتا هەتايي. ئەو زەلالەت و نەهامەت و ئازارەی کورد تووشي بووە لەوانەيە ئەگەر بخرێنە تايەکی تەرازووەوە بەرامبەر بە هەموو ئازارەکانی ناوچەکە، سەنگەلا بێ و گرانتر بێ...ئەی بۆ لێرەدا باس لەوە نەکەين...؟
ئەحمەدي لوڕ هەموو جارێ ناچار دەبوو دەگەرايەوە چوارگۆشەي يەکەم لە نەخشەي روونکردنەوە و مەبەستەکەي لەم کۆنگرەيەدا، بۆيە کە مامۆستا عەباس ئەم پرسيارەي کرد، ئەم گەرايەوە ساتەکاني يەکەمي

کۆنگرەکە، بۆ ئەوەي مەسەلەکان رۆشنتر و لەبەر چاوا ئاشکرابێ، بەدەنگێکي تونترەوە کەوتە قسە:
- براینە من بروام بەوەیە کە ستەمکردن بەقەد چیایەك بێ یان پر بە مشتێ هەر ناوي ستەمە. ئەوەي بەشێوەیەکي ناشیرین گیاني مرۆڤێك دەرکا، ئەگەر بۆي بلوێ یان بارودۆخێك هاني بدا، لەوانەیە فەرمان بە لەناوبردني تەواوي نەتەوەیەك بدا... دەڵێن سەدام کە منداڵ بوو چاوي بەچکە پشیلەي دەردەهێنا، ئەمەي کردبووە خوو، بۆیە کە دەستي رۆیشت قرکردني گەلێکي لا کردەوەیەکي ئاسان بوو.
مامۆستا عەباس هەستي کرد قسەکەي ئەو لە جێي خۆیەتي، بۆیە خۆي بە بەزیو زاني، بۆ ئەوەي هاورێکانیشي درك بەو بەزینەي نەکەن دەستي بر پاکەتەکەي دەرکرد و بە پەلە جگەرەیەکي داگیرساند و مژێکي قووڵي لێدا.
شێخ ئەحمەد بەدەنگە گەورەکەیەوە قسەیەکي خستە کەلێني ئەم قسانەوە...
- کەواتە ئێمە و خەڵکاني تر لە مێژوودا لە بارەي نەهامەتي لێکردنەوە، دەبێ بەیەك چاو سەیرکرێین؟! نە بەخوا ئەمە هاوکێشەیەکي چوون یەك نییە و بەئاشکرا هەڵە و ناراستە.
ئەحمەدي لوڕ پێویستي بە روونکردنەوەي فرەتر هەبوو، وەکو مامۆستایەك بۆ چەند قوتابییەك شي بکاتەوە دەستي بە وردەکاري کرد...
- ئێمە با قسەکانمان و بیر و بۆچوونەکانمان بخەینە لایەکەوە... ئایە یاسایەك لە جیهاندا هەیە تاوانێك بە تاوانێکي تر پاساو بکاتەوە؟، داننان بە تاوانکردن، رق و کینە و ناحەزي بەرامبەرەکەت دائەمرکێنێتەوە یان نا؟!، ئایە داننان بە تاوانیش نیشانەي جوامێري و پیاوەتي نییە؟. بەتایبەتي ئەگەر لەنێوان دوو لایەندابێ بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ بەدرێژایي مێژووي داهاتوو پێکەوە بژین و شوورە و دیواري یەك شار و یەك ناوچە بیانخاتە نێو بازنەیەکەوە...؟!
ناو بەناو وتووێژەکان تێکەڵاو دەبوون، هەندێ جار لە مەبەستي یەکتري بە تەواوي تێنەدەگەیشتن، بەڵام لەبەر ئەوەي زۆریان هاوتەمەن بوون و سەردەمي لاوێتیان

پەیوەندي هەبوو بە رووداوەكاني ئەوساوە، هەر هەموو چێژێكیان لە قسەكان وەردەگرت و هەندێ بیرەوەرییەكاني خۆیان لەم ساتەدا بە بیر دەهاتەوە بۆیە كۆنگرەكە گەرم و گوري خۆي لەدەس نەدا.
بیرۆكەي بەستني ئەم كۆنگرەیە لە ئەندێشەي ئەحمەد لوڕدا دەگەرێتەوە ماوەیەكي كەم لەدواي رووداوە زەقەكاني (1959)، بەڵام ئەم پیاوە سەرسپییە كە كاتێ هێشتا ئەحمەدێكي رووت و قووت بوو، نازناوي لەخۆ نەنابوو، زۆر جار لەگەڵ بیرۆكەكەدا باڵانگژ دەبووەوە، ساتێ خۆي لەو بگرەو بەردەیەدا سەردەكەوت و تاي تەرازووەكەي بەلایدا دەشكا، ساتێكي تر لەژێر فشاري هەستي رەگەزپەرستي و لەخۆبایي بوون دەسبەرداري دەبوو، لەنێو دوو ئاگردا چەندین ساڵە مۆڵەقە دەكا. وا پێ دەچێ كەش و هەواي ئازادي پاش رزگاركردني عێراق هەندێ لە رەگەز پەرستییەكەي خاو كردبێتەوە، چەقۆي دژایەتي لەگەڵ توركماندا بێ تەوژم و بێ هاندان بوو، بۆیە بریاریدا دەبێ ناوەرۆكي ئەو كۆنگرەیەي چل ساڵ زیاترە لە مێشكیدا گەراي داناوە و بەرەبەرە بۆتە گڵۆڵەیەكي گەورە و گرێیەكي پر ئازار لە سینگیدا بیخاتە سەر مێز و چەند هاوتەمەن و رۆشنبیري ناسیاوي خۆي لە دەور ئەو مێزە خرەدا كۆ بكاتەوە.
بەڵام ئایە ئەم كۆنگرەیە دەتوانێ هەموو هەڵوێستەكان وەك دەستەگوڵێك كۆبكاتەوە؟ یان گوڵەكان هەر یەكە و رەنگەكەي خۆي دەپارێزێ و مل دانانەوێنێ بۆ رەنگێكي دیكە..؟ هەرچي چۆنێك بوو گرنگ ئەوەیە راستییەكاني مێژوو دەقاەدەق وەكو خۆیان بخرێنە بەردەست و نەخشەیەكي روون و ئاشكرایان بۆ بكێشرێ، كەسێك لە باخەڵیدا چەند نهێنییەك نەشارێتەوە. با ئەوەي لەبن بەرەیە بێتە سەر بەرە.
لاي ئەحمەدي لوڕ تەنیا ئەوە گرنگ بوو كە پر بەدڵ، پر بە سییەكاني هەناسەي حەسانەوە هەڵكێشێ و هەستي تاوانكردن و بەرپرسیارێیەتي لە بیاباني دەروونیدا بسرێتەوە، بەڵام بریار دەركردنێك بە تەنیا كارێكي ترسناك

بوو، دەترسا کۆمەڵگاکەي بەردەباراني بکەن بە توومەتي درۆکردن خيانەت و خيانەتکردن لەنێو تێلبەندي دادگادا رايگرن، بۆيە واي بەباش زاني کە ئەگەر ئەنجامێکي خراپيش بوو، با چەند کەسانێك لەگەڵ خۆيدا هاوبەش و هاوهەڵوێست بەشدار بکا، بە تەنيا دژ بە خەڵکاني تر نەجەنگێ.
کۆنگرەکە زۆري خاياند و هەندێ لە ئامادەبووەکان بە ئاساني خۆيان نەدەدايە دەستەوە، نەياندەويست رەشمەي خۆيان بخەنە ناو دەستي ئەحمەدي لوڕ بە کەيفي خۆي ئاراستەيان بکا. بەڵام ئەم زيرەك بوو دەيتواني گفتوگۆيەکان بەشێوەيەك هەڵسوورێنێ کە هيچ کەس لە ئەندامەکاني کۆنگرەکە هەست بە دۆران و کەمايەتي و لاوازي نەکەن. کۆنگرەيەکي ئاوا لە شاري ئازارەکان بە ئاشکرا ببەسترێ بۆ هەموويان کارێکي تازە و کردەوەيەکي سرنج راکێشەر بوو. بەڵام عەيبەکەي ئەوەبوو لە بازنەيەکي بچووکي داخراودا بوو، لە دەرەوەي سنووري بازنەکە دەنگدانەوە و کاردانەوەي نەبوو، هەرچەند ئەحمەد لوڕ بيري لەم لايەنە دەکردەوە، هەندێ سارد دەبووەوە، دووبارە بێ ئومێدي دێرەکاني پرۆژەکەي کاڵ دەکردەوە، بەڵام ساتێکي تر دووبارە دەهاتەوە گور.
- واي بە باش دەزانم کاکڵەي ئەم دانيشتنەمان بکەينە بەيانێك و هەوڵبدەين لەسەر لاپەرەي يەکێ لە رۆژنامەکانا بۆ گەلەکەمان بەڵاوي بکەينە... ئێوە دەڵێن چي؟
- قسەيەکي جوانە.. منيش واي بە باش دەزانم...
- بەخوا براگەل من بەيان پەنجە مۆر ناکەم و بە کارێکي سوود بەخشيشي نازانم...
- باشتر وايە ئەوەي راي لەسەرە پەنجە مۆري بکا، ئەوەي دژ بە ناوەرۆکەکەيەتي نەيکا...
قوبادي ياساناس واي بۆ دەچوو ئەگەر بەيانەکە بە کۆي دەنگ بێ کاريگەرتر دەبێ. بەڵام شێرزادي سياسەتمەدار جياوازي هەڵوێستي بە ئامارێکي ديموکراتي دەزاني، بۆيە دژ بە پێشنيارەکەي ئەحمەدي لوڕ نەوەستا. هەرچي شێخ ئەحمەد بوو ئەم دانيشتنە و ئەنجامەکەي بە يارييەکي بێ

تام و بە گوێزێكي پووكي چواند، بۆیە بە بزەي پێكەنینەوە هاتە قسە:-
- ئەم دانیشتن و خۆماندي كردنە بەلاي منەوە یەك سوودي هەیە، ئەویش ئەوەیە هەندێ بیرەوەرییەكاني خۆمان هەڵئەدەینەوە، تام و چێژي لێ وەردەگرین.
دەمارەكاني مێشكمان زاخاو دەكەین، چونكە یەكێ لە راستییەكان سروشتي مرۆڤ ئەوەیە بیرەوەري گێرانەوە تاڵ بێ یا شیرین، هەر خۆشییەك دەبەخشێتە خاوەن ئەو بیرەوەرییانە. ئەمە هیچ ئەنجام و كاریگەرییەكي ئەوتۆي نابێ نە بۆ مێژوو، نە بۆ سوودي گەلەكەمان. جگە لەمەیش لەوانەیە كاردانەوەي خراپي لێ بكەوێتەوە...!ـ
مامۆستا عەباس بە جووڵەي هاوهەڵوێستي خۆي لەگەڵ شێخ ئەحمەددا دەربري...ـ
- ئەرێ بەخوا لەوانەیە ئەگەر ئەنجامي ئەم دانیشتنە بنووسینەوە و بەشێوەیەك لە شێوەكان بەڵاوي بكەینەوە، دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەي توركمانەكان سەرلەنوێ چەقۆي رقمان لێ تیژكەن، بۆیان بلوێ سكاڵامان لە دژ دەكەن و بە توومەتي بەشداري بوون لە تاوانەكاني ساڵي (1959) دەسگیرمان بكەن،... لێي گەرێن رووداوەكاني (59) بوون بە مێژوو و خۆڵ لەسەریان نیشتووە..ـ دووبارە بە بیري خەڵكاني مەخەنەوە... كەسیش و هیچ لایەنێكیش لە مێژووي مرۆڤایەتیدا نەمان بیستووە دان بە تاوانەكانیاندا بنێ... ئیتر ئێمە ئەمە بۆ بكەین...؟!.
شێرزاد ویستي سرنجێكي خۆي بخاتە سەر ئەم قسانە... قسەي بە عەباس بري...:
- جا مامۆستا ئەمە شتێكي سروشتییە.. زوڵم و زۆر لە هەموو قۆناغەكاني مێژووي گەلاندا كراوە، ئەوەي ئەحمەدي لور پێشنیاري كردووە رێچكەیەكي تازەیە نایەوێ ئێمەیش وەكو گەلاني تر چاوپۆشي لە ستەمەكانمان بكەین. ئەوەتا توركەكان و عەرەبەكان و فارسەكان و بە سەدان ساڵ نیشتماني ئێمەیان داگیركردووە، بەرووبوومیان بە تاڵان بردووە..ـ چەند جاریش شار و گوندمانیان خاپوور كردووە بە هەزارانیشیان یان بە

شمشێر سەربڕیوە، یان بە گوللە سینگیان هەڵدڕیوە.
ئەگەر بهاتبایە دەستەیەك ڕۆژێك لە ڕۆژان دانیان بە ئەنجامداني ئەو کردەوانە بنایە، لەوانە بوو هەندێ فەرامۆشیمان پێ بهاتایەوە... لەوانەیش بوو دروشمي لێبوردنیان بۆ هەڵگرین.
(عبدالسلام)ي شاعیر کەوتە جوولە جوول، دیاربوو قسەیەکي پێ بوو:-
- بەڵێ هەموو شتێك ڕێژەییە، هەر کەسە و لە گۆشەي خۆیەوە دەیرواني لەوانەیشە دیوەکاني تري ئەو شتە نەیەنە بەرچاوي یان بە ئەنقەست چاویان لێ بپۆشێ، ئەگەر سوودي خۆي تیانەبێ. بۆ نموونە شاعیران کە بەرامبەر ڕووي مانگ ڕادەوەستن و سەیري سیحري ڕووخساري دەکەن، یەکسەر سۆزي شیعر گوتنیان دەپشکوێ، ڕووخساري دڵدارەکانیان دێنێتەوە یاد، بەڵام چەندي لێي ورد ببنەوە ئەوەیان بە ئەندێشدا نایە کە ئەو دیوي مانگ تاریکە... بۆیە دەڵێم ڕاستییەکان ڕێژەیین، لەوانەیە ئەوەي لاي من ڕاستە و یاساییە لاي یەکێ تر پووچ و بەتاڵ و ناڕاستە. تا ئێستا هەرچي باسي لە ڕووداوەکاني ئەوساي کەرکووك کردووە هەر بەم ڕستەیە دەسیان پێکردووە (خەتاي ئەوان بوو، ئەوان دەسپێشخەر بوون، لەوە پێش خۆیان بۆ ئەم ڕووداوانە ئامادە کردبوو...).
(عبدالسلام) لەوەندە ڕانەوەستایەوە، لەسەر قسەکاني ڕۆیشت، بیرۆکەیەکي تري بەرپاکرد کە بەم شێوەیە بوو...
(برادەرینە ئێمە با ڕاستییەکمان لەبیر نەچێ ڕاستییەکە گرنگە، کورتەکەي ئەوەیە کە تاوانباراني ڕۆژاني تەمووزي ئەو ساڵە هەر هەموو دەستگیرکران و درانە دادگاو حوکمي خۆیان بەسەردا سەپێندرا، خۆ لەبیرتانە ( 28) کەسیان لە بەندیخانەي کەرکووکدا لەدواي کودەتاکەي نەتەوە پەرستەکاني عەرەبي ساڵي (1963) لە قەنارە دران، دواییش لاشەکانیان گواستەوە، لە چەند گۆڕەپان و شەقامێکي سەرەکي کەرکووك هەڵواسران و تورکمانەکان بە هەموو جۆرێکي ناشیرین سووکایەتیان بەو لاشانە کرد. دیمەني ئاوا بە هیچ جۆرێك لە یادي هیچ

كەسێكي ئێمە ناسرێتەوە. كەواتە هەرچەندە تاوان هەبوو بێ سزاكەيشي بەدوادا هەبووە.
ئەم مەسەلەيە هەموويانى وورووژاند، هەريەكە و كەوتە هەڵپەي ئەوەي بە بۆچووني خۆي كەوچكێك لەم مەنجەڵەدا وەردا... ئەحمەدي لوڕ پێشنياري كرد بۆ ئەوەي باش لەيەك بگەن، با يەك يەكەو يەك لەدواي بەنۆرە بەشداري قسەكان بكەن... خۆي لە پێشدا ويستي بۆچووني خۆي روون بكاتەوە:-
- جەماعەت ئێمە با بە راگەياندني داخ لە دڵان و رژێمي قاسم و پروپاگەندەي لايەنە نەيارەكان هەڵنەخەڵەتێين. ئەو كەسانەي لە ساڵي (1963)دا لە قەنارە دران، دەتوانين بە جۆرێك عەقڵ بيبرێ بيانكەينە چەند بەشێكەوە، يەكەم لەوانەيە هەندێكيان بەراستي پياوكوژ بووبن و ستەميان كردبێ. بەڵام بەشێكي تر لەوانەيە و دوور نييە هيچ دەستيان لەو تاوانانە نەبووبێ، بەڵام رق بەرقێي رەگەزپەرستي بووەتە هۆي گەيشتني بەو ئەنجامە.
لەوانەيشە هەر لەبەر ئەوەي شيوعي بوون يان چالاكي كوردايەتيان هەبووبێ خراونەتە داوي توومەت و دادگاي ئەو سەردەمە. بۆيە ئێمە دەبێ خوێندنەوەمان بۆ مەسەلەكان خوێندنەوەيەكي سياسي و مێژوويي و راست و رەوان بێ.
- نەك هەرئەوەندە، هەميشە ئێمە گوتوومانە دەستي شەريكەي نەوت و پەيماني سەنتۆ لەپشت ئەو رووداوانە بوو. بەڵام هيچ جارێك بەلاي ئەوەدا نەچووين كە شێوەي كاردانەوەي كوردەكان (شيوعي بن يان پارتي) بەشێوەيەكي درندانە و ناشيرين و بێ بەزەيي بوو....
ئەحمەدى لوڕ زۆر مەبەستى بوو ئەم دانيشتنە دانيشتن و دوا دانيشتن بێ، بۆيە هەرچييەكيان پێيە هەڵيرێژن.
قوبادى ياساناس چمكێكى تري مەسەلەكانى دەستەوە:-
- ئەگەر پياوێكي بێ لايەن لەو رووداوانە پرسيارانەى بە خاياڵا دێت...(لەو رۆژانەدا چەند كەس

کوژران..؟ چەندیان کورد بوون چەندیان تورکمـان...؟ لایەن چەکی بەکارهێنا...کام لایەنیش چەکی بەکار نەهێنــا...؟...کــام لایەن خۆیــان کوتــایە ماڵەکانیــانەوە، دەرگایـان لە خۆیـان داخسـت..کـام لاش پـاڵەوانی شەقامەکان و کۆڵانەکان بوون، کۆمەڵ کۆمەڵ دەســـوورانەوە و کـــــردەوەی ناهەمواریـــــان لایەنەکەی تر دەکرد...؟)

هەمـوو ئامـادەبووان بێـدەنگ بـوون، کش و مـاتییەك بـووە چەتر بە سـەریاندا هەڵـدرا، هەر کەسـە و وەك هـۆڵي ئەزموونـدا دانیشـتبێ بەرامبەر بە چەند پرسـیارێکی گران..هەرچۆنێك وەڵامیان بـدایەوە وەڵامەکـان لە چـاکەی ئەمان نەبوو، چونکە یەکەم زیاتر لە (30) کەس کوژرا هەر هەمووشــیان تورکمــان بــوون، کوردەکــان هیچیــان نەکوژرا، کوردەکان چەکدار بوون، تورکمانەکان بێ چەك.

قوبـــاد قســـەکەی تەواو کـــرد: (بە وەڵامـــدانەوەی پرسـیارانە بۆمـان دەردەکەوێ تـوومەتی پیلان گـێران رووبەرووی تورکمان کرابووەوە پر بە پێستی خـۆي نەبـوو. راستە تورکمان حەزیان بە شۆرش و بە (زەعیم) نەدەکـرد لەوەش گرنگتر حەزیان بەوە نەدەکـرد کـورد بـبێتە خـاوەن دەسەڵات لەم شارەدا، بەڵام مەسەلەکە ناگاتە ئەوەی توند و تیژییەکی وایان بەرامبەر بکرێ کە هیچ یاسایەك قەبووڵي نەکا).

یادەوەرییەکـانی ئەحمەدی لـوڕ لەبـارەی ئەو سێ رۆژەی ناوەراســـتی تەممـــووز لەگەڵ زۆربەی یادەوەرییەکـــانی ئەنــدامەکانی ئەم کــۆنگرە بچــووکە یەکیــان دەگــرتەوە، هەندێکێشیان تایبەتمەند بـوون، بەڵام رۆشـناییان دەخسـتە ســـەر یەکــتري. گەر بگەرێینەوە دەفتەرە کــۆنەکەی هەگبەکەی ئەحمەدی لـوڕ، ئەم ووردەکاریانەمـان بەرچـاو دەکەوێ.

* * * * *

وەکو پێشـتر وتمـان ئێـوارەی (14) ی تەممـووز ئەوەبـوو ئەحمەد و کـــــــۆمەڵە خەڵکێکی تر پێکدادانەکەی شەقامی ئەتڵەسەوە بەرەو گەرەگ

گشــابوونەوە، ئەو سێ زەلامەی لە لێــوار خاســەوە روویان هــاتن، هەر ئەوەنــدەی لە کــۆمەڵەکە بەســەلامەتی رەت بوون، پێیــان هەڵگــرت دا بە کورتــترین کــات بگەنەوە ماڵەکانی خۆیــان. ترسـێکی گەورەیــان لێ نیشــت، هەمــوو خەیاڵ و نیمچە سەرخۆشییەکەیان گەیشــتەوە پلەی ســفر. ماڵەکانیان لە گەرەکی (چــای) بــوو کە دەکەوێتە باشــووري قەڵاوە. بەدەم رێگەوە بینیـــــان ئەوا دەورووبەرە بە تاك و بە کۆمەڵ زۆر بە خێرایي بەرەو کۆڵانەکان هەیپەیان لێکردووە، کەســانی وایش هەبــوون نیمچە غار و بە لۆقە لۆق تەکانیان دەدا، لە نێو ئەم خەڵکەدا پۆل پۆل ئافرەتیش بەدی دەکرا. شپرزەیي و تــرس و نارەحەتی بە هەمووپانەوە دیاربوو. وا پێدەچوو هەر هەمـــوو ئەم خەڵکە لە شـــوێنی نێزیك رووداوەکە بووبن، لەوانەیە هەندێکیان تەنیا بۆ ئەوە چووبنە ئەو شــوێنە تا ئەو رێــپێوان و شــێوە ئاهەنگــانە بــبینن بــۆنەی ســاڵیادی ئەو رۆژەرە ئەنجــام دەدرا و چەند لەوە پێشەوە بانگەواز و پرۆپاگەندەی لە هەمــوو شــوێنێکدا بۆ کرابـــوو. بە پـــێي قســـەی شـــایەت حاڵەکـــانی رووداوەکـــان وا دەرکەوت هەنـــدێکیش لەو خەڵکـــانە مەبەستە چووبن تا بەشداري بکەن لە جێبەجێ کــردنی بریــارەی لایەنەکــانی دژ بە شۆرشي تەممــووز دابوویــان، ئەویش لێـــدان و بڵاو پێکـــردنی رێـــپێوانەکە ئاهەنگەکان بوو. ئەو لایەنانەیش بە پلەی یەکەم هێڵي نەتەوە پەرستەکانی تورکمان بوو کە بە تۆرانی ناو دەبران.

زەپنەڵ کە یەکێ بـــوو لەو سێ کەســـە کۆڵانەکەی خۆیان، خواحافیزی لە هەردوو هاورێکەی تري کــرد، خــۆي کــرد بە کۆڵانەکەیــا، لە دوورەوە ئەنــدامەکانی خــێزانەکەی خــۆي بیــنی هەمــوو لە دەرەوەی ماڵەکەیــان راوەســتابوون، بە پەرۆشـــەوە چـــاوەرێي گەرانەوەی بــوون. مناڵەکــانی باوەشــیان پێــداکرد و هەر هەمــوو کەوتنە پرسیار.

- راستیمان پێ بڵێ...ئەم هەرایە چییە و چی روویـداوە...؟ تۆ بەشـداریت تێـدا کـرد..؟...خۆ سـەلامەتی...؟... خۆ کەست نەدی بکوژرێ...
- من هیچي لێ نازانم...دوور بووم لەو شوێنە...
- ئەی باشە لە کوێ بووی، قەول نەبوو تۆیش بەشداربي لە بەردە باران کردنی ئاهەنگی کوردەکـان و سـوورەکان...؟!
ئێمە وامـان زانی ئێستا شەردای..بەراست و چەپدا دار رائەوەشێنی...!!
- بێـدەنگ بن...دەنگتـان هەڵمەبـڕن..وادیـارە لایەنی تێشکاون، بۆیە ئەم هەموو خەڵکە دەبینن قەلفریان لێکردووە.
هەر هەمـوو هەسـتی بەزین و دەسـخەرۆیي دەروونیـان داپۆشـي، بەکـزییەوە یەك یەکە لە دەرگـای مـاڵ ژوورەوە.
- ترسي ئەوەشـمان هەیە ئەو کـافرانە گەرەکەکانمـان و دەس درێژیمـان بەسـەردا بکەن، قۆڵبەسـتی زەلامەکانمـان بکەن...دەرگـاکە بـاش بگـرن، ئەوەندە سەرەتاتکێي دەرەوە مەکەن...دەرگـاش لە مەکەنەوە.
هەرچەنـدە دەنگێکی بڵنـدی دەرەوەیـان گـوێ لێـدەبوو، ترسـەکەیان فرەتر دەبـوو، بەتـایبەتی ئەگەر ئۆتۆمۆبیل بهاتایە...
خێزانەکەی زەینەڵ لە تۆیي ئەم قسانەدا ئەوەی بۆ زەینەڵ گـێرایەوە کە نەختێ پێش ئەوەی ئەم بگەڕێتەوە، یەشـاري کوری باجی گورجیان بینی کە لە هەمان کۆڵانـدا برینداري و قۆڵ شکاوییەوە گەیاندیانە ماڵي خۆیان، ئەمەیش لە نێـوان قـیژە و گریانـدا. کە حەوشـەکەیانەوە یەکسـەر دەرگاکەیـان داخسـت، نەیانویست خەڵکی گەرەگ بێن بە هـاوارەوە و یـان بەدوای باس و خواسیانەوە بچن.
پاش ئەوەی ماڵ زەینەڵ هێـور بـوونەوە، کـپي و بێـدەگیش کـۆڵانەکەی گـرتەوە، یەکێ لە کورەکـانی ئەم ئەو دەربری کە بچێ سەرێ لە ماڵي باجی گورجی بداو بزانێ

باري تەندروستی یەشار چۆنە و راستی مەسەلەکە چییە. هەرچەندە دایك و باوکی هەوڵیان دا ئەم سەر لێدانە سبەی، بەڵام ئەم لەسەر قسەی خۆي سوور بوو. بە هێواشي دەرگای حەوشەی خۆیانی کردەوە، سەرێکی کێشایە دەرەوە، دڵنیابوو لەوەی کەس لە کۆڵانەکەدا بە شێنەیي دەرگاکەی پێوەدا، دەسە راست بە کۆڵانەکەدا هەڵکشا لەبەر پێنجەمین دەرگا راوەستا، دووبارە سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆي کرد، رۆشنایي ناو کۆڵانەکە کەم زیندەوەري لێ دیار نەبوو. جۆرە ترسێکی لێ نیشت، موچرکەیەکی بە لەشداهات. لە دەرگاکە نیزیك بووەوە، وای بە باش زانی بە لێدانێکی نەرم بە دەرگاکە بدا.

ماڵي باجی گورجی لە یەکەم لێدان و دووەم ئاگادار نەبوون، ئەم ناچار بە ناو لەپي دەنگێکی قایمتري لە دەرگاکە هەڵساند. لەگەڵ ئەم لە دەرگادانە ناوەختە کاتە ناسکەدا، هەر هەموو قیتەوە بوون و گوێ بوونەوە. بۆ ماوەیەك هەستیان لە خۆیان بري، میم گورجی هاتە حەوشە و لەسەرخۆ گوتی: - ئەوە کێیە لە دەرگا...؟

- منم ...نەجات...

- نەجات کێیە...؟!

- نەجاتی زەینەڵ.

کام زەینەڵ..؟!

زەینەڵی هاوسێتان.

باجی گورجی هۆشێکی هاتەوە بەرو هەناسەیەکی هەڵکێشایەوە...

-دەك خوا بتگرێ...ئەمە کاتی هاتنە...؟! تۆقمانت برد...

- هاتووم هەواڵي یەشار بپرسم...

دەرگاکەی بۆ کردەوە، کە چووە ژوورەوە یەشاري کردو شوکرانەی ئەوەی کرد کە لەم رووداوەدا تیا سەلامەتە، تکای چاکبوونەوەی برینەکانی بۆ خواست...دانیشت، هەرچەندە یەشار بێ تاقەت بوو، بەڵام

بۆ نەجات کەوتە قسـە و لەلایەنێکی چـۆنیەتی ئەو دووا کە بەهۆیەوە گەیشتە ئەم حاڵە.
یەشـار کەسـێکی تەمەن سي سـاڵە بـوو، یەکێك ئەنـدامە چالاکەکـانی رێکخـراوێکی تورکمـانی نەتەوایەتی. بەشـدار بـوونی لە بە گـژا چـوونەوەی رێـپێوانەکەی رۆژەی ناوشار، بەجێهێنانی فەرمانێکی رێکخـراوەکەی کە بۆ هەموو ئەندامەکان و جەماوەري تورکمان بە نهێنی دەرچوو بوو، ئەمەیش لە رێگەی دەماو دەمی و راگەیاندنی نەنووسراوەوە بوو. دیار بوو ئەم رێگەیەیش لەبەر ئەوەبوو بەڵگەیەك نەدەنە دەس لایەنە سیاسییەکانی تري کەرکووك و دەزگاکانی ئاسایش.
- پێم بڵێ چیتـان بە چی کـرد...بـاش دەسـتی وەشاند...؟.
- ئەرێ وەڵڵا لە سەرەتاوە حەشرمان پێیـان کـرد...بەدار بەرد و پشـتوێنی قـایش و مسـتەکۆڵە لە ناکـاو هێرشـمان کردە سەر بەشـدارانی رێـپێوانەکە و کەسـانی تـري کە شوێنەدا چەپڵەیان بۆ لێدەدان۔ لەبەر ئەوەی هێرشـەکەمان چاوەروان نەکراو بـوو، لە یەکەم سـاتا توانیمـان دریـان بدەین، هێڵی رێپێوانەکە بپچرێـنین. وا لە هەنـدێکیان بکەین هەڵـبێن و پاشەکشێ بکەن، زۆرتر ئەوانەی جلی کوردیـان لەبەر بـوو بـوونە ئامـانجی هێرشـەکەمان، دارکـارییەکی باشیانمان کرد، لەسەر چایخـانەی عوسـمان و دوکانەکـانی تەکیەوە بەردەباران کران و ئەو تێڵایانەی لەناو چایخانەکەدا پێشـوەخت ئامادەمـان کردبـوو، چەکێکی کـاریگەر بەدەستمانەوە. ئەو گەنجە تورکمانـانەی سـەرباز بـوون ئاراستە کرابـوون بە جلي سـەربازییەوە بۆ بەشـدار بـوونی ئەم رووداوە لەوێ ئامـــادەبن، لەبەر ئەوەی کاریگەری خـۆي هەبـوو یەکەم بۆ جەمـاوەرەکەی خۆمـان، دووەم بۆ ئەوەی دوژمنەکـــان زووتر ورە بەردەن بەردەوامیان لەم شەرەدا لە دەسدەن.
- ئافەرم بۆ خۆتان و تەکبیرتان...۔
بـاوکی یەشـار پیـاوێکی بەسـاڵاچوو بـوو، لە دڵەوە قسـانەی کـورەکەی بە دڵ نەبـوو، یەکەم

ترسي ئەوەی هەبـــوو ســـبەی و دووەی بشكێتەوە سەر خۆیان. دووەم بە درێژایي تەمەنی لە دوكانداري و مامەڵەی نـاو بـازاردا پەیوەنـدی و ناسـیاوێكی بازرگـانی و كۆمەڵایەتـییەكي پتەوی لەگەڵ كـوردا هەبـوو، پـێي وابـوو ئەم جـۆرە هەڵسـوكەوت و رێبـازی توركمـانی ئەمرۆ بەتایبەتی لاوەكان دژ بە كوردان لە بەرژەوەندی هیچ لایەك نـــییە، تەنیا ئەوە نەبێ لەوانەیە گەورەیان پێ بگا...سەرێكی لەقاند و كەوتە پرسیار:-

- ئێ دوايي...؟! ئەنجامەكە چی بوو؟...

- لەبەر ئەوەی بەشـــدارانی رێـــپێوانەكە لە دووبارە روویان كردەوە شوێنی پێكدادانەكە، بەرە بەرە تەنگیـان پێ هەڵچـنین و ئێمە سـات بە سـات لە كەمیمانـدا زۆربەمان گۆرەپانەكەمان بەجێهێشت، ئەوانیش وەكو لافاو رژانە شـوێنەكەوە بەتـایبەتی كە خەڵكەكە گـوێي لە تەقەی دەمانچەیەك بوو، زیاتر جەماعەتی ئێمە سـار بـوونەوە، ئافرەتانەی لە سەربانی چایخانەكە ئامادە كرابـوون بۆ فرێـدان بە شـپرزەییەوە لە پشـتي چایخـانەكەوە خـــوارەوەوە و لەگەڵ خەڵكــــانێكی ترسایش لە رێگای لاكۆڵان و پەناو پێچەوە دوور كەوتنەوە، بەتـایبەتی بەنـاو خـري خاسـەدا بە پرتـاو بەرەو موسەڵڵا و چای پەرینەوە ئەمبەر.

باوكی بزەیەكی بۆكرد...

- بە خوا لەشكرەكەتان جەنگاوەر بوو...!!

نەجات رووي كردە یەشار...

- چي دیكەت دي؟

- گـوێم لێ بـوو هـاوار لەنـاو چایخـانەكەوە هەڵسـا(وەسـتا عوسمان كوژرا...وەستا عوسـمان كـوژرا...!!) بەمەش جارێ ورەمان بەردا، هەرچەندە وا دیاربوو كۆتایي بە مەسەلەكە هات، بەڵام وا دیارە حزبەكان و رێكخراوەكـانی دوژمن بە هاوكاري ئینزباتەكان و بەرگـري میللي لە جـوولە ناوەستن و لەوانەیە هێرشەكەی ئێمە بیـانوویەكی بـاش بەدەستیانەوە بۆ كوشتن و برین و دەسـگیركردنی ئەنـدامە

چالاکەکانمــان و کەســایەتییە ناودارەکانمــان. لەوانەشــە شەقام بە شەقام بێنە سەر ئەو ماڵانەی مەبەستیانە...
باوکی بە کزییەکەوە وتی : "خوا رەحمکا...!!".
دەنگی دەسرێژێکی دوور کـپیەکەی دەرەوەی شـەق کـرد، هەنـدێ بێـدەنگ بـوون، ترسـێك لە دەروونی هەموویانـدا چـووقەرەی دا، بـاوکی یەشـار شـانی دادابـووەوە، قیتەوە بوو...
- کورم نەجات شەو درەنگە...دونیـاکەش خـراپە...هەڵسـە برۆرەوە ماڵی خۆتان.
نەجات یەکسەر بە قسـەی کـردوو خواحـافیزی کـرد. پێش ئەوەی لە ژوورەکە دەرچێتە دەرەوە گــوێي لێبــوو یەشــار ئەم رســتەیەی ئاراســتەی هەمــووان کــرد(گــوێ مەدەنێ ئەوەی خوا نەیکردبێ نابێ...)ـ
جوگرافیای گەرەکەکانی کەرکـووکی ئەوسا بە جۆرێك کە بە ئاســانی دەتتــوانی هێڵي نێــوان کــورد و دەسنیشـانکەی، بـزانی ئەم گەرەکە زۆربەی کـوردە گەرەکەیش زۆربەی تورکمانە. ئەوەی گرنگە و بەسوودە لەم بارەیەوە ئەگەر بهاتبایە ئەم دوو لایەنە تێکەڵاو بوونـایە، لەوانە بوو بە گژچوونەوەکە زۆر پەرەی بسەندایە و کوشتار و زەرەر و زیان بێ سنوور بوایە.
ئەم کـۆڵانەی مـاڵی زەینەڵ و یەشـار لەو کۆڵانـانە زۆربەی زۆري تورکمان بوون. بۆیە رووداوەکانی ئەو ئێــوارەیە زۆر رەنگیــان تێــدا نەدایەوە و ترسي خراپ زوو بێ دەنگیانی کرد و ماڵەکان دەرگایان لە خۆیان داخست.
گەر بگەرێینەوە ئەو ئێوارەی نـاوجەرگەی شـار، دەبیـنین شەقامە سـەرەکییەکەی ئەتڵەس و ئەوقـاف و مەجیـدییە پــردەکەی قەیســەري و چەند شــوێنێکی تر هەر فرکانی چەکدارە حزبییەکان و بەرگري میللي و ئینزیبـات ئاسایش بوو، بەراست و چەپ و خوار و ژووردا دەهاتن و دەچوون. وەکو یەشار پێشبینی کرد حزبەکان و ئەندامەکانیان بەتایبەتی حزبي شیوعی ویســتیان ئەم لە دەست نەدەن، دەرفەتێکی باش بـوو بۆ ئەوەی دارێك

ڕۆحی نەیارەکانیاندا بدەن، بەتایبەتی (تۆرانییەکـان و پەرستەکان و پاشماوەی ڕژێمی پاشایەتی و بەکرێگیراوەکـانی کۆمپانیـای نەوت و پەیمـانی بەغـدا) کە بەم ناوانەوە ناویان دەبرا.
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و ئینزیبات خـانە و شـوێنانی کرابوون لەو کەسانەی کە هەر ئەو ئێوارەیە و ئەو شەوە و ڕۆژی دوايي دەزگیر کرابوون، سا چ شوێنی ڕووداوەکە یان لە شـوێنانی تر و مـاڵانەوە ڕاپێچکرابـوون. دەنگی هـاوار لێدان لە دەرەوەی ئەو شوێنانەوە دەبیسترا؟. ڕۆژی دوايي هێشتا ڕووداوەکان گەرم بوون و بارودرخەکە لە پـۆپکەی ئاراميدابوو. خەڵکی گەرەکەکانی موسەڵڵا و چای و چقوور و سـاري کەهیە، تا درەنگانێك دانیشـتووەکانیان نەیـانوێرا کۆڵانەکـانی خۆیـان بەجێـبێڵن، زۆربەی ماڵەکـان دەرگـای حەوشـەکانیان نەکـردەوە، یەکەم لە ترسي ئەوەی شەپۆلي پێکدادان و گرتن و بردن نەرەوابووبێتەوە، پرشي ئـاگرەکە بگـاتە لایـان. دووەم هەر ئێـوارە گوێیـان میکرۆفۆنی گەرۆك بوو کە جاري قەدەغەکـردنی هـاتوچۆي دەدا. هەرچی گەرەکە کوردەوارییەکـان بـوون پابەندی ئەو بانگەوازە بوون، ئەمەش لەوەوە هاتبوو کە دامودەزگای هێزی چەکداري میري و حزبەکان لە هاتوچۆي خۆیان نەکەوتبوون کە لەم مێژووەدا زۆربەی کـورد خۆ ئەگەر تاك و تەرا تورکمانی سەر بەو حزبانە هەبووبن، هەر زوو بۆ پاراسـتنی ژیانیـان خۆیـان گەیانـدبووە بارەگای ئەو حزبانەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان.
دووەم ڕۆژی ڕووداوەکە ئەحمەد ئەمەی بە چاوی خۆي دی کاتێ سەري لە بنکەی لاوانی گەرەکەکەیـان دا، بیـنی کەسـێکی تورکمـانی سـەر بە حـزبي شـیوعی گەرەکەکانی خۆیان بە جێهێشتبوو پەنایان بردبووە ئەم شـوێنانەدا خۆیـان لـێي بپـارێزن. بە کـزییەکەوە بارەگەیەدا دانیشتبوون، لە نێوان دوو بارودۆخ و هەڵوێستی جیـاوازدا مۆلەقەیـان دەکـرد، نیگەرانی و تـرس نەبوونی چارەنووسیان پێوە دیاربوو. لەلایەك دڵیان خۆش بوو بەوەی حزبەکەیـان دەس بـاڵاو سـەرکەوتوو بـووە

ڕووداوانەی کە دوو ڕۆژ بوو بەردەوام بوو، لەلایەکی ترەوە دڵگـران بـوون بەوەی پەیتا پەیتا هەواڵی کوشـتن و تورکمانەکان دەگەیشتنە ئەو بارەگایە. دڵگرانییەکە گەیشتە پلەی سربوون بەوەی بە چـاوی خۆیـان بینیـان جێبێك شارەوە بە شەقامە سەرەکییەکەی ئەوێدا ڕەت بوو بەرەو بەرزاییەکەی (کۆشکلی) کە لەسەر ڕێگای هەولێر بوو، دوو کەس بە پاشـۆڵي جێبەکەدا بەسـترابوون بە عەردەکەیا دوای خۆیـدا ڕایـاني دەکێشـا. بە لەشـە دارزاوەکانیانـدا دیـاربوو مـاوەیەکی زۆر بـوو ئەم ڕاکێشـانە دەسـتی پێکـرد بـوو، ئەوەنـدە خـوێن لە بەریانـدا ڕۆیشـتبوو، تەریـان نەمابوو.
ئامـادەبووانی ئەو بارەگـایە و ئەو دەورو بەرە لە چایخـانە دوکانەکانەوە هاتنە سەر شەقامەکە بۆ ئەوەی لە نـێزیکەوە دیمەنی ئەو دوو لەشـە ڕاکێشـراوە بـبینن، هەنـدێکیان هاواري (بژین...بژین...) هەماهەنگی خۆیان بۆ کەسانی ناو جێبەکە دەردەبـري، بە دوو پەنجە واتـای (سـەرکەوتنیان) وێنە دەکێشـا. بەڵام هەنـدێکی تـري ئەو خەڵکە بوون، دیاربوو دیمەنەکەیان بە دڵ نەبوو.
کـاتێ جێبەکە دوورکەوتەوە ئەمـانیش گەڕانەوە نـاو هـۆڵي بارەگاکە، یەکێك هاتە قسە:"ئاوا دەبێ دوژمنانی تەممــووز و پێشـەوا لەنـاو بەرین...". یەکێ لە تورکانەکـان زاتی بەرخۆي...
- هـاورێ ئەم قسـەیەت ڕاسـتە...بەڵام دەبێ بە ڕێگەیەکی دادوەرانە سزا بدرێن.
دوو سـێیەك ئەم تێبینییەیـان بە دڵ نەبـوو...لەم جێبەکە سەرەو خوار گەڕایەوە بەرەو شار.
- ئاخر ئەوان دەستیان بروا لەمە خەراپترمان پێدەکەن.
- لێیان گەڕە با چاوشکێن بن.
تورکمانەکە نەیوێرا زیاتر لەسـەري بـروا نەوەك قسـەکانی خراپ لێکبدەنەوە.
(عبدالسلام) ی شـاعیر کە یەکێ بـوو لە ئامـادەبووانی شوێن و ساتە، مرۆڤێکی خوێندەوار بوو، قوتابي زانکۆ بوو، هەمیشـە بتبینیـایە کتێـبێ دووانی بەدەسـتەوە بـوو، لەگەڵ

خوێنــدنەوەدا زۆر هــاوڕێ بــوو. هەنــدێ گــوێي ڕاگــرت وتووێژەکــان، بە دەنگێکی نەرمەوە پــاش ئەوەی چــاوێلکە سپییەکەی لەسـەر چـاوی لادا، وتی :"چەند خۆشـە مـرۆڤ دڵ ڕەق نەبێ...دوژمن بە گـــوڵ بـــاران بکـــرێ، بەردەباران بیکەیتە دوژمنێکی بە قین و کینەدارتر...".

- کاکە تۆ لە گوێي گادا نووستووی ... بۆ ئەمانە واتای باران دەزانن...؟! یـان شـەو و ڕۆژ خەریکن چەقۆمـان تیژدەکەن...دەیـانەوێ بگەڕێینەوە سـەردەمی پاشـایەتی دەرەبەگایەتی...

(عبدالسلام)ی شـاعیر تێگەیشت ئەگەر لەسـەر قسـەکانی خۆي بـروا، دەمی تـاڵ دەکەن و ڕەزای خـۆي گـران بۆیە بزەیەکی لێوی هەڵفراند...

- جەمــاعەت...لەم قســانە خۆشــتر با هەنــدێ شــیعري ناسکتان بۆ بخوێنمەوە...

ئەو ڕۆژە هەر لە بەیـــــــانییە سـەرکردایەتییەکانی سیاسي و چەکـداري و ئاسـایش لەسەر یەك بەردەوام بوون، هەمـوو ئەو لایەنـانە ئاگـاداري یەکترییـان لە دووا ڕووداو بـارودۆخی شـارەکە دەکـردەوە. هەنــدێکیان بۆ مەبەســتێك هەوڵي ئەوەیــان دەدا بگەڕێننەوە، خەڵکانی نا بەرپرسیار و بەرەڵڵا و نارێك هێور بکەنەوە، لایەنی وایش هەبوو حەزی بەوە بــوو زیــاتر بووەشێندرێ ء بارەکە ئاڵۆزتر بێ، دیاربوو ئەمەیش مەبەستی تۆڵەسەندن و چڵەوگیري نەیارەکانیان بوو یان بۆ ئەوەی دەسـکەوتی تـاڵانی و دزی و جەردەییـان زیـاتر بکەوێ...

لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانـــدا بریـــار درا هاوڕێیان بگەڕێن بە ناو شاردا و هەموو بنکەکانی ڕێکخراوانی وەك لاوان و سەندیکای کرێکاران و ئەوانی تر بەسەر بکەنەوە، هەندێ ئاراستەی کاري ء دووا هەواڵەکـان بگەیێنن بە ئامادەبووانی ئەو شوێنانە.

کاتێ ئەو دەستەیە گەیشتنە بنکەکەی (تەپە)، عبدالسلام لە شیعر خوێندنەوە بەردەوام بوو...

- هاورێیـان ئەمە کـاتی شـیعر خوێنـدنەوەیە...؟! خەڵك چیدایە و ئێوە لە چی....
ئەم قسانە بەسەر زاري سەر دەستە سمێڵ فشەکەدا هات و دەستی کردە هەڵرشـتنی ئامۆژگـاري و دووا بریارەکـانی هاورێیـانی لە خـۆي بەرزتـر. دەسـتەکە هەنـدێکیان دەمانچەیان بە قەدەوە بوو، هەندێکیان تێڵایان بە دەسـتەوە بوو.
زۆربەی تورکمانەکانی ئامـادەبووی ئەو شـوێنە لەو سـاتەدا ئەندێشـە و بریـاري وا بە مێشـکیانە گەرانەوەی بۆ نەبێ...(ئەگەر خوا دەکا ئەم چەند رۆژەمـان لێ بەسەر دەچێ ء بارەکە وەردەچەرخێ و هێور دەبێتەوە، شەرتە خۆم لە سنووري ئەم حزب و رێکخـراوە رزگـارکەم و پاکـانەی خـۆم ئاشـکرا کەم و نـارەزایي خـۆم دەربـرم رووی خـۆم بەرامبەر میللەتە سـتەم لێکـراوەکەم کەمەوە....!!)...(مەرج بێ و سـوێند بێ لەمـرۆ ئاڵای دوژمنکـاري بە رووی ئەم پیـاو کـوژانەدا هەڵگـرم...تا بۆم بکرێ خراپەیان لەگەڵدا بکەم...).
سەر دەستەکە لەسەر تێبینـییەکی یەکێ لە ئامادەبووەکـان هەڵي داێي:-
(هاورێ...هەمـوو لە مـێژوودا خوێنـدومانەتەوە چـۆن پـاش شۆرشي ئۆکتۆبەر هاورێیانی (بۆڵشەویمان) بەو پەری توند و تـیژییەوە لایەنەکـانی قەیسـەري و دەرەبەگیان دەمکوت کردو تەفرو تونایان کردن، بۆ ئەوەی جارێکی کە سـەر هەڵنەبـرنەوە. ئەی ئێـوە (دیکتـاتۆرییەتی پرۆلیتاریا)تان نەبیستووە؟
خۆ ئێمە هێشـتا لە چـاو ئەوانەوە هەر هیچمـان نەکـردووە. ئەوەتا دەرەبەگەکـان و سـەرمایەدارەکان کەس بەلایانـدا نەرۆیشـتووە، ئەگەر تـاك و تەرا ئەزیەت بەدەست جووتیار و شۆرشگێرە داخ لەدڵەکان بووە کە لە خۆرا کردوویانە...سەر دەستەکە هەندێ راما، رووی دەمی کردە عبدالسلام و پرسي:-
- هاورێ ئەوە چیت بۆ جەماعەت دەخوێندەوە...؟
عبدالسلام لەسەرخۆ هاتە وەڵام...

- بەخـــوا شـــتێکی ئەوتۆ نەبـــوو...کاتمـــان دەبرد...هەندێ لە شیعرەکانی (مایاکۆفسکی) و (پۆشکین) و (گۆران)ە.
- ئەمــرۆ رۆژی ئەم جــۆرە شــیعرە نــییە..دەبێ سروودی شۆرشگێري بخەینە بەر گوێي جەماوەر، بە جـــۆرێ عەرد هەڵـــدرێ و هەمـــوو نیشـــتمان بگەیێنێتە پلەی ئامادەبوون بۆ خۆفیـداکردنی بۆ نیشـتمان بیروبـــــاوەر. هەمـــــوو ســـــاتێ لە هـــــێرش بێ...پاشـــگەزبوونەوەی نەبێ ء ســـارد نەبێتەوە. کـــاتێ دەستەکە ئەو شوێنەیان بەجێهێشت، عبدالسلام کتێبەکـانی نایە بن هەنگڵي و بە شێنەیي بەرەو مـاڵی خۆیـان بـووەوە، لە هەمـان کاتـدا ئەحمەدیش هەڵسا و شـان بەشـانی بەرەو نـــاو گەرەك بـــوونەوە. لەرێگا دایـــانە دارتاشخانەیەی کە چێشتەنگاوی ئەو رۆژە ئاگري تێ بەردرابوو.
لە دەرگاکەوە سەیرێکي ناوەوەیان کـرد، نێڵە نێڵی ئـاگر دەرگاوە دیاربوو و دووکەڵەکەیشي گەیشتبووە کەشکەلانی ئاسـمان. ئەحمەد و عبدالسـلام سـەرێکی یەکتریـان کـرد، بەڵام هیچیان بۆ نەهات بیڵێن....!!
هەرچەنـدە ئەحمەد لەو کـاتەدا لەنـاو رێکخـراوی (پـارتی) کاري دەکرد و عبدالسلام لە رێکخراوی (حـزبي شـیوعی)، بەڵام هاوتەمەنی و رادە و جـۆري رۆشـنبیرییان وایکردبـوو هەردووکیان لە هەڵوێستیان بەرامبەر کردەوە نابەجێیەکـان یەك بێ.
ئەم باس و خواسـانە و دەیـانی تر چەنـدین جـار ئەحمەد هاورێکانی خۆي ء کەسانی ماڵەوە و کەسـانی گەرەکەکەی و قوتابخانەکەی گێرابووە و یان لەو لایەنانەوە بیستوونییە و شتی تریشیان خستۆتە سـەر. ئەم بـاس و خواسـانە بـوونە بەشـێکی گرنگ لە نـاوەرۆکی هەگبەی سەرشـانی، لەگەڵ ساڵانی تەمەنیدا ئاراسـتەی دژ بە یەك نشـونمایان دەکـرد، ئەو بەشـــەی پەیوەنـــدی بە کـــۆنگرەکەی ئەمـــرۆوە خەمێکی گەورەیە و دەیەوێ خۆي لێ رزگار کـا. ئەمـرۆ بۆتە ئەحمەدی لوڕ و بەساڵاچووە و ئەزموونێکی

تـايبەتی زۆر گەيانـدوويەتييە ئەو قايل بـوونە بەوەی کە کـــۆنگرەيە کـــارێکی بێ فەر نـــييە، بەڵکو بريـــارێکی پاشگەزبوونەوە لێي مەحاڵە.
ســـەدرەي چـــيرۆکنووس لە دووەم رۆژي کـــۆنگرەکەدا شتێکي کۆني لەمەر ئەو رووداناوەوانە بە يادي ئەحمەدي لوڕ هێنايەوە، شـتەکە هەم بـيرەوەري بـوو هەم روونکـردنەوە، هەم حەسانەوەيەك بوو لە توێي وتووێژە چڕەکاندا..ـ
- ئەوەي ســـەيرە لە دونيـــاي سياســـەتدا، رووداوێکي کاريگەر و گەورە لە کۆمەڵگەيەکـدا روو بـدات، لايەنە سياسي و ئاييني و کۆمەڵايەتييەکـان هەر يەکە دەدەن لايە رۆشن و بە ســـــوودەکاني ئەســـتۆي خۆيـــان و لايەنە خـــراپ و ناشيرينەکاني بخەنە ئەستۆي نەيارەکانيان.
- ئەمە راســـتييەکي هەتا هەتـــاييە لە مـــێژوودا دەبێتەوە..ـ
سەدرە لەسەر قسەکاني رۆي:-
- مامۆسـتا ئەحمەد بە بـيرت دێ کـاتي ئەو رووداوانە تۆ و چەند هاورێيەکي ترمـان ئەنـدامي (پـارتي ديمـوکراتي کوردستان) بووين، لەيەك شانەدا چـالاکي سياسي خۆمـان دەبينـــــــييەوە... هەفتەيەك لە دواي کۆبوونەوەيەکمان کرد، کۆبوونەوەکە لە گەرەکي (تەپە)ي خۆمان بوو لە ماڵي کاك (بابە عەلي) گرێ درا.
بەرپرسپاري شانەکەمان (کاکە مەم بۆتاني) بوو کە لاوێکي رۆشنبيرـ و چيرۆکنووس بوو.
هەر لە سـەرەتاي کۆبـوونەوەکەوە هەتا دوايي هەر هەمـوو قسەکاني ئەوەيـان دەردەبـري کە ئەو رووداوانەي هەفتەي پێشـوو جـێي داخ بـوون، نەدەبـوو روويـان بـدايە. چەنـدين وێنەي هێنايەوە ياد، بۆ نموونە گوتي (هەڤاڵينە باوەر دەکەن مامۆسـتايەکي ئـافرەتي تورکمـان لە مـاڵەکەي خـۆي ترسـانا بەسـەر کـۆتي و بەپـێي پەتي دەرپەڕيبـوو، گەياندبووە مـاڵي ئێمە، بەدەم گريـانەوە داواي ئەوەي بيپارێزين و پەناي بدەين لە دەست ئەو پياو خراپانەي بە کـۆڵانەکەدا ئەم مـاڵ و ئەو ماڵيـان دەکـرد..ـ (مامۆسـتا

کەسێکي زۆر پیرۆزە بەتایبەتي ئەگەر ئافرەت بێ... توخـوا ئەمە پیاوەتییە...؟)...
دیاربوو ئەم قسانەي کاکە مەم بۆ ئەنـدامەکاني شـانەکە خۆرا نەبـوو، بەڵکە بەشـێوەي رێنمـایي و ئاراسـتەکردن سـەرکردایەتي پـارتییەوە بەرەو شـانەکان و جەمـاوەر هاتبووە خوار. ئەمەیش زۆرتر لەوەدا دیارە کە خـاڵۆي (کەکە مەم)ە ئەوسا یەکێ لە بەرپرسـیارەکاني کەرکووك بوو لە پارتي. دووبارە راستي ئەم قسەیە بەوەدا دەرکەوت کە ئەنداماني پـارتي هەر هەمـوو قسـەکاني بەرپرسـیارەیان دەگـێرایەوە کە کـاکڵەکەي ئەمە بـوو حـیزبي شـیوعي لە پشت ئەم رووداوانەوەیە، تاوانەکانیش ئەنـدامەکاني ئەو حـزبە ئەنجامیانـدا، لەوانەیە ئەمەیش لەوەوە هـاتبێ کە زۆربەي زۆري تورکمـان شیوعي و بە سۆڤییەت و بە کەریم قاسم بوون.
- دوور نییە لەنێو رێکخراوەکاني شیوعیشـدا بە پێچەوانەوە ئەم مەسەلانە تاوتوێ کرابن، لەوانەیە جەمـاوەري پارتیـان تـوومەت بـار کـردبێ بەو پـێیەي کە پارتییەکـان نەتەوایەتي دژ بە تورکمانن و بەگیاني رەگەزپەرستي گۆش کرابن.
- بەخـوا کوتـوومت ئەم قسـەیە راسـتە و بەم هەردوو لا دەیانویست پاکانە بۆ خۆیان بکەن، بەڵام شیوعییەکان زۆرتر هۆکاري رووداوەکانیان دەخسـتە سـەر بەکرێگـیراواني (پەیمـاني سـەنتۆ و پیـاواني ئیسـتعمار کۆمپانیاي نەوت و دەرەبەگەکان).
لەبەر ئەوەي گەرەکي (تەپە) ئەوسا بوون، رووداوەکاني ئەو رۆژەي ناوشار ئەوەندە دەنگ و رەنگي تێـدا نەدەدایەوە. ئەوەنـدە هەبـوو فەرمانبەر و کرێکاران و زۆربەي دوکاندارەکان بەرەو کارو فەرماني خۆیان نەچوو بوون، خەڵك هەر مقۆمقۆیـان هەر هەواڵێك بگەیشـتایە گەرەك یەکسـەر دەیانقۆسـتەوە. دەنگوباسەکان هەنـدێکي لە زاري کەسـاني سـەر بە سیاسییەکانەوە دەبیسترا...
- دەڵێن خەڵکێکي زۆر کوژراون...

- دەڵێن دوكان و كۆگایەكي زۆر شكاون و تاڵان كراون...
- دەڵێن چەكێكي زۆر لە قەڵا دەست بە سەریا گیراوە.
- ئاو و كارەبا لە خەڵكي قەڵا براوە...
هەر ئەو رۆژە دوو فرۆكەي جەنگي بۆ ماوەیەكي كەم دوو جار بەسەر شارەكەوە خوولانەوە، خەڵكان سەیریان پێ هات، زۆري دیكەیش پێیان خۆشبوو، وایان دەزاني ئەوە هاتوون تا گەرەك و بنكەي توركمانەكان بۆردومان بكەن، ئەمەیش هیچ بنەمایەكي راستي بۆ نەبوو. چونكە بارە ئاڵۆزەكە نە رووداوێكي چەكداري بوو نە یاخیبووني بەشێك لە شارەكەي بە خۆوە بینیبوو. دەبێ راستییەیش بڵێین كە خەڵكي قەڵا ئەو رۆژە زۆربەیان هاتنە خوارەوە و لە گەرەكەكاني تردا لەنێو خێزانە ناسیار خزمەكانیاندا بەڵاو بوونەوە، ئەمەیش لە ژێر فشاري ترسە بوو كە بە پرۆپاگەندە وا باوبوو كە هێرش دەكرێتە سەر خەڵكاني قەڵا، ئەمەش هیچ بەڵگەیەكي نەیسەلماند و راست نەبوو.
چێشتەنگاو دوو ئۆتۆمۆبیل كە یەكێكیان پۆلیسی بوو كۆڵانەكەي ماڵي یەشارەوە. هەر لەسەر كۆڵانەكەوە دەركەوتن، چي ئەو خەڵكەي لە دەرەوەي ماڵەكانیان بوون خۆیان كرد بە ژوورا و دەرگایان لە خۆیان ئۆتۆمۆبیلەكان لە بەردەم ماڵي یەشار راوەستان، زەلامێكیان لێ دابەزي، هەندێكیان بە جلي پۆلیسي و عەسكەري و هەندێكیان مەدەني بوون. هەڵمەتیان بردە سەر دەرگاكە، بە مستەكۆڵە و بە شەق لێیاندا، لێدانێكي وا كە ترسي خستە بەر دڵي هەموو خێزانەكەي ئەو ماڵە و ئەو كەسانەي كە لەو ساتەدا هاتبوون بۆ سەرلێداني یەشار. كەسیان زاتیان نەكرد بچن دەرگاكە بكەنەوە، تەنیا باوكي یەشار نەبێ بەدەم دووعا خوێندنەوە دەرگاكەي كردەوە...
- ئەمە ماڵي یەشار دامرچییە...؟
- بەڵێ فەرموون... من باوكیم.
بەپرتاو چەند كەسێكیان خۆیان كرد بە ژوورا، چەكەكانیان ئاراستەي دەرگاي ژوورەكان كرد.
- كامتان یەشارن؟

دوو گەنج ئاماژەیـان کـرد بۆ ئەو ژوورەي یەشـار تێـدا بووبوو.
چوونە ژوورەوە، بەخێرایي راپێچیان کرد.. هەرچەند دایکي و باوکي و کەساني تـري مـاڵەکە تکایـان کـرد و گوتیـان یەشــار قــۆڵي شــکاوە و لەشي برینــدارە وازي سوودي نەبوو. یەکێك لە مەدەنییەکـان بە تەوسـەوە گـوتي (خەمتـــان نەبێ دەیبەین چـــاري دەکەین و دوایي دەگێرینەوە...!!).
لە نێوان هاوار و گریانـدا هەر بە پـاڵ خسـتیانە نـاو یەکێ ئۆتۆمۆبیلەکان. هەرچەندە دەنگي هاوارەکەیان کۆڵانەکەي پر کردبــوو، کەسێ لە هاوسـێکانیان زاتي ئەوەیـان سەر لە دەرگاوە بێننە دەرەوە، زۆر بە تەوژم و خێرایي ئۆتۆمۆبیلەکـــان لە کـــۆڵانەکەوە دەرپەرین. کە گەیشـــتنە ناوشـار، شـەقامەکان تا رادەیەك چـۆڵ و سـامناك بـوون، بۆني خوێنیان لێدەهات.
بەنێو حەشــاماتێکي زۆري بەر دەرگــاي بەرگــري بردیانە ژوورەوە. حەشامەتەکە هەندێکیان سەر بەو دامەزراوە بــوون، هەندێکیشـیان کەسـوکاري ئەو کەسـانە بوون کە پێشتر دەگیر کرابوون و هێندرابوونە ئەو شوێنە.
ئەو ژوورەي یەشــاریان تێــدا راگــرت، دوو ئەفســەر کەسي تـــــري جلي مەدەني لەبەر لە دانیشتبوون. لە بنەباني ژوورەکەیشدا دە دوانزە زەلامي قۆڵبەســتراو بە پــاڵ یەکەوە بە کــزییەوە راوەســتابوون.
یەشــار بە چاوێك ســەیریاني کــرد، هەنــدێکیاني زۆربەیان تورکماني گەرەکەکەي بوون، دوو سێ کەسي هــاورێي خۆشـیان تێـدابوو. هەر چــوار کەســەکەي مێزەکە بە توورەیي و دەنگێکي بڵندەوە کەوتنە پرسیار و هەرەشە کردن..:-
- تۆ یەشار دامرچیت؟
- بەڵێ قوربان.
- دوێنێ سەعات شەشي پاش نیوەرۆ لە کوێ بووي..؟.
- لە بازار بووم..
- بە تەواوي دەستنیشاني شوێني لێبوونەکەت بکە.

- شەقامي ئەتڵەس.
- كەواتە ئاشــكرا بــوو كە تۆ يەكێ بــووي لەوانەي هێرش بردني سەر رێپێوانەكەيان هۆنيــوەتەوە... ئەمە من نــايڵێم، بەڵكو دوو هــاورێت و هاوبەشت لەم دانيــان بە ناوتا هێنــاوە... ئێــوە وا دەزانن ئەو شۆرشــەي پێشــەوا عبــدالكريم قاسم ســەركردايەتي كــردووە، دەشــكێ...؟ بەم كــارە چەپەڵانەي ئێــوە كۆتــايي گەلي عێراق كۆڵ دەدا؟!..
- قوربان بەو خوايە من هيچم نەكردووە...
- ئەي بۆ قۆڵت شكاوە؟
- قوربان ئەوە لەو پاڵە پەستۆپەدا كەوتم و قۆڵم شكا.
يەكێ لە ئەفســەرەكان هەڵســايە ســەر پێ، بە نــاو تواني دايە بن گوێيا... هاواري كردە سەريا: (ئەگەر وەك هاورێكــانت دان بە هەمــوو شــتێكا نەنــێي.. بە حەيــزەران پشتت دەشكێنم..).
كــاتێ يەشــار هەمــوو تــوومەتي تــاوانێكي رەتكــردەوە، ئەفســـەرەكە داواي لە چەند ســـەربازێك كـــرد ژوورێكي تر، بۆ ئەوەي لەوێ لێكۆڵينەوەكە لەگەڵيدا توند و تيژتر بكرێ تا دان بە هەموو شتێكدا دەهێنێ. دەنگي و هۆر و هاوار و پارانەوە لە زياتر لە يەك ژوورەوە دەهاتە بەر گوێي ئامادەبووان...
* * * *
دەبێ بڵێين كــاتێ عێراقييەكــان خۆيــان بۆ ئاهەنگ گــێران رێپێيوان ئامــادە دەكــرد، لە هەمــان كاتــدا توێژەكــاني شۆرش و (عبدالكريم قاسم) لە جموجۆڵێكي نهێنيدا بوون بۆ ئەوەي چالاكييەكاني لايەني سەر بە شۆرش و قاسم تێك بدەن و بارودۆخەكە بئاڵۆزێنن، چــاودێران واي بۆ دەچــوون كە ئەو جموجۆڵانە بەرە بەرە لە پەرەسەندندا بن، ئەوەيش لە پاش ئەو دروشمانەي كە حزبي شيوعي لە چالاكييەكاندا لە بەهــاري ئەو ســاڵەوە بە ئاشــكرا بەرزي كردبــووە دەنگي بڵند جەمــاوەرەكەي دەيــانگوتەوە، وەكو دروشــمي (بــژي پێشــەوامان عبــدالكريم... بەشــداري كــردني حــزبي شيوعي لە حوكمرانيدا داواكارييەكي گەورەمانە...)

ئەمەش خۆي لە خۆيدا دروشمێك بوو عبدالكريم حەزي پێ نەدەكـرد. بـۆيە بەرە بەرە رۆژنـامەيەكي نەتەوە پەرسـتي عەرەبي و ئيسـلامي لە بەغـدا بە چـاپ بگەيێنــدرێ (الفجـــر) و(العهد الجديـــد)ـ بە ئاشـــكرا ئەو رۆژنامـــانە رەخنەيان لە بيرو باوەري ماركسـييەت و كردەوەكـاني حـيزبە دەگــرت، خۆشــيان وا پيشــان دەدا كە (عبدالكريم قاسم)ن، گوايە ئەم پياوە دەيەوێ حوكمێكي ديموكراتي دابمەزرێـنێ، بـۆيە رێگەي دەدا بە هەمـوو باوەرە جياوازەكان بە ئاشكرا نش و نما بكەن. ئەو دروشمەي حزبي شـيوعي لە جـۆرە لەخۆ بـايي بـوونێكەوە هەڵقوڵا بوو، بەتايبەتي پاش تياچوون و پووچەڵ كـردنەوەي يـــــاخيبوونەكەي شـــــاري مووسڵ كە ناسرييەكان بەشێوەي شۆرشێك هەڵيانگيرساند بە ســەركردەيي (عبــدالوهاب الشـــواف) كە فەرمانـــدەي لەشكري مووسڵ بوو. شـيوعييەكان و پارتييەكـان و هـۆزە كوردەكان رۆڵێكي گەورەيان هەبوو لە پووچەڵ كـردني بزووتنەوەي ياخيبوونە، ئەوەيش بە كوشتارێكي زۆر بـوو كەساني سەر بەو جـووڵانەوەيە و دەرفەتێكي بـاش بـوو قركردنيان.

يەكێ لەو كەسـانە رۆڵي گەورەي هەبـوو لە لێـداني بەرەي دژ بە كەريم قاسم (كە هەنـــدێ لە ئاغا كورديشي تێدا بوو) كە لە چيا سەختەكاندا چەكيان دژ بە دامەزراوەكاني ميري هەڵگرتبـوو، كەسـايەتي فەرمانـدەي تيپي دوو بوو ئەويش (داود سلمان الجنـابي) بـوو كە بنكەي فەرمـانگەكەي لە كەركــووك بــوو ســەر بە شــيوعييەكان دەژمێررا. هەر ئەو كەسايەتييە بە فەرماني (كەريم قاسـم) لەسەر كارەكەي لادرا. بەمەيش بەتايبەتي بەرەي توركمان و (برا ئيسلامەكان) و نەتەوە پەرستە عەرەبەكان )

هەنــدێ بــووژانەوە، ئومێــديان پەيــدا كــردەوە بە گۆرانكارييەك لە سياسەتي قاسمدا، تا ئەمانيش بتوانن بازنەي چالاكييەكاني خۆيـان فراوانـتر بكەنەوە يەكەم دژ شيوعييەكان و پارتييەكان، لە دواييشدا بە لێداني داتــرێ رووح قاسمدا.

ئەحمەد یەك دوو حەفتە پێش تەممـــووز ســـەري لە بارەگـــاي (خەبـــات)دا كە بەرامبەر ئـوتێلي (شـرق الأوسگ)ي ئەوسـا. لەو باسـانەي ئامادەبوواني ئەو شوێنە لێوە دەدووان، ئەم مەسەلەي فرە بـــوون و چـــالاكي بەرەي (دوژمنـــان) بـــوو. یەكێ هەواڵانەي كە وەكو نـــوكتە دەیـــانگێرانەوە، ئەوە چەندین شەقامەكاني كەركووكـدا پـارچە كـاغەزي بە چـاپ نووســراو بەرچــاو كەوتبــوو، یەكێ لەو كــاغەزانەي بیري دێ نووسرا بوو (جەنابي و ستالین مردن)، مەبەستیان (داود الجنابي) بوو كە لەسەر كار لادرا.
ئەحمەد و چەند قوتـابییەكي تـري دووا ناوەنـدي موسـەڵڵا لەلایەن یەكێتي قوتابیـان و پەروەردەي شـارەكەوە ئامـادە كرابـــوون بۆ ئەوەي لە یەكێ لە ئاهەنگەكـــاني سروود بڵێن. مامۆسـتایەك بە نـاوي (عبـدالرحمن رەزا)وە راهێناني قوتابییە كوردەكان بۆ ئەو مەبەستە راســپێررابوو، مامۆســتایەكي دیكەیش بۆ ســروودي زمانەكــاني تر داڵاني قوتابخانەكە سێ و چوار جار بە كۆمەڵ ئەو سروودانەیان گووتەوە كە بریاري لەسەر درابـوو. وەك سروودي (ئیبراهیم خەبات)... ( خۆشم دەوێ وڵاتەكەم...) و (میللەتي عـێراق ئەبەد نـابەزێ...). بەڵام لەبەر رووداوە ناخۆشي رۆژي دوایي نە ئاهەنگ گـــێرا، گوترا.
ئەنداماني ماڵي ئەحمەد چەندین كەس بوون، كە زۆربەیـان لە تەمەني بیست ساڵي بە بانەوە بــوون. هەر جەمێ خواردن و حەسانەوەیان بە شـەوان لە مـاڵي یەكـتري دەبوون، باس و خـواس هەر باسي رووداوەكـاني ئەو بــوون، لەبەر ئەوەي هەر یەكەي لە قــۆڵێكەوە رووداویــان دەبیـني و لە كەسـاني تـرەوە شـتي سـەیر و سـەمەریان دەبیســت. دیــارە ئەمە نمــوونەیەك بــوو هەمــوو خەڵك خێزانەكاني ئەو شارە. قسەكاني هەر یەكێكیان تەواوكەري ئەو چیرۆكە گەرمە بوون كە لەو كات و ساتانەدا برگەكـاني روویان دەدا.

- له شـۆرجه جووتيـارێكي زۆرم بيـني دەست به تفەنگەوه له گوندەكاني بنـار گل و جەبـاري گونـده نێزيكەكـاني شارەوه هاتبوون، هەر هەموو ئامـاده باشي خۆيـان پيشـان دەدا كه ئەگەر رێگه بدرێ پياو كوشتن و ئـاو خواردنەوەيـان لا يەكه...

يەكێكيان بەدەم بزه پێكەنينەوه گوتي:- (جوتيارێكم بيني به دەنگي بەرزەوه دەيگــوت، ئەوەي به نـــان بلێ دەبێ له لەوەري بخەم...)

ئەحمەد هەرچەنــده به تەمەن له براكــاني بچووكــتر هەڵيداێي:-

- جا ئەمه كەي راسته...؟!

- لێيـان گەرێ با تـۆلەي كوردەكـاني توركيا بكەنەوه... ئەي نەتبيستووه (ئەتاتورك) چي به كورد كردووه...؟

- ئێ ئەمان گوناهيان چييه...؟

- با... هەر هەموو لقي يەك دارن و رەگيان يەكه.

بۆ ئەحمەد دەركەوت مشتومرەكه بێ ئەنجامه و به ئاساني هيچ يەكێكيـان ئەوەكەي تر قەنـاعەت پێ نـاهێنێ، بـۆيه كورتي بڕييەوه.

بـــرا گەورەكەيـــان كه مـــاڵي جيا بـــوو له گەرەكێكي دادەنيشت، ئەو ساته لەگەڵ براكاني ئاماده بـوو، ئامـاژەي بۆ مناڵێكى كۆرپه كرد كه له ژوورەكەدا لەســەر پشت كرابـوو، گـوتي: (ئـاي ئـاخۆ چەند منـاڵي وەك ئەمه له ئێستا له بێ ئاويدا دەژين...؟!)

ئەم قسەيەي لەوەوه هات كه هەواڵێك وا بەڵاو بـــووەوه قەڵا ئـــابلۆقه دراوه و ئــــاو و كارەبـــــاي دانيشــتنەكەيان كۆتــايي پێهــات هــاتنه دەرەوه... ئەو گەوەيەي قەمەرەكەي له دەرگا راگرتبوو، گوتي:-

- من دەڕۆم بۆ ماڵ خۆمان...

باوكي هەڵيداێي:-

- هاتوچۆ بەترس نييه..؟

- ئێ باوه ئيمرۆ كور هەيه بەرامبەرمان بكۆكێ...؟!

ئەحمەد ئەو حەزەي دەربـــــــري ناوشار بڕوا، كه سوار بوون ساچمه زەنێك كه هي براكەي

بــوو لەســەر كوشــنەكەي دواوە دانرابــوو، كــاتێ قەمەرەكە كەوتە رێ ئەحمەد لــوولەي ســاچمە زەنەكەي دواوە دەركردە دەرەوە، نكوولّي لەوە ناكات كە لەو كاتەدا هەســتي بە لەخۆ بــايي بــوونێكي زۆر كــرد و بــايەك لووتييەوە. لەوانەيشە ئەم هەستە لەوەوە هــاتبێ كە يەكەم جارە كورد بەم شــێوەيە دەست بــاڵاو خــاوەن دەســەڵات بريار بووبێ لەم شارەدا.

بۆ پاش نيوەڕۆيەكي درەنگ كــاتێ دەگەڕايەوە بەرەو مــاڵي خۆيان، لە پاڵ ديــواري يــانەي فەرمــانبەران، جێــبێكي خۆي دابوو بە ديوارەكەدا، هەندێ خوێنيش ئاسەواري لە زەوييەكەدا ديار بــوو. كە لە جێبەكە رامــا، ناســييەوە سوبحييە) ئەو ياريزانەي كە زۆر رۆژ لە تيپێكي فوتبۆلێن لە گۆڕەپاني كۆمپانياي نەوت خۆي و (عــادل)ي بــراي يارييــان دەكـــــرد. (من يـــــاري كـــــردنەكەيم زۆر كەسايەتييەكي خۆشەويست بوو. لە نێو خەڵكاني فوتبۆڵ دۆســـتدا... هەرچەند بە جێبەكەيەوە پێش دەســـپێكردني، يارييەكاني بەرەو گۆڕەپانەكە دەهات، خەڵكــان فيكەيــان لێدەدا و رێگەيان بۆ خــۆش دەكــرد تا بچێتە ژوورەوە. ئــاخۆ چی لێهاتبێ و ئەنجامي ئەم خۆ لە ديوار دانەي چي بــوو ديــارە ئەمەيش بەشــێك بــووە لە رووداوەكــاني رابردوو، تەنگيان پێ هەڵچنيوە و بە ناچاري خۆي لەم ديوارە داوە...).

ئەو رۆژە پــاش نــاني شــێوان لەســەر پەيمــاني مامۆســتا (فەخـــري)ي هاوســێيان چـــوو لە دەرگاكەيـــاني دەرگاكەيــان بۆ كــردەوە پــاش دانيشــتن، ئەحمەد هەندێ پرسياري ورد...

- مامۆســتا حەز دەكەم هەنــدێ باسي پەيوەنــدي توركمان بكەي لە كاتي منالّي و هەرزەكاري خۆتا...

- ئەگەر وەكو مێژوونووســێكي نەتەوە پەرست بگێرمەوە، دەبێ لە هەندێ راستييەكان خۆم لادەم و چاوپۆشي بكەم... خۆ ئەگەر وەك دوو كەسي راست و رەوان قســەت بۆ بكەم، لەوانەيە هەنــدێ لە قســەكانم گومان بي يا پێت ناخۆشبێ...

ئێمەي كورد لە كەركووكدا و بەتايبەتي لە سەرەتاي سەدەوە بارستاييمان ئەوەندە نەبوو، هەميشە لە ئاست رەگەزي توركمان پلەي دووەممان هەبووە، كەسايەتي كۆمەڵايەتيمان لە فەرمانگەكان و بازار و بازرگانيدا ديار بووينە، بۆيە زمانەكەيشمان كەمتر بەكارهاتووە. هەميشە كوردەكان هەوڵيان داوە زماني توركماني فێربن نەك بە پێچەوانەوە، بۆيەيش رێژەيەكي زۆر لەو كوردانەي بۆ كار و كاسبي دەهاتنە شارەوە، پاش يەك دوو دەبوون بە توركمان و دەتوانەوە.

- ئەمە شتێكي سەيرە و كەمجار بيستوومە...

با نموونەيەكت بۆ بگێرمەوە، لە قۆناغي خوێندني ناوەنديدا بووم لە سەرەتاي سييەكان، ليژنەيەك دەگەرا بۆ ژمێركردني قوتابياني كورد و توركمان بۆ ئەوەي ياساي (زمانە ناوچەييەكان) جێبەجێ بكرێ كە بە پێي دەستووري عێراق دانرابوو. هاورێيەكم كە بە تەنيشتمەوە لە پۆلەكەدا دانيشتبوو، لە كاتێكدا داواكرا ئەوەي كوردە دەست هەڵبرێ، من دەستم هەڵبري قوتابييەكي كەمدا، هاورێكەم دەستی هەڵنەبري. پاش ئەوەي ليژنەكە لە پۆلەكە دەرچوون پرسيم دەستت هەڵنەبري.. ئەي تۆ كورد نيت؟ وەڵامي دامەوە: با من كوردم، بەڵام دەترسم ئەگەر بزانن كوردم بە لەسەرم بدەن....

- كەشك چييە...؟!

- واتا ئەو كەسەي هەندێ لاواز و بەسزمان قوتابييەكان هەردوو پەنجەي ناوەراست و دۆشاو خۆيان دەچەماندەوە بەرەو ناوەوە بە رەقي ئێسكە دەرپەريوەكاني ئەو دوو پەنجەي لە تەوقي بەسزمانەيان دەدا، بە زۆريش لەو قوتابخانانەي كە رێژەي كورديان زۆر كەم بوو، هەندێ لە قوتابييە توركمانەكان ئەم كردەوەيان بەرامبەريان دەكرد.

-.......!!!

ئەم نموونەيە لە هەڵسوكەوت بەرامبەر بە كورد هەرچەندە بچووكە و بێ بايەخ ديارە، بەڵام لە راستيدا

نمــوونەي وەك ئەمە هەبــوون واتــاو مەبەســتي قووڵيــان بەدواوە بوو. كاريگەريان لە دەرووني كوردەكــان كەڵەكەي بەســتبوو) بووبــووە بنەمــايەك بۆ دارێــژاني رق و كينەيەكي پتەو بەرامبەر بە توركمان بە جۆرێك بە ئاساني لە مرۆڤي كورد نەدەسرايەوە، يان ناچار كردني كوردەكان بە توانەوەيان لە ناو توركماندا.

كــاتێ ئەحمەد مــاڵي مامۆســتاي بە جێهێشــت، بــيري نموونەيەك كردەوە لەو جــۆرەي مامۆســتا باسي لێــوەكرد، لەبەر خۆيەوە بەدەم رێگاوە كاوێژي كردەوە. بە بيريا كە لە قوتابخانەي (الامير عبد إلاه) قوتابي بوو كە دەكەوتە گەرەكي (شاترلو)ەوە، بەرێوەبەري قوتابخــانەكە (محمــود بەگ) بـــوو كە يەكێ بـــوو لە بەگەكـــاني بنەماڵەيەكي توركمان بوون، خاوەني زەوي و زار و دارستانە زەيتوونەكەي رۆژئــاواي گەرەكي (شــاترلو) بــوو، پياوێكي تووره تەبيعەت بــوو، رۆژێكيــان قوتابييەكــان بەريز لە حەوشي قوتابخـــانەكە راگـــيران، ئەو بەرێـــوەبەره تــوورەييەوە هەنــدێ ئاراســتە كــردن و رێنمــايي رەوشت هەڵســوكەوتي بــاش و خــراپي بۆيــان دەستنيشــان دەكــرد. هەمــوو ئەو قســانە لە بــير ئەحمەد چووبــووەوە تەنيا رستەي نەبێ كە تا ئەمرۆ لە بيري ماوە، لە مێشكيدا رەگي داكوتاوە و هەڵكەندنەوەي مەحاڵە، رســتەكەيش ئەوە بــوو: (قوتــابييە كوردەكــان نــازانن لە ئاودەست بــاش دانيشــن، بــوونەتە مــايەي پيس و پــۆخڵي قوتابخــانەكە...) رێــژەي ژمارەي قوتــابييە كوردەكــاني ئەم قوتابخــانەيە چــوار يەكي دەبـــوون، ئەواني تر توركمـــان و مەســـيحي قسەيەي (محمود بەگ) بۆ ماوەيە زۆر بووە مايەي خەم و خەفەت بۆ ئەحمەد، لەو رۆژەوە زيـــــاتر چەوساندنەوەي نەتەوەيي خــۆي كــرد، تا چەند رۆژێك كزي و دڵتەنگييەك لە رەنگ و رووبا دەنگي دايەوە.

ئەو شەوە، پێش ئەوەي لە ناو پێخەفەكەي خەوي لێبكەوێ، ئەو راستييەي دەور كردەوە كە مامۆستا فەخــري بە وێنەيەكي واي دايە دەستييەوە كە لەوە پێش لاي ئەم وەك پرسيارێكي بێ وەڵام بوو. پرسيارەكەيش بەم شێوەيە

(ئايە بۆچي رێژەي قوتابياني كورد بە گوێرەي لايەنەكاني تر كەم بوو؟). مامۆستا فەخري بۆي روون كردەوە كە دەگەرێتەوە چەند هۆيەك:-
يەكەم:- زۆربەي خێزانە كوردەكان كەم دەرامەت بێكار بوون، يان حەمالي و كرێكاريان دەكرد، مەبەستيان نەبوو منالەكانيان بنێرنە قوتابخانە، بەلكو بەرژەوەنديانا بوو كە بيانخەنە جيهاني كار و كاسبييەوە.
دووەم: هەندێ لە كوردەكان بيروباوەري ئاييني ئەوسا زۆر لە مێشكياندا كاريگەر بوو، رێژەيەكيان وايان دەزاني قوتابخانە شوێني فێربووني (عيلمي شەيتاني)ە، ئەوە بەشێكيان منالەكانيان لەم جۆرە خوێندنە بێ بەش دەكرد.
سێيەم: رێژەيەكيش لە قوتابييەكان هەرچەندە كورد بوون، بەلام بە پێي بارودۆخەكە خۆيان بە توركمان دەنووسي هەولْيان دەدا وەكو توركمان خۆيان پيشان بدەن.
ئەم هۆيانە بووە مايەي ئەوەي حكوومەتي بەغدا چاوپۆشي بكا لە پيادە كردني ياساي زمانە ناوچەييەكان، كە دەبوايە بە گوێرەي ئەو ياسايە قوتابخانەي كوردي لەم شارەدا دابمەزرايە.
لە دووەم رۆژدا رووداوەكانی کەرکووك هێشتا لە لووتکەی گەرمیدا بوو، بەڵام کەمێکی کەم لەو رووداوانە بەرچاوی دانیشتووی گەرەکە کوردەکان دەکەوت کە زۆربەیان پەری شارەوە بوون، بەم پێیە ئەو شتانەی کە لە بۆدەقەی مێشکی ئەحمەدا بنیان نابۆوە، زۆربەیان لە گێرانەوەی ئەم و ئەوەوە هاتبوون، یان سەرچاوەکەیان هەندێ رۆژنامەی وەکو (اتحاد الشعب) و (ئازادی) و (خەبات) و (الجدید) بوو کە دیارە ئەمانەیش بە شێوەیەکی وا دەنگوباس و لێکدانەوەکانیان بڵاو دەکردەوە کە لەوانە زانیستیانە و بابەتیانە نەبن، هەڵوێستی سیاسي تایبەت لایانەی کە ئەم رۆژنامانەیان دەردەکرد کاري خۆي هەبوو لە شێوەی گێرانەوەکە و جۆري لێکدانەوەکان.

له ئاستی حکوومەت و حزبەکاندا بەدواداچوونی گەرم و گوڕ هەبوو، هەندێ لەو جموجۆڵانە بارو دۆخەکەی فرەتر دەئاڵۆزاند.
دەستدرێژی کردنە سەر هەندێ لە خێزانە تورکمانەکان کوشتنی چەندین کەسانیان لە ماوەی ئەو سێ لایەنێك بوو لە کاردانەوەی ئەو چالاکی و جموجۆڵانە، بەتایبەتی بەشێك لە پیاوانی بەرێوەبەرایەتی ئینزبات ئاسایش و سوپا پێي هەڵدەستان.
هەرچەندە پەیوەندی هەمیشەیي هەبوو لە سەرکردەکانی هەموو لایەنەکان، بەڵام وا دیاربوو نەبووە مایەی راگرتنی ئەو جۆرە تاوانانە لە یەکەم زاڵبوون بەسەر سۆزی جەماوەري نا بەرپرسیار نەبەستراوە.
بە پێي بۆچوونی هەندێ کەسیش گوایە هەندێ لەلایەنە سیاسییەکانی شار پێشوەخت پیلانیان بۆ قوربانیانی رووداوانە دارشتووە، ئەو کەسانەی دەکوژران ناویان لیستی تایبەتی ئامادەکرا و هەبووە.
رۆژی سێیەمی رووداوەکان، واتا (16)ی / (7)ی / 1959 هێشتا بارودۆخی شاري کەرکووك ئاسایي نەبوو بۆوە. خەڵکانی تورکمان کەمتر لە ماڵەکانیانەوە سەریان دەردەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگوباسي هەرکەسێك زۆر بە خێرایي دەگەیشتە ئەمسەر و ئەوسەري شارەکە، بۆیە لە بەردەم ماڵی ئەو کوژراوانە قەرەباڵغی دەبینرا و شیوەن و خۆکشتن و هاوار هاواري ئافرەتان و بگرە پیاوانیش دەبیسترا. هاتوچۆي نێوان کەرکووك و شارەکانی تر بەردەوام بوو، بۆیە تورکمانەکان بەتایبەتی خاوەن کوژراو بریندارەکان هەندێکیان توانیان بە پەلە خۆیان بگەیێننە بەغدا بۆ گەیاندنی داد و فیغانیان لای (عبدالکریم قاسم) و بەرپرسیارانی تري حکوومەت.
ئەم کارە لە بەغدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دیاربوو بووە هۆي تووڕە بوون و نارەزایي بەرپرسیاران، هەرچەندە لایەن هەبوو دەیویست پاساوی ئەو تاوانانە بداتەوە بەوەی گوایە ئەمانە سەر بە تابووري پێنجەمن و دژ

به پێشــەوان، بەڵام لە راســتیدا پێشــەوا بــێزاري دەربري، لەوانەیشە ئەم کردەوانە دەرفەتێکی باش بــووبێ بۆ ئەوەی بیانکاتە بیانوویەك بۆ لێدانی حزبەکان، بەتــایبەتی حــزبي شــیوعی کە ئەو کــاتە ئــاڵای داواکــاري بەشــداري کــردنی لە حوکمــدا بەرز کردبــۆوە. ئەمەیش وای کردبــوو (عبــدالکریم قاســم) بە نــارەحەتییەوە ســەیري مەبەست نیازەکانی ئەو حــزبە بکــات، هەرچەنــدە خــۆي لە وتارەکانیا زۆرجــار واي ئاشــکرا دەکــرد کە پیــاوێکی دیموکراتــییە دەیەوێ دیموکراتــییەتی رۆژئــاوا لە عێراقــدا پراکتیك بەڵام لە راستیدا بە کردەوەکانی ساڵانی دواییــدا دەرکەوت کە نــایەوێ لە خــۆي زیــاتر هیچ کەسێ بــیرو بۆچــوونێکی تــایبەتی بەرامبەر بە جــۆري حــوکم و بە کەســایەتی هەبێ.

کەسانی وایش هەبــوو لە دەورو پشــتی (کەریم قاســم) لە هەڵوێست و بیرو باوەردا دژ بە حزبي شیوعی بــوو. ئەمــانە کــاریگەري خۆیــان هەبــوو لە هەڵوێســتی (قاســم) و فەرمانــانەی دوای رووداوەکــان کە دژ بە ئەنــدامانی حــزبە دەکــرا، لەو کەســانە (احمد صــالح العبــدي) بــوو حاکمی سەربازی گشتی بوو.

پاش نیوەرۆي ئەو رۆژە ئەحمەد و کەســەکانی خــێزانەکەی لە مــاڵی خۆیــان خەریکی حەســانەوە و نوســتن بــوون، ناکـــاودا بە دەنگی غەڵبە غەڵب و هـــات هاتن. کاتێ ئەم و هەندێ لە براکانی تري سەریان کێشایە دەرەوە بینیان زیاتر لە بیست گەنج و هەرزەکــاری گەرەکی تەپە لە بەردەم ماڵی (کەمــال) راوەســتاون کە بەرامبەر مــاڵي ئەمــان بــوون. ئەو خەڵکە زۆربەیــان دار و تێڵایــان دەستەوە بوو، وا دیار بوو نیازیان ئەوەبوو دەرگای ئەو ماڵە بکەنەوە و ئـــازاري ئەو خـــێزانە بـــدەن، هەرچەندە بە پێي پەتی هاتبووە دەرەوە، خۆي و براکانی لە شـــەقامە قـــیرە گەرمەکە بە خـــێرایي پەرینەوە چوونە بەردەم ئەو کەسانە و خۆیان خستە نێوان دەرگاکە و ئەوان. زۆربەی ئەو کەسانە بە گــوێرەی ئەحمەد و براکــانی ناســراو بـــوون، چـــونکە خەڵکی هەمـــان گەرەك

یەکسەر ئەو خەڵکانە رووی دەمیان لەمـان کـرد، بە بەرزەوە کەوتنە هەرەشە و قسە...
- ئەحمەد..ئەمانە چۆن ماڵێکن...؟ تورکمانن...؟
ئەمــــــانیش لەســـــــەر یەك بەرپەرچی دەدایەوە...پاکانەیان بۆ ماڵي کەمال دەکرد...
- بەخـــــوا براکــــــان ئەم مـــــاڵە زیانیـــــان نەبـووە...هەرچەنـدە تورکمـانن، بەڵام هاوێسـییەکی باشي ئێمەن، خراپەمـان لێیـانەوە نەدیـوە...خـوا هەڵنـاگرێ رازی نابین دەستدرێژی بکەنە سەر...تکاتان لێ دەکەین وازیـــان لێ بێنن...هیچ نەبێ لەبەر خـــاتري ئێمە...خۆ باش دەناسن.
یەکێك کە خــــۆي بە ســــەرکردەی ئەو گـــــرووپە دارەکەی دەستی بڵند کردەوە، هاتە قسە...
- جەماعەت واز لەم دەرگایە بێنن...با بـرۆین بۆ شـوێنێکی تر...
کەوتە رێ و هەر هەموو ئەواني تر کەوتنە دواي...
پــــــاش ئەوەي ئەحمەد و براکـــــــاني دوورکەوتنەوەي مەترسـییەکە، بە هێواشي گەرانەوە مـاڵي خۆیان، لە ناخەوە هەستیان بە شانازي و حەسانەوە کرد کە توانیـان هەڵوێسـتێکي پیـاوانە لەو رۆژە ناسـکەدا بنـوێنن ئەگەر وا نەبــــوایە رووداوێکي وا رووبـــدا کە ئەنجامەکەي چي دەبوو.....!!
رۆژي دواییتر ئەحمەد سەري لە بنکەي گەنجامي گەرەکـدا، هەنـــدێ لە ئەنـــدامەکان و کەســـاني تریشي چاوەرواني ئەوە بوون کە گوایە پێشەوا ئەو ئێوارەیە وتارێك دەدا بە بـــۆنەي ئەوەي ئامـــادە دەبێ کردنەوەي کلێسەیەکي تازە و گەورەي تایبەت بە مەسـیحییە ئەرمەنییەکـان لە بەغـدا. کەسـاني ئەو بنکەیە باسیان لە پێشـبیني خۆیـان دەکـرد کە (عبـدالکریم قاسـم) باسي چي بۆ خەڵکي عـێراق دەکا لەو رۆژەي کە یەکێکە رۆژاني ئاهەنگ گـــێران بە بــــۆنەي ســـــاڵرۆژي شۆرشي (14)ي تەممـــــووزەوە کە خـــۆي سەرپەرشت پیلان دانەر و پێشەواي بوو. زۆرتر وایان پێشبیني دەکرد کە

جگە لە باسي دەسـكەوتەكاني شـۆرش، باسي پيلانەكـاني (كۆنە پەرستان) و بەكرێگيراواني ئيسـتعمار بكـات، لەوانە كۆنە پەرستاني كەركووك. بەڵام ئەوەي بـۆي نەدەچـوون چاوەروانيـان نەدەكـرد (كەريم قاسـم) لە وتارەكەيـدا شێوەيەكي سەرەكي و بە توورەييەوە باسي رووداوەكـاني كەركووكي كرد و نارەزايي ئەوەي دەربـري كە خەڵكـانێكي زۆري بێ گوناە كوژراون و ئـازار دراون. لە نێو قسـەكانيدا ئەم كارانەي بە قەسابخانەكەي (دێر ياسين) پێ چوواند كە جوولەكەكان بۆ فەڵەستينييەكان ئەنجاميان دابوو.
لە هەموو ئەم قسانەي گرنگتر ئەوە بـوو كە ئەم قۆستەوە بۆ ئەوەي بە شێوەيەكي ناراستەوخۆ بە لايەنە سياسييەكاني بەشـداربوو لەو رووداوانە بڵێ (ئـاژاوەچي). كە ئەم وشەيەي بە كارهێنا لە وتارەكەيدا، سەرۆكي بنكەي لاوان دەستي دايە سەر رانياو و گوتي: (بەو خـوايە پێشـەوا لە رێ لايدا...)ـ ئەم بۆچوونە ئەم كەسە لەوەوە هـاتبوو لە مـێژووي تـازەدا زۆربەي دوژمنەكـاني ماركسـييەكان شـيوعييەكانيان دەگـوت: (ئـاژاوەچي). لەم رۆژەوە ئيـتر نەتەوە پەرستەكاني عەرەب و بـزووتنەوە ئيسـلامييەكان زۆربەي توركمانەكـان لە وتـار و چـالاكي و راگەيانـدن رۆژنامەكانا كاتێ هێرشيان دەبـردە سـەر شـيوعييەكان، وشەي (ئاژاوەچييەكان) ئاماژەيـان بۆ دەكـردن بە تـايبەتي كە (كەريم قاسم) لەو رۆژە بە دواوە ديار بـوو پـێي بوو ئەو لايەنانە شيوعييەكان ريسوا بكەن و بە خراپەكار ناويـان بەرن. ئەمەيش پەرينەوە بـوو لە هێڵێكي حوكمي (كريم قاسم) كە گەرانەوەي نەبـوو هەتـاوەكو رۆژەي تياچوو...
وشەي (ئـاژاوەچي) بەرە بەرە بە جـۆرێكي فـراوان بەكـار دەهێنرا بۆ هەمـان مەبەست بە پلەيەكي وا بـووە تـوومەت ئاراستەي كەساني سياسي دەكـرا لە زۆر بنكەي پـۆليس دادگاكاندا.
ئەم پێشـەوايە كە سـەرۆكي دەوڵەت نەبـوو، سەرۆك وەزيران بوو، بەڵام لەبەر ئەوەي ئەم سەركردايەتي ئەو هـێزەي كردبـوو كە بەرەبەيـاني (14

تەممــووزي 1958 جــۆري رژێمي له عێراقــدا گــۆري پاشايەتييەوه بۆ كۆمـاري، هەمـوو دەسـەڵاتێكي خسـته ركێفي خۆيەوه، گەليش لەبەر ئەوەي به رزگاركەر و پێشەوەيان دانا، بۆيه جۆره خۆشەويستييەكي پـاك و رەوان كەوته دڵي زۆربەيان بەتايبەتي جووتيار و كرێكار و و هەژار و ئافرەت و نەتەوەي كورد. ئەم خۆشەويستييەي واي كردبــوو كه به ئاســاني خەڵكــان دەســبەرداري كەســايەتييەكي تەليســماوي رۆشــني وابــوو كه هەڵوێست بەرامبەرى ببێته حەزێكي به چێژ و بچـۆرێته پانتـايي گيـان دەرووني. كــاتێ بەو كــاره هەڵســا، فەرمانــدەي هــێزێكي ســـوپاي عـــێراق بـــوو، پلەكەيشي (زەعيم) بـــوو دوايیەدا ئەم زاراوەيه له سوپاي عێراقـدا كـرا به (عەميـد). ئەو وشـەي (زەعيم)ه بـرا بەسـەر (عبـدالكريم)دا، لەبـري ناوي خـۆي هەر پـێي دەگـوترا (زەعيم)، چـونكه واتـاي زاراوه ســوپاييه واتــايەكي خــوازراوه دەگەيێــنێ، ئەويش واتاي سەركردايەتييه. (كريم قاسم) شاسواري ئەندێشەي هەژاران بـــوون، دەچـــووه خەوني چينه بێ نازەكــانەوه رووخساري لەنێو چوارچێوەي مانگـدا دەبيـنرا، كەسـاني هەبـوو سـەد سـوێندي دەخـوارد كه به چـاوي خـۆي زەعيمي له ناو مانگدا ديوه.

ئەحمەديش يەكێ بوو لەوانەي له سەرەتادا ديلي تەليسمي ئەو زەعيمه بـــــوو، زۆرتر بەوه دڵي هەڵوێستەكەي تەواو و بێ كەم و كورتييه، كه دەيبيني ئەو پياوه رۆژێ له رۆژان به كەش و فشـەوه بەرگێكي مەدەني پووختەي لەبەر نەكرد، كه ئەم شوێن و ئەو شـوێني له شۆفێرەكەي و يەك ئەفسەرێك به پلەي (نەقيب)ي زياتر لەگەڵ نەبـوو، لەبەر ئەم هۆيـانه و هـۆيەكي گـرنگي ئەوه بوو ئەم پياوه يەكەم خاوەن دەسەڵاتي عێراقه داني نا بەوەي كه گەلي كــورد بەشــداره له نيشــتيماني عێراقــدا، كارێكي واي كرد هەرچەنــده لەوه دووا هەڵوێســتي گــۆرا لەگەڵ مافەكــاني كــورددا رووبەروو بــووەوه لەگەڵ سياسي و سەركردايەتييەكاني كورددا پەيوەندييەكاني ئاڵۆز بـــوو، دەرچـــووني له دڵي ئەحمەد و هەزاراني

ئاسان نەبوو. بەو ئومێـدە دەژیا کە ڕۆژێ لە ڕۆژان (زەعیم بەخۆیدا بچێتەوە و سیاسەتي نارێك لەگەڵ کورددا بگۆڕێ و بە واقعـیيەتەوە گـرێ کوێرەکـان و گرفتەکـان بکـاتەوە چارەسـەر بکـا. هەتا ئەو ڕۆژەي پەیوەنـدییەکان گەیشـتە پلەي بەکارهێناني چەك و هەڵگیرساني شۆرشي ئەیلـوولي چەکدار و بەکارهێناني هێزي سـوپا و فـرۆکە و تـۆپ بەروو بوونەوەي ئەو شۆرشە کە بووە مایەي ئەوەي ئەحمەد و ئەوانەي وەك خۆشەویســتي زەعیم بشــۆنەوە و بە نائومێـــدییەوە یەکجــاري دەسـبەرداري ئەو خۆشەویسـتییە ببن هەڵوێستێکي دي بگرنە بەر و پیادەي بکەن.

ئەحمەد لەبەر ئەوەي مـرۆڤێکي بەزات و جەربەزە زۆر کەم حەزي لەوە دەکرد بچێتە ناو بازنەي ئاژاوە و بگرە و بەردە و توند و تــیژییەوە. بــۆیە هەمیشــە رادەوەستا، هەرچەند بەشداري دەکرد لە وتووێژ و ئاڵوگۆر کــردني بــیرو بۆچوونــدا لەگەڵ هاورێکانیــدا و کەمــتریش لەگەڵ خەڵکـاني عەوام و نەخوێنـدەوار دا، لەبەر ئەوەي ئەم دەیتواني بەشێوەیەکي کاریگەر ئەندێشە و هەڵوێسـتي خۆي بۆ ئەو توێژەي کۆمەڵ دەربرێ و پێیان بسـەلمێنێ، لە ناخەوە لەگەڵ ئەو هەڵوێست و شـێوە هەڵس بوو کە ئەوان یان پێي هەڵدەستان یان ئومێدەواري پێ هەڵساني بوون بە تایبەتي بەرامبەر بە رەگەزي تورکمان.

رۆژي (18)ي تەممــــووز رۆژ هەڵاتبــــوو، دەرگــاي نانەواخـانەیەکي گەرەکي خۆیانـدا راوەسـتا بەمەبەستي نان کرین. گەنجێکي تورکمان کە لە هەمان کۆڵاندا دەژیا لەوێ راوەسـتا بـوو، ئەو گەنجە بە تورکمـاني چەند رسـتەیەکي بە دەمـدا هـات لەگەڵ کەسـێکي کابرایەکي کـورد کە لە هەمـان شـوێندا ئامـادە بـوو، دەمي تێکرد: (کاکە بە تورکماني قسە مەکە... مەمنـووعە). کـورە گەنجەکەیش بە بـزەیەکي زامـدار دەنگێکي سکاڵا ئارا زاتي کرد بە یەك رستەیەکي کورت و گاڵتەجـار وەڵامي دایەوە. رسـتەکە لە هەر یەکێ لە ئامـادە بـووان بە جـۆري کـاري خـۆي کـرد، لە مێشـکي ئەحمەددا

چەند جارێك دەنگي دايەوە و خـــۆي دووبـــارە رســتەي (جا كــاكە ئەم زەحمەتەي بۆ چــييە...؟!) بــووە دەرزييەك مێشــكي ئەمي ئــازاردا، كەوتە نەخش پرسيارێكي بە ژان... (ئايە ئێمە ئەگەر دەستمان بروا خەڵكاني تر لە بەركار هێناني زماني خۆيـان پەك دەخەين ياســـاغي دەكەين؟ ئەمە راســـتييەكي تـــاڵە، ئەوەيە هەر هەموومان باوەرمان بەم جۆرە رەفتارە نەبێ.)
لە رێگەي گەرانەوەيـدا بەرەو مـاڵ ويسـتي بەو نموونـانەي كە بيستوويەتي يان خوێندوويەتييەوە لە مێژووي پەيوەنـدي گەلانــدا فەرامۆشي بە خــۆي بــداو مەســەلەكە نەخــتێ ئاسـايي تێبگـا: (ئەمە قسـەي پێش وەرگرتـني دەسـەڵاتە، لەوانەيە ئەم پرنســـيپە لە پـــاش وەرگرتـــني وەرچەرخێ و پاشەگەز ببێتەوە).
پاش نيوەرۆ كابرايەكي ئەندامي بەرگـري ميللي لەگەڵ برايەي ئەحمەد كە ئەويش لە هەمان رێكخراودا بــوو، ماڵيــان لە نێــوان هەڵرشــتني قســە و باســدا كــابرا گێرايەوە: (بە خوا ئەو چايچييەي گەرەكي شاترلو كە جاران ماڵي ئێوە لە بەرامبەريدا بــوون، بە هەزار حــاڵ لە دەسـتي جەماوەر خۆي راپسكاند، خۆي گەيانده مــاڵەكەي خــۆي لە تەك چايخانەكەيەتي... من كەوتمە دواي... لـێي چــوومە ژوورەوە... هەردوو دەستي هەڵــبري بەڵام دادي نەخــوارد، دوو گوللەم نايە سينگييەوە...)
- ئەوە ئەو كابرايە تۆ كوشتت...؟!
- ئەرێ وەڵڵا دەســـتم خـــۆش بێ چـــونكە توركچێتي دەكرد و دوژمني ئێمە بوو...
دايكي ئەحمەد زۆر هەواڵەكەي پێ نـــاخۆش گلەيي لێ كردني:-
- چ رەواي حەقە دەستت بچێتە خوێـني بنيادەمێـك... ئـاخر ئەمە ژن و مناڵي هەيە، سبەينێ بەرامبەر بە خواي خۆت چ وەڵامێكي دەدەيتەوە...؟
- وەڵامەكەي ئاسانە... لێي گەرێ بۆ خۆم...!!
لەبەر ئەوەي ئەو چايچييە بە گوێرەي ماڵي ئەحمەد بوو زۆربەيان داخيان لەو كوشتنەي خوارد...

- دەستم بشكێ بۆ ئەو ژنە كڵۆڵەي....!
باوكي ئەحمەد ئەم رستەيەي خستە سەر: (كاكە قسەيە لێرە كردت... لە شوێني ديكە مەيكە، دونيايە...).
وشەي (توركچێتي) وا ديار بوو بە كوردەكانەوە توومەتي گوناهێكي گەورە بوو. ئەحمەد يەكەم جار بوو باش لێي ورد بووەوە، بەراوردي كرد لەگەڵ وشەي كوردايەتي، زۆري پێ سەير بوو كە لە ناو وشەي كوردايەتي كردن نيشانەي ئازايەتي و دڵسۆزي و خۆبەخت كردنە، بەڵام توركچێتي وشەيەكي رەزاگران ناشايستەيە. (ديارە بيرو باوەرەكانمان هەمووي سەرچاوەي بەرژەنەوەندى تايبەتي خۆمانەوە هەڵقوڵاون، نەك لە سەرچاوەيەكي رووني حەقيقەت ئەمەش هەر ئێمە وانين، بەڵكو بناغەي مێژووي مرۆڤ....).
كابراي چەكدار زۆر حەزي پێ نەبوو لەسەر باسي ئەم كوشتنەي زۆر بلێن و درێژەي بدەنێ، زوو زوو باسەكەي دەگۆري، دەيويست بچنە سەر باسێكي تر بەتايبەتي باوكي ئەحمەد بە وردەكارييەوە وەك پێچانەوە چەندين پرسياري ئاراستە دەكرد. وا دەركەوت بۆ ئەحمەد يان ئەم كابرايەك فشەبازە و ئەو چايچي كوژرانە لە هەموو شوێنێكدا دەنگي دايەوە، بە دەستي ئەم نەكوژرا بێ، يانەخۆ ئەم ئەندامەي بەرگري ميلليە ترسێكى هەبێ لە رۆژێ لە رۆژان لەسەر ئەم كردەوەيە سزا بدرێ. بۆيە لە گێرانەوەي قسەكەي خۆي هەست بەوە دەكرا پەشيمان بووبێتەوە و خوا خواي بوو قسەكە بگاتە دۆخي ئەوەي بلێ (گاڵتەم كرد...!)
ئەحمەد هەرچەندە هەستي كوردايەتييەكەي مكومي مێشكدا بوو، بەڵام جار جارە بيري لەوە دەركردەوە مامەڵە كردني نا كوردەكاندا هەندێ لەسەر خۆبێ، كوێرانە لێ نەخورێ. لەگەڵ ئەمەشدا جاروبار لە هێڵ دەردەچوو، كردەوەي نابەجێشي لێوە دەردەكەوت، لەوانەيە رۆژێكدا لێي پەشيمان بووبێتەوە. ئەم قسەيە دەبەستێتەوە

به رووداوێك كه له هه‌مان شار روویدا، كه ئه‌ویش له نێوان هه‌مان ئه‌و دوو گه‌له‌دا بوو، به‌ڵام چه‌ند كـاتژمێرێكى و كـوژایه‌وه‌، زیـانى گیـانى تێـدا رووي نه‌دا. ئه‌حمه‌د به‌شـدار بـوو، ئه‌گه‌ر له نـووكه‌وه باسي بكه‌ین ده‌ڵـێین مانگى تشرینيي یه‌كه‌مى (1958)دا مه‌لا مسته‌فاى بـارزان كه تـازه له رووسـیا گه‌رابـووه‌وه‌، سـه‌ردانێكى كه‌ركـووكى كـرد. له‌و سـه‌ردانییه‌دا میـوانى لایه‌نه ره‌سـمییه‌كانى شـاره‌بوو، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشـدا حزبه‌كـان به‌تـایبه‌تى پـارتى دیمـوكرات له خزمه‌تا بـوون و جه‌ماوه‌ریـان ئامـاده‌كرد ئه‌وه‌ى به‌رێزه‌وه بچنه یـانه‌ى ئه‌فسـه‌رانه‌وه تا به‌خێرهـاتنى بارزانى بكه‌ن. ئه‌حمه‌د به‌و پێیه‌ى ئه‌وسا پاڵێوراوێك ریزى رێكخراوه‌كانى پارتى و به وشاري هه‌ستى نه‌ته‌وایه‌تى به گه‌رمییه‌وه به‌شداري له‌و چالاكیانه ده‌كرد كه به‌و بـۆنه‌یه‌وه كورده‌كـانى كه‌ركـووك پـێي هه‌ڵده‌سـاند دڵخۆشي خۆیـان پێ ده‌رده‌بـري. سـه‌ردانه‌كه دوو شـه‌وو سێ رۆژى خایانـد، ئه‌و دوو شـه‌وه شـه‌قامى ئه‌وقـاف به‌رده‌م یـانه‌ى ئه‌فسـه‌ران هه‌تا دره‌نگانێك خه‌ڵكان تێدا ئاماده بوون و له جووله‌دا بوون و به‌تایبه‌تى لاوان به هـاواري گـۆرانى و سـروود و دووبـاره كـردنه‌وه‌ى دروشـمه سیاسـییه‌كان ئه‌و شـوێنه‌یان ده‌هه‌ژانـد. یه‌كێ دروشـمه‌كان ده‌یگـوت (شـعارنا الاتحـاد...بین العـرب والاكـراد)، له‌وانه‌یه ئه‌م دروشـمه زۆر په‌یوه‌نـدى بـۆنه‌یه‌وه نه‌بـوو بێ، به‌ڵام وا دیـار بـوو ته‌نیا به مه‌به‌سـتى ئه‌وه بوو كه ئه‌وه ده‌ربرن توركمان بوونێكى لاوازیـان و بایه‌خیان پێ نادرێ، ئه‌مه‌یش خۆي له خۆیدا جۆره ره‌گه‌ز په‌رستییه‌كى پر كینه‌ى ده‌رده‌بري.

سـێیه‌مین رۆژ كـاتێ مه‌لا مسـته‌فا و فرۆكه‌خانه‌ى كه‌یوان به‌رێ خران، چه‌ندین سه‌ركرده‌ى پـارتى و چه‌نـدین پیـاوانى ئاسایشي حكـوومه‌ت جه‌ماوه‌رێكى زۆر له‌و به‌رێخستنه‌دا به‌شدار بوون. چه‌نـدین ئۆتۆمـبیلى جۆراوجـۆر كه‌وتنه دواى ئه‌و ئۆتۆمـبیله‌ى بـارزانى تێـدابوو، ئه‌حمه‌د به بـیري دێ كـاتێ فرۆكه‌خانه‌كه‌، له به‌رده‌م هۆڵي میوانانداا مه‌لا مسته‌فا له

نێو هاوار و چەپڵەرێزان و شیعر خوێندنەوەی وتارێکی کورتی ئاراستەی جەماوەرەکە کرد، پاشان لەگەڵ چەند کەسێکا بۆ لای ئەو فرۆکەیە چوون کە لە خەڵکەکەوە دیاربوون بۆ بەرێکەوتن بەرەو بەغدا.
لە نێوان ئەو کەسانەی لەوێ ئامادە بوون (هیدایەت ئەرسەلان) بوو کە پیاوێکی تورکمان بوو و فەرماندەی هێزی (ئینزباتی کەرکووك) بوو. ئەم پیاوە لەو ساتەدا بەلادا هات و کەوتە زەویەکە، چەند ئینزباتێك بەپەلە خستیانە ئۆتۆمبیلێك و بەرەو نەخۆشخانە رفاندیان، لەوە دووا ئەو پیاوە بە راوەستانی لەناکاوی دڵي گیانی لە دەست دابێ. کاتێ ریزە ئۆتۆمبیلەکان گەرانەوە بەرەو ناو دوورەوە دروشمەکان و سەرنشینەکاني هەست پێدەکرا، بەڵام ئەوەی چاوەروان نەدەکرا ئەوەبوو کە لە ناوەراستی شارەکەدا پشێوی و بگرە و بەردەیەکی سەیر کە لە هەندێ خەڵکی کورد و هەندێ تورکمان لەو ساتەدا دەدا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتبوو کە خەڵکی کەرکووك وایان پێ گەیبوو کە گوایە (هیدایەت کوردەکان کوشتوویانە. کاردانەوەی ئەم هەواڵە نا راستە کاري لە سۆزی نەتەوایەتی ئەوان کرد بەو پێیەی ئەم کەسایەتییەکی ناوداري ئەوان بوو، بۆیە یەکسەر هەندێ گەنجەکانیان هێرشیان کردبووە سەر بنکەی یەکێتی لاوانی کوردستان کە لە هەمان کاتدا یەکێتی قوتابیانیش سەرکردە پارتییەکانیش سەریان لێ دەدا. ئەوسا لەبەر ئەوەی سەرەتای دامەزراندنی رێکخراوەکان بوو، هەموویان یەك دوکانێکیان لە نێو بازار بۆ ئەو مەبەستە بەکرێ گرتبوو.
ئەو گەنجانەی چووبوونە ناو دوکانەکەوە هەموو شتەکانی نێویان بەسەر یەکدا دابوو، چی وێنە و دروشمیش هەبوو خستبوویانە سەر شەقامەکە و دراندبوویانن. دیارە لە کاتی ئەو هێرشەدا ئەو دوکانە کەم کەسي تێدابوو لەبەر زۆربەی لاوەکان لە بەشداریي کردنی بەرێخستنی مەلا مستەفا بوون. کاتێ گە گەیشتنەوە ئەو شوێنە و بینییان وێنەکانی (عبدالکریم قاسم) و (مەلا مستەفا) و (جمال

عبدالناصر) لەسەر شەقامەکەدا پێشێل کراون، کوردەکان ئارامیان لێ برا و شێت گیر بوون و کەوتنە ناو بازار چی دروشم و ناونیشانی کۆگاکان بوو کە بە تورکمانی نووسرابوو هەر هەموویان دران و شکاند و خستیانە زەوی، کەسێکیش لەو خاوەن دوکانانە و کەسانی نێو بازارەکە زاتی ئەوەیان نەکرد بەرپەرچیان بدەنەوە، گژیاندا بچن. ئەو لاوە کوردانە پاش ئەوەی هەستیان بەوە کرد کە کفتی دڵیان دامرکاند و تۆڵەی خۆیان سەندەوە، بارودۆخەکە هێور بووەوە، شەقام و بازارەکەیش یەکسەر نیوە چۆڵ بوو بووە دەرفەتێك بۆ ئەو کەسانەی لە دەگەران کە شتێکیان بەردەست بکەوێ، دەستیان شکاندنی هەندێ کۆگا و دوکان و کتێبخانە و تاڵان کردنیان.
بەڵام هێزی سەربازی داگیرایە بازار قەدەغەکردن بە میکرۆفۆن جار درا، بۆیە شارەکە هەر ئەو شەوە کپ بووەوە، رۆژی دوایي رووداوی تري تێدا نەبینرا.

* * * * *

ئەم هەموو وردە هەواڵ و باسانە ئاخێنرا بوونە نێو هەگبەی یادگارەکانی ئەحمەدی لوڕەوە. هەر باسە و هەر هەواڵە لە کات و ساتێکی تایبەتیدا سەریان قیت دەبووەوە و دەخرانە روو و پێویستییەکانی جێگیر دەکرد. هەزاران جار ئەم و خواسانە لە هەزاران مێشکی خەڵکی ئەم شارە بە یاد هاتنەوە لە هەموو کۆر و کۆبوونەوەی تایبەتی گشتیدا خراونەتەوە سەر مێز و سەر بەرە.
هەر هەموویش وێنە گرتن و گێرانەوەی ئەو رووداوانەی کە سێ چوار رۆژی خایاند، بوونە مایەی ئەوەی کە بارودۆخە سیاسيء کۆمەڵایەتییەکە بەرەو دووا بشکێتەوە و جۆرێکی نائاسایي و ناهەمواري لە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی کورد و تورکمانا دروست کرد، کە لەوەپێش زۆر ئاسایي بوو.
لە سەرەتادا و بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر خوێندنەوەی ئەحمەد جۆرێك بوو، بەڵام کاتێ ریش ماش و برنج و بۆچوونەکان وەکو میوەی گەییو هاتنە بەرهەم و لێکدانەوەی تازە و هەڵسەنگاندنی بە دەستێکی شارەزا و کارامە، جۆري ئەم لێکدانەوانە بەرە بەرە

ئەگەر و هۆیەکانی ڕووداوەکان سەر لە نوێ بە جۆرێکی زنجیرە کران و بە شێوەیەکی تر شرۆڤە کران.
ئەم گۆرانکاریانەی بەسەر هەڵوێست و لێکدانەوەکانی ئەحمەدی لوڕ دا هات، زۆرجار دەبوونە مایەی سەرێشە بۆي و دەم تاڵ بوونی لە کاتی مشت و مرەکانیدا ئەو کەسانەی باوەریان بە هزرەکان ئەم نەبوو. هەر لەسەر دەمارگیري و سۆزە نەتەوەییە سادەکە لێیان دەخوري ڕێچکەی قۆناغی هەرزەکاریان بەر نەدەدا.
ئەو کاتەی بیرۆکەی بەستنی کۆنگریەك لەم بارەبەوە مێشکا هات، ئەحمەدی لوڕ بە تەمەن گەرابووەوە. لەبەر ئەوەیش کە نەیدەویست بکەوێتە چەن مرۆڤی کەم ئەزمووندا، وای بە باش زانی کە کەسانی ئامادە بووی ئەو کۆنگرە پێشنیار کراوە، تەنیا ئەو کەسانە بن کە یان خاو تەمەنی خۆي بن، یان هاوتەمەنی خۆي لەم بە تەمەنتر بن. نەیشیویست کەسانێك بانگهێشت کە ڕەوشت و سرووشتیان نەزانێ، بەڵکە ئەوەی زانی کە هەر هەموو ناسیاوی کۆنی خۆي بن، چ بە هاوسێیەتی و هاوڕێیەتی و گەرەك و قوتابخانە، چ کردنی هاوبەش بوو بن لە ڕێکخراوە سیاسي و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی لاوی و لەوە دواتر. هەروەها هەندێکیان لەو کەسانە بن کە لە بەندیخانە هاوژینی بوونە و بوونەتە ناساوێکی تەواوی.
لە دووا ساتی دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەکە، وا پێشنیار کە جارێکی کە لەوە دووا هەر لە ماڵەکەی ئەحمەدی کۆبینەوە، بۆ ئەوەی تیادا بریاري کۆتایي بدەن لەسەر هەڵوێستەی مامناوەندی بێ لە نێوان بیرو جیاجیاکان دا، هەروەها بۆ ئەوەی لە چەند ڕۆژێکدا هەر یەکە و باشتر بیر لە مەبەستی کۆنگرەکە بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی شتێکی مێژوویي بێ، نەبێتە مایەی ڕەخنە توانجی زۆربەی خەڵکان. هەروەها بریار درا ناوی کەسێکی تر بخرێتە سەر لیستی ئامادەبووان بۆ ئەوەی ببێتە کارێکی بە پێزتر.

چوار رۆژ بەسەر دانیشتنی یەکەمدا رەت بوو، لەو ماوەیەدا هەر یەکە و چ لەگەڵ خۆیا، چ لەگەڵ کەسانی تردا پـرۆژەی کـۆنگرەکەی تـاوتوێ کـرد و باشـتر لـێي ورد بـووەوە، کەسـە و بە پـێي دەسـکەوت هەوڵي ئەوەیشي سـەرچاوەیەکی دەسـکەوێ کە بـاس لە رووداوەکـانی (1959) ی شـاري کەرکـووك بکەن، بە مەبەسـتی راست کردنەوە بە چەند بەڵگەنامە و بڵاوکراوە.
ئەحمەدی لوڕ لەو ماوەیەدا رێچکەکانی راستییەکانی لەبەر چاوی روونتر دەبـوونەوە. پێشـنیار و هەڵوێسـتەکانی خـۆي زیاتر بە یەکـتري پەیوەست دەبـوون (پاشـەگەز بـوونەوەم مەحاڵە...نەکـراوە و نـاکرێ، ئەگەر لە دانیشـتنی دووەمـدا تەنپـایش بمێنمەوە، کـۆڵ نـادەم. دەبێ لە مـێژووی کـوردا هەڵوێســتێکی مرۆڤــانەی لە خۆ بــردوو بکەمە پەیکەرێك هەتا هەتا وەك – پەیکەري سەربەسـتی – ئەمریکا بـبێتە ئـاڵایەکی شـەکاوە، نەوەکـانی دوواییمـان شــانازی پێــوە بکەن، بڵێن ئا ئەوەتا کەســانێکی ویــژدان لە ناومانــدا هەبــوون بە راست بڵێن راســت، چەوتیش بڵێن چەوت. با ئەو خۆیشیاندا نەبوو بێ. دەبێ دەرگای مێژوو یەك واڵا بکەمەوە، رێگە خۆشــکەم بۆ هەمــوو نەوەکــان مۆزەخانەکەیەوە. کردەوەی جـوان و کـردەوەی ناشـیرینی باوباپیرانیان هەر هەموو ببینن...ببێتە نموونەیەکی دەگمەن لە مێژووی پەیوەندی نێوان گەلانی جیاواز لە یەکدا، چ دوور بن چ نێزیك...).
زەنگی چــوونە ژوورەوە بۆ هــۆڵي وتــووێژ لێیــدا. هەر سەرەتاوە گفتوگۆ گەرم بوو، دیاربوو هەر کەسە و کۆمەڵێ بیرۆکە و رسـتەی خسـتبووە نـاو دەروونـییەوە و دەیویست پێش ئەوانی تر کەوێ لە هەڵرژانـــــدنیا کۆنگرەکە.
نەوزاد ناوێك کە یەکەمجار بوو لەم شوێنەدا بەشداري بە دەنگێکی زلەوە خۆي بەسەر دانیشتنەکەدا سەپاند:-
- ئـافەرم کـاکەی لـوڕ بۆ خـۆت و بۆ پـرۆژەت...لە رابردووتاندا چیتان باس کرد، هەموو گەیشت پێم. من لە

زووەکەوە هەمان پرۆژە و پێشنیارم لەلا گەڵاڵە بووە، بەڵام کەلێنێکم دەست نەکەوتووە لێوەی ئاشکرای بکەم، زاتیشم نەکردووە ببمە پێشرەوی بە دیهێنانی کارێکي وا. دەڵێم من بە درێژايي بابەتەکە لەگەڵتانم، چونکە دەستپێخەرییەك کە کەم لای گەلانی تردا رووی دابێ...

- ئەوی راستی بێ ئێمە رێگە لە کەس ناگرین ئەگەر سەد لەگەڵماندا نەبێ...خۆ ئەگەر بریارەکانی کۆتایي دانیشتنە بە نیوە چڵیش پەنجەمۆر بکرێ..هەر بەڵگەنامە و لاپەرەیەك لە مێژوودا دەبینێتەوە خۆي جێگیرکا..ـ

بەرە بەرە رستەکانی وتووێژەکە کوتتر و گەرم تر دەبوون:-

هەرچەندە من ئەنجامی ئەم دانیشتنە مۆر دەکەم، بەڵام لە خۆم دەپرسم دەبێ سوودی ئەم ئەنجامەی بەڵگەنامە ناوی دەبەن چییە؟!

سەدرەی چیرۆکنووس بە دەنگە نەرمەکەیەوە وەڵامێکی بۆ ئەم پرسیارە خستە بەر گوێ: (با لە خۆمان بپرسین، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان کۆمەڵێ روونکردنەوەیەکیان نووسي و بە هەموو جیهاندا بەڵاویان کردوە، لە ناویدا دانیان بەوەدا نا کە هەڵمەتەکانی ئەنفال تاوانێکی گەورە و کەم هاوتایە، ئەوانەی پێي هەڵساون تاوانبارن، نەتەوەی عەرەب دەبێ لە لاپەرەیەکی خۆیاندا تۆماري بکەن. ئەو عەرەبانەی خۆیان کردووە هەڵوێستی یاسایي و مرۆڤیان دژ بە ئەنفال دەرنەبري، ئەوانە ئەهریمەنی لاڵن و دەبێ نەفرەتیان بکرێ، لە لیستی مرۆڤایەتی و خاوەن ویژدانی دەکرێنە دەرەوە..ـ ئەگەر شتێکی وا روو بدا لێتان دەپرسم مایەی دڵخۆشي نابێ بۆ ئێمەی کورد؟! ئەی هەندێ لە داخ و رق و توورەییمان خاو ناکاتەوە بەرامبەر بە عەرەب؟!. وابزانم قسەکانم روونە و وەڵامێکی باشە بۆ پرسیارەکەی هاورێیەمان).

- بەڵێ، تا رادەیەك ئەم پرسیارێك دەخەمە سەر قسەکانی..ئایا مرۆڤێکی عەرەبي وەکو(کنعان مکیە) لەبەر هەڵوێستەکانی و ئاشکرا کردنی

تاوانەكانی رژێمی عێراق، نەمري بۆ خۆي نەنووسي؟! ئەی
ئەگەر لە شارەكانی كوردستاندا پەیكەري بە زێر بۆ بكرێ
جێي خۆي نییە؟!.
ماوەیەك ئامادەبووان بێدەنگ بوون، وەك بڵێي ئەم
كاري تێ كردن..بە جۆرێك هەندێكیان لە بیرو راكانیان
نەرمتر بوون روویان كردە ئەوەی دەبێ ئێمەیش بە
گەلي كوردەوە دان بنێین بەو تاوانانەی ساڵی (1959) لە
كەركووك دژ بە توركمان كرا، لەگەڵ جیاوازی ئەو تاوانانە
لەگەڵ تاوانەكانی ئەنفال یان قركردنەكەی ئەرمەن و كورد
لە سەردەمی عوسمانیدا لە بارەی بارستایي و ژمارەی
قوبارنیان و شێوەی ئەنجامدانی تاوانەكان....
ئەو خاڵەی لەم دانیشتنەدا گرنگ بوو، وردكردنەوەی
پاساوەكان و بیانووەكان لەگەڵ بەرپەرچ دانەوەیان. ئەگەر
پاساوەكان بەپێي ئەو قسانەی باون لە ناو
كوردەواریدا، ئەمانە بوون:-
- ئایە توركمانەكان دەسپێشخەر نەبوون لە رووداوەكان؟
- بەڵێ ئەمە وەكو چەندینمان گێراوێتییەوە و بینیویەتی
راستە، بەڵام ئەمە دەبێتە بیانوو بۆ ئەوەی بە سەدان
بە كۆڵان و شەقامەكاندا بگەرێن، زەلامی توركمان لە
ماڵەكانیان دەركەن و بە بەرچاوی كەسوكاریانە
بیانكوژن، یان بیانبەستنەوە ئۆتۆمبیلەوە، هەتا
رایانكێشن؟!
كەس زاتی ئەوەی نەكرد بڵێ ئەم كارانە شایستەی
بیانووەیە...
- ئەی باشە توركمانەكان دژی رژێمی
كۆماري نەبوون؟!
قوبادی یاسانس هەڵیدایێ...
- بەڵێ وابوو..ئەگەر بەرپەرچی ئەو هەڵوێستەیان
شێوەیە بدرێتەوە ئەی سەربەستی بیرورا و دیمەكراتییەت
لە كوێ ما.؟!
- ئەی باشە توركمانەكان هەمیشە رقیان لە كورد نەبوو؟!
ئەحمەدی لوڕ وەڵامی دایەوە: (ئەی كورد هەمیشە رقي لە
توركمان نەبوو؟!).

سەلامی شاعیر بابەتەکەی گۆري بەم شێوەیە: (با باس هەڵوێستی حزبەکان بکەین لەو رۆژەدا..من هەردوو حزبەکە (پارتی و شیوعی) حەزیان بە تورکمان نەدەکرد، یەکەمیان لەبەر هەندێ هەستی نەتەوایەتی، دووەمیان لەبەر ئەوەی تورکمان لەگەڵ تورکیادا حەزیان بە سیاسەتی رووس و بەرەی سۆشیالست هەمیشە لەگەڵ سیاسەتی رۆژئاوادا تەبا بوون. هەر یەکە و بە شێوەیەك مەسەلەکەی قۆزتەوە بۆ مەبەستی خۆي، دوواییش پاش رووداوەکان هەریەکە و ویستی ئەم و ئەم رووداوانە بخاتە ملی ئەوی تر...).

مامۆستا عەباس باسي لە رۆڵي حکوومەتی بەغدا و کەریم قاسم کرد: -

(کەریم قاسم ئەم رووداوانەی پێ خۆش بوو، لەبەر ئەوەی رێگەی ئەوەی دائي بە ئاشکرا تیر و توانج لە سیاسەتی شیوعییەکان بگرێ، لەبەر ئەوەی ترسي ئەوەی هەبوو هاوبەشی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا کە ئەوسا حزبي شیوعی کردبووی بە دروشمێك لە شەقامەکانی جەماوەرەکەی بڵندیان دەکردەوە. هەرچی حکوومەتی کەرکووك بوو بەتایبەتی سوپا، کەسانی بەعسي و رژێمەکەیان تێدابوو، تا چوار رۆژ زۆر لە مەسەلەکان تێوەرنەدا وەك بڵێي حەزیان بە ئاڵۆزییەکە هەبوو.

ئەحمەدی لوڕ گوتی: (کەمالي هاورێم بۆي گێرامەوە عەقیدێکی کوردی سوپای کەرکووك هاتوچۆي ئوتێلەکەمانی دەکرد، پاش چوار رۆژ لە دەسپێکردنی رووداوەکان گوتی، ئەمرۆ لە بەغداوە فەرمانمان بۆ رووداوەکان راگرین و دەست بەسەر شارەکەدا بگرین...ئەمەیش وەك دیارە ئەو فەرمانە زۆر دەرکراوە...!!).

بەرە بەرە ئەو جیاوازیانەی لە نێو بیرو سەرەتادا هەبوون، لە یەك نێزیك بوونەوە، ئەندامەکانی دانیشتنەکە باشتر لە یەك گەیشتن، هەرچەندە کەمێکیان هەڵوێستەکانیان داشکاند تا لە یەکتري فرەتر بچنە پێش ئومێدی ئەوەی لە کۆتاییدا بە یەك دەنگ لاپەرەیەکی

له بیروبـــاوەر و هەڵوێست بخەنە کەلێـــنی مێژوويي کوردەوە.
ئەحمەدی لوڕ بـاش دەیـزانی دەنگـدانەوە و رەنگـدانەوەی ئەو بەڵگەنـامەیەی کە لەوانەیە ئەمـرۆ پەنجەمـۆر بکـرێ، لەلای هەر چین و توێژێك بە جــۆرێ بێ. هەنــدێ پێوە بکەن، هەندێکیش نەفرەت لە خـاوەن پەنجەمۆرەکـان بکەن....
دانیشتنەکە زۆري خایاند، وا پێ دەچوو هەر هەموو حەزیـان بەوە بێ کۆتـــايي پێ بێنن. بـــۆیە مامۆســـتا لاپەرەیەکی سپي خستە سەر مێزە خرەکە و بانگی کـرد(بە ناوی خوا با دەسپێکەین، خاڵەکانی رێککەوتنمان بنووسـین، ئەو خاڵانەیش کە لەسەري تەبا نین، بخرێنە لاوە).
ئەحمەدی لــوڕ وەکو مامۆســتایەك لەو ســەري راوەستابێ قوتابییەکانی یەك لە دوای یەك پەنجە هەڵبرن، چەند رستەیەك بڵێن.
بەم پێیە ئەو هەمـوو گفتوگۆ و مشـتومرەی کە لەمەوەپێش لە نێوانیاندا روویـدا، پـاش تەتەڵەکـردن و تـاوتوێ کـردن پاکســازی، بەریــزە یەك لە دوای یەك دەسـیان بڵند هەریەکە و خـــاڵێکی پێشـــنیار کـــرد. مامۆســـتا خاڵەکانی دەخستە چوارچێوەی رستەی رێکوپێك و چروپڕ دایدەرشتنە سـەر لاپەرەکە، ئەمجا پـاش هەنـدێ بێـدەنگ حەسـانەوە، قوبـادی یاسـاناس پێشـەکییەکی بۆ خاڵەکـان نووسي و خوێنـــدیەوە، هەر هەمـــوو بە پێشەکییەکە بریتی بوو لە دان پیانان بەوەی کە لە رۆژانی ( 14) و (15) و (16) ی تەممـــووزی ســـاڵی کەرکووکدا رووداوێکی ناخۆش و نابەجێ لە نێـوان کـورد تورکمانـــدا روویـــدا، (39) تورکمـــان تێـــدا کـــوژران شێوەیەکی درندانە و ناشیرین، هەموو پاساو بیـانوویەکیش لەلایەن ئەم کـۆنگرەوە بۆ ئەنجامـدانی ئەو تاوانــانە دەکـــرێتەوە، چـــونکە لاوازن. داوای ئەوەیش بنەماڵە و خێزانەکانی ئەو قوربانیانە داواکاري لێبوردنی ئەو کـردارە نارەوایـانە قەبـووڵ بکەن، بۆ ئەوەی ئەم بریـارەی ئەمرۆ لەم کۆنگرەوە دەردەچێ، نموونەیەك بێ بۆ

گەلان کە گیانی رەگەز پەرستی پاساوی تاوان نەکا نەتەوە وە گەلانی تر. ببێتە مایەی ئەوەی هەموو گرێکوێرانەی نەوەکانی پێشوو لە نێوان ئەم دوو دروستیان کرد بکرێنەوە، هاو ژیانی لەمەو دووامان جۆرێکی مۆدرن و دیموکراتی و رێزگرتن بێ لە زمان کلتوور و مافي یەکتري...
تێبینی : لە (14) کەس (11) کەس پەنجەمۆر کرد. کەرکووك 16/10/2006
لەسەر ئەوەیش رێککەوتن کە سبەینێ ئەحمەدی لوڕ بەڵگەنامەیە کۆپي بکا بە چەند ژمارەیەك و بەنێو دەزگا کۆمەڵە سیاسي و رۆشنبیري و جەماوەرییەکاندا بکاتەوە.
هەر لەو کاتەی ئەندامەکان خوا حافیزیان کرد، مێشکی ئەحمەدی لوڕ کەوتە غایەلەو دەروونی کەوتە کڵکڵە. سات بە دوای سات خەمێك و ترسێك لە ناخیدا نمای کرد. شەوێ کاتێ چووە نێو پێخەفەکەی وا هەستی کرد کە ئەندامانی کۆنگرەکە لە نێو سەنگەري رووبوونەوەدا بە تەنیا جێیانهێشت، وەکو سەرکردەیەکی بێ سوپا نیگەرانی لەگەڵیا چووە نێو پێخەفەکەیەوە. ئەوەی لەو حاڵەتە رزگاري بێ، پەنای بردە بەر نووقاندن و بە زۆر خەو لە خۆخستن...هەر ئەوەندەی لە دیواري راستییەکان چووە ئەو دییەوە، هەڵمەتێکی چاوەروان نەکراو بووەوە. لە کاسەی سەریدا سەدان هاوار و هەرشە دەنگی دەدایەوە: (ئەم قسانە و دەلەسەن...دژ بە کوردن...خیانەتن...هیچ کاتێ کورد مێژوودا ستەمکار نەبووە....).
چەند جارێ وێنەی خاوەن ئەو دەنگ و بەرچاوی، دەعبای ددان درێژ و نینۆك درێژ و چاو زەق و رەزا گران دەستیان دەخستە بەربینی، هەناسەی پێ دەدرا، دەوري ماڵەکەیان دا، بە هەموو جۆرە داردەست و شەنە و بێڵ و مستەکۆڵە لە دەرگایان (بیان کوژن...دوژمنمان پێ خۆش دەکەن...راستییەکانی مێژوومان گێر و چەوت دەکەنەوە...نەفرەتیان لێکەن،

ببنە پەند بۆ ئەوەی کەسێکە کە نەکا...پەتیانکەن...بە شەقامەکاندا رایانکێشن...).

هەستی کرد لەسەر دیوارێکەوە بەمدیوا کەوتە خوارەوە، راچەنی سەیرێکی ژوورەکەی کرد، هەناسەیەکی هەڵکێشا، پاش ماوەیە بیرکردنەوە هەڵسا بەڵگەنامەکەی نووشت کرد و خستییە کەلێنی کتێبێکی کتێبخانەکەی، ئەو کتێبە بوو بە گۆڕي بەڵگەنامەکە و جارێکی کە رووناکی بەخۆوە نەدیت...!! لەوە هەرچەندە تووشي یەکێ لە ئەندامەکان دەبوو، نە ئەم دەنگ و نە ئەو دەنگ، دیار بوو هەر هەموو ئەو خەونەیان دیبوو...!!

سوپاس:-

سوپاس و پێزانینم بۆ هەردوو یاساناس (صباح قاسم) و (چرا جلیل) کە یارمەتیان دام لە نووسینەوە و کۆپي و ئامادە کردنی ئەم بەرهەمە بۆ چاپ...